# تان و پۆی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی

**پڕۆژەیەک بۆ گێڕانەوەی (ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی)**
**پڕۆژەیەک بۆ (ئاشناکردنەوەی خەڵک بە ژییان) و (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ**
**بەبێ کلێشەی ئایدیۆلۆجیی و سیستەمی ڕامیاریی)**




**نووسین و ئامادەکردنی**
**ئاکۆ مارانی**

**ئامادەکردنی سێیەم، فێبریوەری ٢٠٢٠**

# تان و پۆی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی

نووسین و ئامادەکردنی
**ئاکۆ مارانی**

ئامادەکردنی سێیەم، فێبریوەری ٢٠٢٠

# نێوەڕۆک


- ڕۆشنکردنەوەیەکی پێویست لە بارەی ئەم ئامادەکارییەی بەردەست ل٣
- بەرایی ل٥
- سیستەمە پێشینەییەکانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵە مرۆییەکان ل٩
- سەرهەڵدانی هەر سیستەمێکی کۆمەڵ پابەندی چەند بنەمایەکە ل٢٥
- گۆڕینی هەر سیستەمێکی کۆمەڵ پابەندی چەند پێویستییێکە ل٢٥
- لەبەر چی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و بۆ چی ؟ ل٢٦
- ڕامان و هەڵسەنگاندن پێش پێشداوەرییکردن و ڕەتکردنەوە و سزاوارکردن ل٢٨
- سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) چییە ؟ ل٣٧
- کۆبوونەوەی گشتیی چۆن ئەنجامدەدرێت و ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوە چەند دەبێت ؟ ل٤٤
- مووچە و خەرج و پاداشت بۆ ڕاسپێرداوان چەند دەبێت، کێ ئەو مووچە و خەرجە مسۆگەردەکات و لە چ سەرچاوەیەکەوە دێت ؟ ل٤٧
- سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چۆن پێکدێت ؟ ل٥١
- پایە گشتییەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چین و پایە ئابوورییەکانی کامانەن ؟ ل٥٤
- ڕێکخستنی ئاسۆیی چییە و چۆن پێکدێت ؟ ل٥٦
- ئەگەر کەسێک ئامادەی بەشداریکردنی هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان نەبێت، ئایا هەمان مافی کۆمەڵایەتیی بەشداریکەرانی هەرەوەزییەکانیان دەبێت ؟ ل٥٨
- چ میکانیزم و فیلتەرێک هەیە، کە سەروەریی دەستەبژێرێک، چینێک، پارتییەک، یان سەروەریی دەستەیەکی سەربازیی سەرهەڵنەداتەوە ؟ ل٦١
- بەبێ هەبوونی پاشا و سەرۆک یان پارتییەک بۆ ڕێبەرییکردن، چۆن خۆبەڕێوەبەریی شوێن و ناوچە و هەرێمەکان یەکدەگرنەوە ؟ ل٦٥
- بەبێ هەبوونی دەسەڵاتی سەرتاسەریی، یان فەرمانداریی نێوەندیی، چۆن خۆبەڕێوەبەریی شوێن و ناوچە و هەرێمەکان چۆن دروستدەبێت ؟ ل٧٠
- ئەگەر گوندێک، شارێک، ناوچەیەک یان هەرێمێک ئامادەی پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و یەکگرتن و پشتیوانکردن لە خۆبەڕێوەبەریی گوند و شار و ناوچە و هەرێمەکانی دیکە نەبێت، چی ؟ ل٧٥
- لە باری جەنگ و پەلاماردران یان جیابوونەوەی گوندێک، شارێک، ناوچەیەک، هەرێمێک، هەڵوێست چۆن دەبێت ؟ ل٧٧
- ئەی پرسی ئازادی خوێندنی زمانی دایکی چۆن ڕێکدەخرێت، بەتایبەت بۆ ئەو کەمینانەی کە بۆ لەنێو کۆمەڵە خۆبەڕێوەبەرەکان دێن، یان پێشتر هاتوون و زمانی دایکیی ئەوان جیاوازە ؟ ل٨١
- ئایا چەمکی (خۆبەڕێوەبەریی) هەمان واتای چەمکی (خودموختاریی) نادات ؟ ل٨٥
- جیاوازی نێوان (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و (سیستەمی پارلەمانیی) چییە ؟ ل٨٧
- جیاوازی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و (سیستەمی ناپارلەمانیی) چییە ؟ ل٩١
- ڕۆڵی گرووپ و پارتییە ڕامیارییەکان لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چییە ؟ ل٩٤
- ڕۆڵی ئایینەکان لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چییە و ئایین چ پێگەیەکی ئابووریی وبەڕێوەبەریی دەبێت ؟ ل٩٨

- لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی پرسی جیاوازی کولتووریی و
فرە کولتووری چۆن ڕێکدەخرێت ؟ ل١٠٢
- دەتوانرێت بە کامە سیستەم، "سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی" بگوترێت ؟ ل١٠٥
- جیاوازی نێوان (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و (سیستەمی دیمۆکراتیی) چییە ؟ ل١٠٩
- لەسەر چ بنەمایەک (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی)
لە سیستەمەکانی دیکە جیاواز دەبێت ؟ ل١١٤
- بنەما و میکانیزمەکانی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) چین و چۆن ڕێکدەخرێت ؟ ل١١٩
- ئەی میکانیزمەکانی چۆنێتیی کارکردن و بەڕێچوونی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەری
کۆمەڵایەتیی) کامانەن ؟ ل١٢٤
- ئایا لە ئێستا (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) بوونی هەیە ؟ ل١٣٤
- سیستەمێک کە لەنێو تیئۆری یان خەیاڵ سەریهەڵدابێت، چۆن کەتواریی و کردەیی دەکرێتەوە ؟ ل١٣٧
- ئایا ناکرێت (سیستەمی پارلەمانیی) و (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) تێکەڵبکرێن ؟ ل١٣٩
- بەبێ (دەوڵەت و فەرمانداریی و پارلەمان و پارتیی و لەشکر و پۆلیس و ڕۆڵی دەستەبژێرەکان)،
چۆن (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) سەردەگرێت ؟ ل١٤٢
- ئایا ئەگەر هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) لە گشت لایەک
بەدیبێت یان سەربگرێت ؟ ل١٤٤
- چەند نموونەیەک لە خۆ-ڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی و گرووپە خۆجێییەکانی
شوێنی ژییان و بەرهەمهێنان ل١٤٧
- شێوازی تێکۆشانی گرووپە خۆجێییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پێش پێکهاتنی
(خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ل١٥٢
- "خەیاڵپڵاویی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی" و "کەتواریی-بوونی سیستەمی ڕامیاریی" ل١٥٩
- هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێکخستن و پێکهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی ل١٦٢
- خشتەکی تان و پۆی پێکهاتنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتیی ل١٧٠
- دوا قسە لە بارەی پرۆژەی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ل١٧١
- کلیلە-واژەکانی بیرۆکەی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ل١٧٥
- فەرهەنگۆکە ل١٨٩

**پێشکەش بە :**

* بە گیانبەخشان و چالاکانی بزووتنەوەی (چیای سەوز)

* چالاکانی بزووتنەوەی پاراستنی زمانی دایکیی و فێرکارە خۆبەخشەکان

* چالاکانی بزووتنەوەی هاندان بۆ لێبوردن و بەخشینی (بە مەرگ-سزادراوان) دژی قەنارەدان

* چالاکانی بزووتنەوەی ئاژەڵپارێزیی و سووتاندنی قەفەزەکان و شکاندنی تفەنگەکان

* چالاکانی بزووتنەوەی ژینگەپارێزیی و ئاوەدانکردنەوەی گوندان

* چالاکانی بزووتنەوەی پاکژکردنەوەی ناوچەکان لە بۆمب و مین و شوێنەوارەکانی جەنگ

* چالاکانی بزووتنەوەی پاراستنی سەرچەمەی (بڵ) دژ بە بەنداوسازیی

* چالاکانی پاراستنی مافی منداڵان و بەرگرتن لە ناچارکردن و کارکردن و ئەتکردنی منداڵان

* چالاکانی بزووتنەوەی یەکسانی مافی ڕەگەزەکان [ژنان و پیاوان و فرە-ڕەگەزان و ڕەگەز-پێچەوانان...تد]

* چالاکانی بزووتنەوەی دایکانی دژی توندوتیژیی و جەنگ و زیندان و قەنارەدان

* هەر کەسێک کە ئامانجدارانە لە دەشت و دۆڵ و تەپۆڵکە و کێوان درەخت دەچێنێت، تاکو دەوروبەر سەوز و دڵگیر، هەوا پاک و هەور بارگاوی ببێت و خاک و خۆڵی کێوان لە ڕماڵین باران و لافاو بپارێزێت.

* هەر کەسێک کە (ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی) خەونی هەر ڕۆژەی ئەون و بە مەترسییەکانی سیستەمی چینایەتیی بۆ سەر ژیان و ژینگە هەستدەکات و خەریکە بۆ خۆ-ڕزگارکردن و ڕزگاربوونی کۆمەڵەکەی لەنێو نارەزایەتیی و بزووتنەوەکانی شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردنی خۆی بەرانبەر هێرشی نەزمی تازەی تالانیی و مشەخۆریی و چەپاوڵگەریی و پاوانگەریی و جەنگەکانی [نیئۆلیبڕالیزم] سەنگەردەگرێت و لە پێناوی ئامانجی خۆی و کۆمەڵ ژیان و گیانی خۆی دەبەخشێت و ئامانجی سەرەکیی ئەو ڕزگارکردنی ژیان و ژینگە و پاکژکردنەوەی جەستەی دایکە زەمینە لە وێرانکاریی سیستەمە ڕامیارییەکان و خاشاکی پیشەسازیی و هەر ئاوا بۆ گێڕانەوەی بەها و کەسایەتیی و ئاوەز و بیرکردنەوە بۆ مرۆڤ و ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە سیستەمی چینایەتیی، بەبێ وچان تێدەکۆشێت.

---

**تێبینی : لەتەک سپاسگوزاریی و هاوخەمیی و پشتیوانیکردنی هەمیشەیی خۆم بۆ بزووتنەوەی (چیای سەوز)، من وەک هاوخەمیی و هاوپشتیکردن ئەم پەڕتووکە بە ئەوان پێشکەشدەکەم، چونکە بۆ من ئەو جۆرە چالاکییانە نموونەیەکن لە خۆکۆمەکیی و هەرەوەزیی و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و خۆهوشیاریی و هەستکردن بە بەرپرسیاریی و دەرککردنی ئەرکی سەر شان وەک مرۆڤی هوشیار بەرانبەر کۆمەڵ و ژینگە و دایکەزەمین و بوونەوەرەکانی.**

# ڕۆشنکردنەوەیەکی پێویست لە بارەی
# ئەم ئامادەکارییەی بەردەست

ئەم پەڕتووکەی بەردەست یەکەم جار وەک پێشنیارکردنی بیرۆکەیەک بۆ ڕزگارکردنی ناوچەی هۆرامان لە پەراوێزخراویی و هەر ئاوا هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی)، کە من وەک ئەڵتەرناتیڤیک بۆ ڕزگارکردنی گشت ناوچەکانی هەرێم و هەر شوێنێک لە پاوانگەریی پارتییە ڕامیارییەکان و چەپاوڵگەریی کۆمپانییە جیهانلووشەکان لە ساڵی ٢٠١٤ بانگەوازیدەکەم، ناوچەی هۆرامان وەک نموونەیەک بۆ (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ناوچەکانی دیکە (شارەزوور، شارباژێر، قەرەداغ، گەرمیان، قەرەداغ و دەشتی هەولێر، بادینان و ...تد) هەڵبژێردراوە و پێشنیارکراوە.

ئامادەکاریی یەکەمی ئەم پەڕتووکە سێپتەمبەری ٢٠١٨ بە زمانی هۆرامی بڵاوکرایەوە. دواتر ئامادەکاریی دووەم ئەپریلی ٢٠١٩ بە زیادکردنی پەڕتووکۆکەی ( **مانیفیستۆی هەنگاوە کردەییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی هۆرامان و گێڕانەوەی زمانی هۆرامی بۆ بواری خوێندن و بەڕێوەبەریی** ) بڵاوکرایەوە، کە ئەو پەڕتووکۆکە کۆمەڵێک مانیفێستی وەک ( **مانیفێستی: -دەستووری ڕێزمان، -ڕێنووس، -ئاوەدانکردنەوە، گەشتوگوزار، -هاومافیی ژن و پیاو، -مافی منداڵان، -ژینگەپارێزیی، ئاژەڵدۆستیی و ئاژەڵپارێزیی، -سیستەمی پەروەردە و خوێندن، -ئازادی باوەڕ و بیرکردنەوە، -کەمکردنەوەی ئەرک و زیادکردنی بەرهەم، -خۆبەڕێوەبەریی هۆرامان، -هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێکخستن و پێکهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی**) لەنێو هاتبوون و ئەپریلی ٢٠١٧ ئامادەکرابوو. لەنێو ئەم ئامادەکارییە زمان-سۆرانییەی پەڕتووکەکە هەوڵدراوە، بیرۆکەکە وەک پێشنیارێکی ئەبستراکت و وەک ئەڵتەرناتیڤێک، وەک

سەنتێزێک (دژە تێزێک) بۆ سیستەمی ڕامیاریی (دەوڵەت) بۆ هەموو ناوچەیەک و هەموو کۆمەڵێک پێشنیاربکرێت، لەبەرئەوە تایبەتمەندییەکانی ناوچەی هۆرامان وەک نموونەیەک بۆ پێشنیارکردنی بیرۆکەکە، لەنێو ئەم ئامادەکارییە سۆرانییە نەهاتوون.

ئامانج لە پێشنیارکردنی ئەم بیرۆکە و نووسینی ئەم پەڕتووکە کردنی دوا قسە نییە، بەڵکو گومانخستنە سەر دوا قسە دەبێت، بەردێکە بۆ نێو گۆمە مەنگەکان و هەوڵدان بۆ دەرخستنی بۆگەنیی گۆمەکان، خستنەڕووی سەنتێزی سیستەمی ڕامیارییە؛ سەنتێز نەک تێز. چونکە دوا قسە کاتێک دەکرێت، کە دوا مرۆڤ بەدەم وڕێنەکردنەوە خەریکە دەمرێت؛ تاکو مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی هەبێت و ژییان بەردەوام بمێنێت، دوا قسە و دوا بیرۆکە و دوا پێشنیار، بەس ئەفسانەی ئایدیۆلۆجیی و ڕامیاریی دەبن.

مەبەست لە هەڵبژاردنی (ناوچەی هۆرامان) وەک ناوچەیەکی ناخێڵەکیی، ئەوە نییە، کە سەرهەڵدانی سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) لەنێو ناوچە خێڵەکییەکان ئەستەم بێت. نەخێر، هیچ شتێک ئەستەم نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ناوچە خێڵەکییەکان دژوارتر دەبێت، چونکە بۆ بەدیهاتنی ئاوا ئامانجێک هەنگاوێکی دیکە دەبێتە پێشمەرج و پێویست دەبێت، ئەوەیە کە سەرباری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە ڕامیارییەکان، هەڵوەشاندنەوەی خودی سیستەمی خێڵەکیی و گێڕانەوەی سەربەخۆیی و بڕیار و هەڵبژێر بۆ ئەندامانی کۆمەڵ و سڤیل-بوونی کۆمەڵ پێشمەرج دەبێت.

**وەرگێڕدراوی سۆرانی: سێپتەمبەری ٢٠١٩**

ئاکو مارانی

# بەرایی

ڕەگی ئەم بیرۆکەیە بۆ سەرنجەکانی سەردەمی منداڵیی خۆم و گۆڕانی ئەوان بە وێناکردنی کۆمەڵی ناچینایەتیی لەژێر کارایی هزر و بیرۆکە سۆشیالیستییەکان و گەورەتربوون و گەشەکردنی لەتەک فراوانبوون و گەشەکردنی بیرکردنەوەی خۆم و ڕۆشنتربوونی لەتەک ڕۆشنبوونی هزری خۆم لەژێر کارایی ئەزموونە کەسییەکانی خۆم و دەوروبەرم.

سەردەمی منداڵیی، کاتێک کە من هارمۆنیی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرەوەزیی نێوخۆیی خەڵکی گوندەکەی خۆمان (تەڤڕێڵی | تەوێڵە) سەرنجدەدا، زوو زوو و هەر ڕۆژ ئەو پرسیارە یەخەی منی منداڵی دەگرت؛ بێجگە لە هۆکاری داگیرکاریی و ملهوڕیی بەعس، چ پێویستییەک بە پۆلیسخانە و لەشکرگە و بنکە سەربازییەکان لەسەر ئەو کێوانە هەیە؛ نە هیچ کەس دزی لە کەسێکی دیکە دەکات و نە هیچ کەس کەسێکی دیکە ئەتک و هەراساندەکات، نە هیچ کەس شەڕدەکات و نە جەنگ و کوشتن بوونی هەیە، نە خەڵک بۆ ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکەی پێویستی بە سیستەمی فەرمانداریی و دەوڵەتی هەیە!

دواتر بە ئاشنابوونی من بە هزری سۆشیالیستیی و بوونی خۆم بە پێشمەرگەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و تێکۆشان بۆ لەنێوچوونی دەسەڵاتی فەرمانداریی و دەوڵەتی عیراق، هیچ کات وێناکردنی سیستەمی پاش ڕوخان یان دەرکردنی لەشکری دەوڵەتی عیراق، نە بۆ منی پەروەردەی

نێو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە و نە بۆ زۆربەی چەکدارانی گرووپ و پارتییە چەپەکان، هیچ کات ئەڵتەرناتیڤی پاش ڕوخانی فەرمانداریی یان دەرکردنی لەشکری بەعس، فەرمانداریەکی دیکە، دەسەڵاتدارییەکی دیکە نەبوو، بەڵکو زۆربەی هاوڕێکانی ئێمە لەو پێناوە گیانی خۆیان بەخشی و هەرگیز ئامانجی ئەوان دەسەڵاتداربوونی لایەنەکەی خۆیان نەبوو و نەبووە. زۆربەی ئێمە کاتێک لە بارەی سەردەمی پاش ڕوخان و دەرکردنی لەشکری بەعس دەدواین، وێناکردنی کۆمەڵی ئایەندە بۆ ئێمە، هەمان کۆمەڵی خۆمان بوو بەبێ فەرمانداریی و دەوڵەت و سەروەر و ژێردەست؛ کۆمەڵی ناچینایەتیی.

ئەو پێشینە و ڕابوردووە کەسییە، لە پێگەیین و گەورەبوونی ئەم بیرۆکەیە (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) لەنێو هۆش و ئاوەزی من کاراییی هەبوو، هەر ئاوا بۆ نووسینەوەی بیرۆکەکە وەک خەون و خەیاڵ و ئامانجی خۆم و بەشکردنی لەتەک تۆ (خوێنەری ئازیز)، هاندەری من بوو. چونکە من لە ئەوە دڵنیا هەم، کە سەردەمی منداڵیی و پێشمەرگایەتی و ..تد من تاقە کەس نەبووم، کە بیرۆکەی ئاوەمای هەبووبێت و بۆ ئەو ئامانجە کۆششیکردبێت، هەر ئاواش بەدڵنیاییەوە ئێستا هەر من نیم و کەم نین، ئەو کەسانە، کە هەمان خەون و خەیاڵ و ئامانجی هاوبەشمان هەیە، لەوانەیە کەمێک جیاواز، کاڵتر یان تۆختر؛ بەڵام ئێمەی مرۆڤ خەون و خەیاڵ و ئامانجە سەرەتاییەکانمان هاوبەشن و بۆ یەکگرتنیان بەس گفتوگۆی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنگەریی پێویستە و هەر ئەوەندە بەسە، کە ڕەوڕەوەی هاریکاری و پشتیوانی کۆمەڵایەتیی بەڕێبکەوێت، ئیدی هیچ هێز و

دەسەڵاتێک ناتوانێت لە ڕەوتی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی بەربگرێت و ویست و خواستی کۆمەڵایەتیی لەنێوبەرێت.

بۆ ئەو مەبەستە، من وەک پێشنیارێک بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی ڕۆشنگەرانە، لێرەدا بیرۆکەی خۆم لەتەک ئێوەی خوێنەری هێژا بەشدەکەم، بە ئەو هیوایەی بتوانرێت لەنێوان خەیاڵی خۆم و هاو-خەیاڵ و هاو-خەونانی خۆم پردی گفتوگۆی بەردەوام درووستببێت و ببێت بە سەرچاوەی پەرەسەندنی خەیاڵی کۆمەڵایەتیی و ماندەرێک بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی. هەڵبەتە پێویستە، کە من پەیگیرانە و بەبێ پەردە و ڕۆشن، ئەوە بڵێم، کە ئامانجی من کڵێشەسازیی ئایدیۆلۆجیی نییە و ناخوازم بیرۆکەکە وەک کڵێشەیەکی ئایدیۆلۆجیی بۆ لەقاڵبدانی کۆمەڵ پێشنیاربکەم، نەخێر، ئامانجی من پێشنیارکردنی بابەتێکی هاوبەشە بۆ گفتوگۆکردن و درووستکردنی پردی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرانە بە ئامانجی گرێدانەوەی خەون و خەیاڵە ڕەنگاوڕەنگەکان لە بارەی کۆمەڵی داهاتوو؛ کۆمەڵێک کە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و ئارامی و ئاسوودەیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی بنەمای ئەون و خەونی هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتین بۆ بەدەستهێنانەوەی سرووشتە کۆمەڵایەتیی-یەکەی خۆی، بۆ خۆ-ڕزگارکردن لە نەخۆشییە ڕامیارییەکان، یەکێک لە ئەوانە نەخۆشی (لە-خۆ-بێگانەبوون)ی کەسەکانە وەک نەخۆشییەکی زاڵ و گشتگیری ئەم سەردەمەی تەمەن و ژیانی ئێمە؛ نەخۆشییەک کە مرۆڤ لەتەک سرووشتی خۆی نامۆدەکات.

بۆ ئەوە و لەبەر ئەوە، هیوا خواز هەم بیرۆکەی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ببێت بە خاڵی دەسپێکردنی گفتوگۆی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرانە لە نێو خەڵک، کە من وەک گونجاوترین کۆمەڵ لە ناوچەکە، کۆمەڵەکانی میزۆپۆتامیا و دەوروبەری بەتایبەت ناوچە ناخێڵەکییەکان بە گونجاوترین پانتایی بۆ ئەزموونکردنی بیرۆکەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە دەزانم، چونکە لەنێو ئەو کۆمەڵانە تاکو ڕادەیەک سرووشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پارێزراون و هێشتا ڕابوردووی هەرەوەزی و خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی و خۆبەسێی ئابووریی نەبوون بە ڕابوردوویەکی دوور و دابڕاو. ئەوەش باشترین زەمینەی کۆششێکە بۆ پەیوەندانی بەرەنجامی ئەزموونەکانی کۆمەڵە سڤیلیست و هەرەوەزییەکانی تاکو سەدەی ڕابوردووی مرۆڤایەتی لەتەک ڕابوردووی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی گوندەکانی ناوچەی خۆمان، کە جۆرێک لە سیستەمی دێمۆکراتی ئازادشارەکانی یۆنانی کۆن بووە، کە یان یۆنانییەکان لە ناوچەی ئێمە و خۆرهەڵاتی گۆی زەمین بۆ سەرزەمینی خۆیان بردووە، یان ئەوان بۆ سەرزەمینی ئێمە هاوردوویانە، یان هاو-کات ڕیشەی هاوبەشی لە ڕابوردووی کۆمونە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتییەوە هاتووە، هەر وەک سەرەتا و یەکەمین کۆچکردنی مرۆڤ شوێنی نادیارە.

بۆ ئەوەی کە هیچ بیرۆکە و پرۆژەیەکی ئەزموونگەریی نەبێت بە کلێشەسازیی ئایدیۆلۆجیی و نەبێت بە بەڵا لەسەر سەری خەڵک، دەبێت و پێویستە هەنگاوی یەکەم بە سەرنج و ڕەخنەگرتن لە گفتوگۆکانی خۆمان دەستپێبکەین و هیچ بیرۆکەیەک لە پێشنیارێک زیاتر لەبەرچاونەگرین. ئەم

پەڕتووکەی بەردەستی ئێوەی ئازیزیش بە هەمان ئامانج نووسراوە و ئەوە بەشداریکردنی خوێنەری سەرنجدەرە، کە گیان دەکاتە نێو جەستەی هەر هزر و بیرۆکەیەک و هەر ئاوا ئەوە نادەربایسی ئێمەیە، کە نەهامەتییەکان بەسەر کۆمەڵ دەهێنێت و بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆریی و شۆڤینیزم و فاشیزم و گەندەڵیی و سیستەمی ڕامیاریی زەمینەسازدەکات.

## سیستەمە پێشینەییەکانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵە مرۆییەکان

سیستەمە دەرکەوتووەکانی تاکو ئێستای مێژووی مرۆڤایەتی:

- **خێزانی**
- **کۆمونەیی**
- **خێڵایەتی**
- **کۆیلایەتی**
- **دەرەبەگایەتی**
- **سەرمایەداری**
- ..... ؟

## سیستەمە سەرەتاییەکان

بە بۆچوونی من، سیستەمی خێزانی و کۆمونەیی و خێڵایەتی تاکو ڕادەیەک هاو-کاتی یەکدی سەریانهەڵداوە، بەڵام هاو-شوێن و هاوجوگرافیای یەکدی نەبوون، لەبەر ئەوە وەک قۆناخێکی هاوسەردەم هەر سێ پێکەوە ڕیزدەکەم، بەڵام بە جیا ڕۆشنایی دەخەمە سەر هەر یەک لە ئەوان.

- **سیستەمی خێزانیی**

بە بۆچوونی من، سەرەتا مرۆڤ بە شێوەی خێزان و بنەماڵە دەرکەوتووە و ژیاوە و سەردەمێک پێویست بووە، تاکو ڕەوتی کۆمەڵایەتیبوون (درووستبوونی کۆمەڵە گەورەکان) دەستپێبکردووە، کە پرۆسێسەکە بە کۆمەڵایەتیی-بوون (سۆشیالیزەیشن) ناسراوە و لەنێو ئەو پرۆسێسە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان درووستبوون و سیستەمی ژیانی کۆمونەیی سەریهەڵداوە، کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و ڕیشەی لەنێو گەشەکردن و گەورەبوونی خێزان و بنەماڵە هاتووە و کەسەکان پێکەوە لەنێو ئەشکەوتێک ژیاون و پێکەوە خۆراکیان پەیداکردووە و پێکەوە خواردوویانە و پێکەوە لەتەک مەترسییەکان ڕووبەڕووبوونەتەوە. بە ئەو جۆرە سیستەمی کۆمونەیی پرۆسێسی کۆمەڵایەتیبوونی بە لووتکە گەیاندووە و کۆمونە سەرەتاییەکان درووستبوون و بوون بە بێشکەی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

- **سیستەمی کۆمونەیی**

بە ئەو سیستەمە سەرەتاییە سرووشتییە دەگوترێت، کە پاش سیستەمی خێزانیی و بنەماڵەیی بە نیشتەجێبوون و گردبوونەوەی خێزان و بنەماڵەکان لەنێو کۆمەڵێکی گەورەتر یەکیانگرتووە و لەنێو ئەو یەکگرتنە کۆمونەکان سەریانهەڵداوە و تاکو ئێستاش لە گۆشە و کەناری جەنگەڵەکانی ئامازۆن و ئەفەریکا و خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا شوێنەواری ئەوان ماوە، کە لەوانەیە خۆپاراستن بەرانبەر هێرشی گیاندارانی دیکە، کۆمونەکانی وەک یەکگرتنی ناچاریی درووستکردبن. کۆمەڵە کۆمونەییەکان پێکەوە ژیاون و پێکەوە نیشتەجێ بوون، پێکەوە لە بارەی پرسەکانی کۆمەڵەکانی خۆیان بڕیاریانداوە و پێکەوە خۆراکیان پەیداکردووە و پێکەوە خواردوویانە، پێکەوە خۆیان پاراستووە و پێکەوە کۆچیانکردووە. ئەوەش سرووشتییترین پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی بووە، هەر ئاوا کە لەنێو گیاندارە کۆمەڵایەتییەکان دیکەش هەیە. تاکو ڕادەیەک دەتواندرێت بگوترێت کۆمەڵە سەرەتاییەکانی سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤایەتی، کۆمەڵی کۆمونەیی بوون، بەڵام مەرج نییە هەموو ئاشتیخواز و ژینگەپارێز و بەبێ گرفت و کێشمەکێش بووبن.

واژەی (کۆمون | کۆمونە) بۆ ئەو کۆمەڵانە بەکاردەبرێت، کە هەرەوەزییانە پێکەوە بەرهەمدەهێنن و پێکەوە بەری ڕەنجی خۆیان دەخۆن و دەژێن و پێکەوە خۆیان دەپارێزن، لەنێو زمانەکانی خۆرهەڵاتی ناوین (کۆمونە) بە "کۆمەڵە هەرەوەزەکان" ناسێندراوە و تاکو ئێستاش لە جیهان و خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتیی و لەنێو گوندەکان شوێنەواری کۆمەڵە سەرەتاییەکان ماوە،

بەتایبەت لە ئەو گوند و ناوچانە، کە خان و سان و بەگلەر ئاغا و میر نەبوون و خەڵک لەسەر بنەما سرووشتییەکانی کۆمەڵایەتیی-بوونی مرۆڤایەتی کاریانکردووە و یەکدییان هاریکاری- و کۆمەک-کردووە و بەشی یەکدییان داوە و پێکەوە ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵەکەی خۆیان پاراستووە و ئەوان دارای سیستەمی ڕامیاریی [خێڵەکی، دەرەبەگی، دەوڵەتی] نەبوون و سیستەمی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەسەر بنەمای یاسا سرووشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دامەزراندووە؛ ئەگەر لەنێو گوندەکان بەرهەمهێنان [سیستەمی باخداری و کشتکاریی] و نیشتەجێبوون [سیستەمی تەلارسازیی] و کۆڵانسازیی و مەیدانسازیی و هەوارنشینیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوسایی سەرنجبدرێت، زۆر بە ئاسانی شوێنەواری سیستەمی کۆمونەیی دەردەکەوێت و دەبیندرێت و هێشتا ماوە.

لە بارەی مانەوەی کۆمەڵە کۆمونەییە سەرەتاییەکان لە ئێستا دەکرێت بە کۆمەڵە سرووشتییەکانی ئامازۆن ئاماژەبدرێت، کە لەنێو ئەوان سێ جۆر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و پەروەردەیی جیاواز هەن:

یەکەم - پێکهاتە و پەروەردەی مرۆڤ سەروەر : دایک و باوک وەک یەکدی ئەرک و ماف و دەسەڵاتیان هەیە و بەرانبەر منداڵ و پەروەردەی وەک یەکدی ئەرک و بەشداری و ڕۆڵیان هەیە. لەنێو ئەو جۆرە کۆمەڵانە منداڵ ئازادانەترە و پەروەردە ئارامتر و نەرمتر و ئازادیخوازانەترە.

دووەم - پێکهاتەی دایک سەروەر : لەنێو ئەو جۆرە کۆمەڵانە ژن سەروەرە و بڕیاردەرە و بنەمایە. پەروەردە ڕەگەز سەروەرانەیە و پێگەی پیاو و منداڵ نزمترە.

سێیەم - پێکهاتەی باوک سەروەر : لەنێو ئەو جۆرە کۆمەڵانە، پیاو سەروەر و بڕیاردەر و بنەمایە و پەروەردە ڕەگەز سەروەرانەیە و پێگەی ژن و منداڵ نزمترە.

هەر بەگوێرەی بنەمای پەروەردەی ڕەگەزیی و چینایەتیی هەر یەکێک لە کۆمەڵەکان، ئەرک و ماف و بەشداریی و جۆری بەرهەمهێنان و تەنانەت قسەکردن و شێوەی دانیشتنی کەسەکان دەگۆڕدرێت و جیاوازە، هەر ئاوا کە لەنێو کۆمەڵە خێڵەکییەکان پێگەی سەرۆکهۆز و لەنێو کۆمەڵە فیئۆداڵییەکان پێگەی خانزاد و دەرەبەگ و لەنێو کۆمەڵە بۆرجوازییەکان پێگەی سەرمایەداران و ڕامیاران جیاواز و بەرتەرە و ئەوان بەرتەری ئابووریی و کۆمەڵایەتییان هەیە و بڕیاردەر و سەروەرن.

پاشینەی کۆمەڵە کۆمونەییەکان بە خۆ-پاراستن و بەرخودان بەرانبەر سیستەمی سەرمایەداریی، تاکو ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان لە گۆشە و کەنارەکانی ئەفریکا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین خۆیان دەپارێزنن و بە جۆرێک ماون و پشتیوانیی و کۆمەکی هەر ساتەی ئێمە دەخوازن.

## - سیستەمی خێڵایەتی

بە ئەو سیستەمە دەگوترێت، کە ماوکات و لەنێو درێژەی کۆمەڵە کۆمونەییەکان بە هۆکاری کۆچکردن و سەرهەڵدانی جەنگەکان و پەلاماردانی یەکدی درووستبووە و ژیانی کۆچەریی و ئامیتەبوونی ژیانی ئەوان بە جەنگ و پەلاماردانی بەردەوام بۆ سەر ئەوان و پەلاماری ئەوان بۆ سەر کۆمەڵەکانی دیکە، بە سەرهەڵدانی سیستەمی سەروەربوونی تاک لەسەر کۆمەڵ، سەرەتا پێگە و متمانەی کۆمەڵایەتیی و دواتر کارنەکردنی سەرۆک و مشەخۆریی ئەو لەسەر ڕەنجی کەسەکانی دەوروبەری خۆی و ئینجا درووستبوونی بەرتەریی ئابووریی و دیسان پێویستیی دەسەڵاتداریی لەسەر خەڵک بۆ پاراستنی بەرتەرییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرۆک، بە ئەوە کۆمەکیانکردووە و سیستەمی خێڵایەتیی و نیشتەجێبوونی خێڵەکان، زەمینەسازی سەرهەڵدانی خانزادیی و دەرەبەگیی بووە. بە ڕادەی کەم لە خۆرهەڵاتی ناوین و بەتایبەت لە ناوچە خێڵایەتییەکانی میزۆپۆتامیا و ئێران-زەمین ئاوابووە و هەیە.

خێڵایەتیی و کۆمەڵە خێڵەکییەکان بە خۆگونجاندن لەتەک سیستەمەکانی پاشتر (فیئۆداڵی و سەرمایەداری) توانیوویانە خۆیان بپارێزن، چونکە سیستەمی خێڵایەتیی'ش سیستەمێکی چینایەتییە و لەتەک سیستەمە چینایەتییەکانی پاش خۆی ناکۆکییەکی بنەڕەتیی نەبووە و نییە و تاکو ڕادەیەک تەواوکەری یەکدی هەن، بەبێ پێکهاتەی خێڵایەتیی وەک پێپلیکانەی یەکەمی پەرەسەندنی سیستەمی چینایەتیی، سەرهەڵدانی کۆمەڵ فیئۆداڵیی ئەستەم دەبوو، هەر ئاوا کە بەبێ کۆمەڵی فیئۆداڵیی وەک پێپلیکانەی دووەمی تەشەکردنی سیستەمی چینایەتیی، سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداریی ئەستەم دەبوو.

## - سیستەمی کۆیلایەتیی

کۆیلایەتی وەک سیستەمەکانی دیکەی پێش سەرمایەداریی لە هەموو شوێنێک سەریهەڵنەداوە و هەر ئاوا ماوکات لە هەموو شوێنێک لەنێونەچووە. بۆ نموونە بەگوێرەی دەقە ئایینییەکانی ئیسلام لە نیوەدوورگەی عەرەبیی کۆیلایەتی هەبووە، دواتریش سەردەمی هاتنی لەشکری ئیمپڕاتۆرە ئۆروپاییەکان خێڵە عەرەبەکان وەک دەڵاڵی بازرگانە ئۆروپییەکان ئاسانکەری بازرگانی کۆیلەفرۆشیی بوون، لەنێو کۆمەڵەکانی خۆیان وەک سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام بە دیاردەیی نەماوە. لە سەردەمی سەروەریی ئیمپڕاتۆرەکانی ڕۆم و یۆنان و ...تد کۆیلەکردنی ڕەشپێستەکان ڕەوابووە و هەبووە. لەلایەن داگیرکەرە ئۆروپییەکان و بە ڕەوایەتی کڵێسا (مەسیحییەکان) پەرەیسەندووە و لە سەردەمی سەرمایەداریی سێ سەد ساڵێک بازرگانی کۆیلان بەردەوام بووە.

ئەگەر خوازیاربین، سەرەتای سیستەمی کۆیلایەتیی دەستنیشانبکەین، بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خێڵە سەرەتاییەکان و ڕفاندنی ژنانی کۆمەڵەکانی دیکە و کۆیلەکردن و ناچارکردنی ژنان بە خزمەتکاریی سەرۆکهۆز و دەسەڵاتدارانی خێڵ. لە ئەو بارەوە، ئەگەر ئامەنگی (بووک-گواستنەوە) سەرنجبدەین، بە ئاشکرا هەر لە جۆری هێنان و پۆشاک و هەلهەلە و تەنەکە-کوتان، تاکو شانازی زاوا، پێشینە کۆیلایەتییەکەی خۆی نمایشدەکاتەوە.

دواتر کە کشتکاریی بووە بە سەرچاوەی ژیان و بازرگانی، کۆیلەکردنی پیاوان بووە بە سەرچاوەی هێزی کار و پاراستنی. پێش سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆرەکان و داگیرکردنی سەرزەمینەکانی دەوروبەر، کۆیلەکان دوو دەستە بوون: (دەستەی یەکەم) کەسانێک کە لەنێو جەنگی کۆمەڵەکانی دەوروبەر دەسگیرکراون، لەنێو ئەوان ژنان یەکەمین کەسانی کۆیلەکراو بوون. (دەستەی دووەم) پاش زۆربوونی کۆیلەکراوان وەک هێزی سەربازیی و هەر ئاوا وەک هێزی کار، وردە وردە کەسە نەدار و بێدەسەڵاتەکان لەنێو خێڵ وەک کۆیلەی پلە-دوو کۆیلەکراون. بە ئەو جۆرە کۆیلایەتی پەرەدەسێنێت، بەڵام لەنێو کۆمەڵە کۆمونەیی و ئازادەکان [لەنێو ئەوان کۆمەڵە زاگرۆس-نشینەکان] کۆیلایەتی سەریهەڵنەداوە.

پاش ئەوەی کە بە فەرمانی کڵێسا داگیرکردن و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکە بوومییەکانی "ئەمەریکا" و "کەنەدا" و "ئوستralیا" و "نیوزلەندە" و "ئەفەریکا" و "ئاسیا"، کۆیلەکردنی ڕەش-پێستەکان بۆ ئیمپڕاتۆرەکان ڕەوادەکرێت، ئیدی کۆیلەکردن دەبێت بە سەرچاوەی بازرگانی و پێش ١٤٩٢ تاکو نیوەی سەدەی نۆزدە ڕەوایەتی ئایینی و یاسایی پێدەبەخشرێت.

هەڵبەتە دواتر بەتایبەت سەدەی هەژدەهەم و دواتر، کۆیلایەتی بەس وەک زنجیرکردنی کەسەکان و بازرگانی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکراوان و زیندانیکردنی ئەوان لەنێو کێڵگەکان نەماوە، وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی سیستماتیک گەشەیکردووە و سەرباری پڕۆپاگەندەی نەمانی کۆیلایەتی لە جیهان، تاکو ئەم ڕۆژگارەش هەم وەک کۆیلایەتیی جاران و هەم وەک

کۆیلایەتیی هاوچەرخ بەردەوام هەیە و ئەو سەرزەمینانەش، کە پێشتر کۆمونەی ژیاون و سیستەمەکانی خێڵایەتیی و کۆیلایەتی|ئیمپڕاتۆریان نەبڕیون، لە ئێستا و لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریی هەموو کەسێک بووە بە کۆیلەی دەوڵەتمەندان و بێجگە لە کۆمونە سەرەتاییەکانی ئامازۆن و خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا و بەشێکی کەمی ئەفریکا، سیستەمی کۆیلایەتیی هاوچەرخ [کۆیلایەتی دەوڵەتیی] تەنانەت شارۆچەکانی ناوچەی دوودەستەکانیشی داگرتووە، هەرچەندەش، کە ئەو ناوچانە بە درێژایی مێژووی خۆیان خێڵایەتیی و کۆیلایەتیی نەبووبن.

بە بۆچوونی من، لە ئێستا، ئیدی کۆیلایەتیی بە باڵاترین ئاست و شێوازی خۆی گەییشتووە و تەنانەت بووە بە کولتووری مرۆڤەکانی جیهان و کەم نین کەسانێک کە خۆبەخشانە لە کۆیلە-بوونی خۆیان پارێزگاریدەکەن. لە ئەو بارەوە هەر ئەوەندە بەسە، کە لە دەوروبەری خۆمان کۆیلانی پارتییەکان [ئەندامانی پارتییەکان]، کۆیلانی کۆمپانییەکان [کرێکاران]، کۆیلانی پارلەمان [دەنگدەران] و کۆیلانی دەوڵەت [زۆرینەی کۆمەڵ] سەرنجبدەین، کە سەرەڕای نەناسراوبوون و درەنگ پەیدابوونی سیستەمی دەوڵەتیی و سەرمایەداریی لەنێو زۆربەی کۆمەڵەکان، کەچی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ئاوا دەزانن، کە پێش سیستەمی ڕامیاریی [دەوڵەتیی] ژیان نەبووە و پاش ئەویش ژیان نابێت و ئەستەم دەبێت.

هەڵبەتە، ئێمە نابێت ئەوەش لەبیربکەین، کە لە ئەم ڕۆژگارە بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان لە بواری سێکسفرۆشی، ڕفاندن و کوشتن و بازرگانیکردن

به ئەندامانی جەستەی ئەوان، کۆیلەکردنی منداڵان لە بواری قاڵی-چنین و کێڵگەکانی کاکاو و قاوە و ماسیگریی، دیجیتاڵیزەکردنی سێکسفرۆشی ژنان و ...تد، وەک دیارترین و زیندووترین نموونەی کۆیلەتیی مرۆڤی ئەم سەردەمە هەن و کۆیلایەتی لەنێونەچووە، بەڵکو بەس شێوەی کۆیلەبوون گۆڕدراوە.

## - سیستەمی فیئۆداڵی [دەرەبەگایەتی|خانزادیی]

بە ئەو سیستەم و کۆمەڵە دەگوترێت، کە کەسێک یان خێزانێک لەسەر بنەمای دارایی و دەسەڵاتێک، کە درێژەی پەیدابوونی خێڵ و سەرۆکخێڵ بەدەسهێنراوە، فەرمانداریی گوندێک، ناوچەیەک و دواتریش لە ڕێی و گرتن و داگیرکاریی و چوونی خان و بەگ و ئاغاکان بۆ ژێر سەروەریی زۆردارترینی ئەوان و پەلاماردان و داگیرکاریی شوێنەکانی دەوروبەر، سیستەمی فیئۆداڵی گشتگیر دەبێت و بەرەو لووتکە [پاشایی] و جیهانگیریی پاشایی ملدەنێت و بە داگیرکاریی و پەلوپۆهاویشتن، جیهانی زۆر خان و ئاغا و خێڵایەتی لەسەر چەند پاشایەک بەشدەکرێت؛ نموونە سەرزەمینەکانی ئێران و میزۆپۆتامیا لەنێوان پاشایی ئێرانی و ئوسمانی بەشکراون و ئەو ناوچانەی کە سیستەمی خێڵەکیی و فیئۆداڵییان نەبووە لەژێر سیستەمی داگیرکەر [پەلاماردەر] کەسانی بەکرێگیراو بە ناوی خان و سان و بەگ دادەنرێن و دەکرێن بە نوێنەری دەسەڵاتداریی پاشاکانی دەوروبەر و لە ناوچە خێڵەکییەکان یەکسەر سەرۆکخێڵ و ئاغا و میرەکان دەبن بە بەشێک لە ئیمپڕاتۆرییەکان و سیستەمی پاشایی جێگیردەکرێت و دەبێت.

هەڵبەتە ئەوە درووست نییە، ئەگەر ئاوا بزانین، لەنێوان کەسە دەسەڵاتخواز و دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان، کەسانێک نەبوون، کە خەیاڵی پاشابوونی خۆیان هەبووبێت، بەپێچەوانەوە، ئەوەی کە دواتر دێوجامەی ئایین و نەژاد و "نەتەوەی" بەسەر دەپۆشرێت، جۆرێک بووە لە خەیاڵی پاشابوونی سان و خان و ئاغا و میرەکان و بۆ ئەو مەبەستە خان و میرەکان

بەرەنگاریکردن و نارەزایەتییەکانی خەڵکی نەدار و ژێردەستی خۆیان دژی داگیرکەران بۆ کەتواریکردنەوەی پاشابوونی خۆیان بەکاربردووە و شۆڕشی خەڵکی بەشمەینەت دژی داگیرکەران خستووەتە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیان، نموونە شێخ مەحموود "مەلیک مەحموود" کە هاوپەیمانی ئوسمانییەکان بووە و لەنێو ناوچەکانی ئیمپڕاتۆریی ئوسمانی و دەوروبەری خۆی، بۆ بەرژەوەندیی دەرەبەگایەتیی خۆی و ئوسمانییەکان بەرانبەر لەشکری داگیرکاریی ئینگلیز ڕاوەستاوە.

هەردەم ئاوا بووە، هەر کات بەرەنگاریی ڕزگاریخوازانەی خەڵک هێرشی لەشکری پاشاکانی تێشکاندبێت، یان پاشای شکستخواردوو یان پاشای نەیار لە ڕێگەی جیاواز جیاواز، بۆ دەسکەلاکردنی کەسانێک کە ئازا و دارای بڕوای کۆمەڵایەتیی بوون، هەوڵیانداوە، کە ئەوان [خان و میرەکان] بۆ لای خۆیان ڕاکێشبکەن و بیانکەن بە جێگری دەسەڵاتی پاشایی خۆیان لە ناوچەکانی دەرەوەی چەقی پاشایەتی [ئیمپڕاتۆریی].

- سیستەمی مشەخۆریی [بۆرجوازیی]

سیستەمی مشەخۆریی لەنێو منداڵدانی سیستەمی فیئۆداڵیی سەریهەڵداوە و شان بە شانی پەیدابوونی شارەکان و بازرگانیی نێوان گوند و شاران؛ گوندەکان وەک سەرچاوەی خۆراک و شارەکان وەک سەرچاوەی سەرهەڵدانی پیشەسازی بەتایبەت پیشەسازیی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و بازاری فرۆشتنی زیادەی بەرووبووم، بوار بۆ مشەخۆریی کەسانێکی بازرگان لەسەر ڕەنجی جووتیاران و پێویستیی خەڵکی شار بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەر ئاوا لەسەر ڕەنج و بەرهەمی چینی زەحمەتکێشی تازە [کرێکار] سەرمایەداریی درووستبووە و بەگوێرەی کەڵەکەبوونی زیدەبایی و درووستکردنی کارخانە و بانک و سیستەمی دەوڵەتیی، دەسەڵاتی بۆرجواکان بەسەر فیئۆداڵەکان زاڵبووە و پێویستیی بەڕێوەبەریی مشەخۆرانەی دەسەڵاتدارانی شارەکان بۆ تێکشکاندن و لەنێوبردنی دەسەڵاتی مشەخۆریی خانزاد و میرە ناوچەییەکان، بیرۆکەی "دەوڵەت-نەتەوە"ی هاوزمانانی درووستکردووە و کردووە بە دێوجامەی خەڵەتاندن و زاڵبوون بەسەر ناڕەزایەتیی جوتیاران دژی ئاغا و بەگ و پاشاکان لەپێناو جێگربوونی دەوڵەتی سەرتاپاگیر و ئاراستەکردنی ناڕەزایەتیی جووتیاران بەرانبەر خانزاد و میرەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتخوازانی نوێ و بۆ بەدەسەڵات-گەییشتنی نوێنەرانی سەرمایەداران [ڕامیاران] بە ناوی هەموو خەڵک "نەتەوە"، کە بەس دەسەڵاتداریی چینێکی تازە بووە لەسەر چین و توێژ زەحمەتکێشەکان و لە ئەوە زیاتر هیچی دیکە نەبووە و نییە و نابێت.

له ئێستا، که سیستەمی مشەخۆریی بووە بە سیستەمێکی جیهانگیر و تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤی پاوانکردوون و ڕەنجی جووتیاران و باخداران و کرێکاران و توێژ زەحمەتکێشەکانی دیکە و سامانی کۆمەڵیشی چەپاوڵکردووە و گۆڕیوویەتی بە دارایی دەوڵەتیی و دارایی تایبەتیی چەند خێزانێکی زۆر دەوڵەتمەندی جیهان و لەسەر ئەو بنەمایانە، درووستترین و ئاسانترین شناسە بۆ (مشەخۆریی) و (سەروەریی) واژە هۆرامییەکە دەبێت "دۆڵەتمەند"؛ کەسێک کە لە دەزگەی دەوڵەتیی [دەوڵەتکردن] بەهرەمەندە، دەزگەی دەوڵەتیی ئامرازی دەستی دەوڵەتمەندانە وەک ئامرازی پاراستنی دارایی تایبەتیی و کاری کرێگرتە و سەروەریی چینایەتیی، وەک گەشەکردووترین دەزگەی سەروەریی چینایەتییی، سیستەمی قووچکەیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵی بە لووتکە گەیاندووە و مرۆڤایەتی خستووەتە سەر دووڕێیانی: سیستەمی کۆیلەتیی هەمیشەیی، یان، خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی!

بەڵام پێویستە ئەوە لەبیرنەکەین، کە گۆڕانی سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، هیچ کات میکانیکیی و ئاسمانکرد نەبووە و وەک ڕوخاندنی خانوویەک یان درووستکردنی لە هەموو گۆشەکانی دونیا وەک یەکدی بە دوای یەکدی نەهاتووە و هەرگیز خاڵی کۆتایی یەکێک لە سیستەمەکان، خاڵی سەرەتای ئەوی دیکە نەبووە، بە واتایەکی دیکە، دەستپێکردنی کۆمەڵی خێڵایەتی، دوا خاڵ و ساتی کۆتاییهاتنی کۆمەڵی کۆمونەیی نەبووە، بەڵکو سەرەتای لەنێوچوونی هەر سیستەمێک بە سەرەتای دەسپێکردنی ئەوی دیکە لەنێو سیستەمی پێشین دەستیپێکردووە. هەر ئاوا، کە هەرگیز

کۆتاییهاتنی قۆناخێک لە هەموو لایەکی گۆی زەمین هاوکات و وەک یەکدی نەبووە. لە ئەو بارەوە دەتوانین خێڵایەتی سەرنجبدەین، کە لە زۆر شوێن لەنێوچووە، کەچی هێشتا لە خۆرهەڵاتی ناوین و هەرێمی "کوردستان" ماوە و شیرازەی کۆمەڵ پێکدەهێنێت و لەتەک سیستەمی سەرمایەداریی خۆی گونجاندووە. لە زۆر شوێنی دیکە کۆیلایەتیی بۆ نێو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان سەرمایەداریی درێژبووەتەوە، نموونە کۆیلەبوونی منداڵان لە بواری پێشەرسازیی قاڵی-چنین و درووستکردنی تۆپی یاری لە پاکستان، پیشەسازی ڕەنگکردن لە بەنگلادش و هیندستان، ماسیگرتن لە فلیپین و ئەندونۆسیا و کاکاو-ڕنین لە ئەفریکا.

هەر ئاوا، ئەوە شایستەی ئاماژەدان و ڕۆشنکردنەوەیە، کە هەموو کۆمەڵەکانی سەر گۆی زەمین بە هەموو سیستەمەکانی تاکو ئێستای مێژووی مرۆڤایەتیی تێنەپەڕیون و نەبڕیون و مەرجیش نییە تێپەڕێنن، هەموو ناوچەیەکی میزۆپۆتامیا سیستەمی خێڵایەتی نەبووە و نەبڕیوە، هەر ئاوا کە بە شێوەیەکی گشتیی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین سیستەمی کۆیلایەتیی سەریهەڵنەداوە و نەبووە. بۆ ئەو مەبەستە سەردەمی ئوسمانییەکان لە باکووری ئەفەریقا کۆیلەکراوانیان بەرەو شام و بۆ نێو حەرەمسەراکانی خۆیان هێناون. بەڵام بە گشتیی لە چەند سەدەی ڕابوردوو کۆیلەبوون و کۆیلەتیی تایبەتمەندیی کۆمەڵەکانی خۆرهەڵاتی ناوین نەبوون، بەڵام هێشتا خێڵایەتی دەسەڵاتی کولتووریی و بە بەکاربردنی ئەو هێزە، هێشتا لەنێو دەسەڵاتداریی ڕامیاران بەشداریدەکات.

## سەرهەڵدانی هەرسیستەمێکی کۆمەڵ پابەندی چەند بنەمایەکە

- سیستەمی ئابووریی [جۆری دارایی و بەرهەمهێنان و بەشکردن]

- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی [ڕۆڵی تاکەکەس، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان]

- سیستەمی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی و کولتوور [ بیرکردنەوەی تاکەکەس، جۆری ئایین، بەها و نەریتە کولتوورییەکان، هونەر و ئەدەب و جیهان-بینیی، پەیوەندی ئازادیی تاک و کۆمەڵ ]

## گۆڕینی هەرسیستەمێکی کۆمەڵ پابەندی چەند پێویستییێکە

- هوشیاریی و هزر : وەک وانەی ئەزموونگیریی کرداریی و ڕوداوەکان، هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خۆهوشیاریی و هزری سەربەخۆی خۆی نەبێت، هەردەم دەبێت بە ئامرازی گەمە ڕامیارییەکان، بۆ ئەو مەبەستەیە ئەزموونگیریی لە مێژوو و ڕۆشنگەریی ڕۆشنبیرانە پێویستە.

- خۆ-ڕێکخستن : وەک پێویستیی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی، ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئاسۆییەکان وەک فێرگەی شۆڕشگەریی و تان و پۆی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی.

- بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی : وەک بەرخودان و تێکۆشان بۆ گۆڕینی سیستەمی زاڵ بەهۆی ڕۆشنگەریی و خەباتی جەماوەریی، چ کۆمەڵایەتیی و کولتووریی، چ ئابووریی.

## لەبەرچی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و بۆ چی؟

لە سەرزەمینەکانی میزۆپۆتامیا بەتایبەت لەنێو زاگرۆس-نشینەکان پێشینەی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی هەبووە و هێشتا پاشینەی ئەو سیستەمە لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیی ماوە و ئەگەر سیستەمی دەوڵەتیی و پێگەکانی دەوڵەتان لابردرێن، هێشتا لە ناوچە گوندنشینان بەراورد بە ناوچە شارییەکان دەتوانرێت ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی خۆی بپارێزێت و دەزگە سەرکوتگەرە سەربازیی و پۆلیسییەکانی دەوڵەت پێویستیی نابن.

بۆ پاراستنی سرووشتی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و زمان و سەربەخۆ بوونی ناوچەکان لە کارایی وێرانکەرانەی نەزمی تازەی بازار [نیئۆلیبرالیزم] و سەرتاپاگیریی دەوڵەتان، خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی تاقە چەکی ڕزگاربوونە، چونکە ڕەوتی نەزمی نوێی بازار لەنێوبەری هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکانە و سیستەمی "دەوڵەت-نەتەوە" بواری فرە-زمانیی و سەربەخۆیی کولتووریی ناوچەکان نادات، چوونکە هەر دوو ڕەوتەکە سەرتاپاگیر و نێوەندیی و قووچکەیی و پلەبەندیی سەر و خوارن.

بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێک خۆی لە سەرتاپاگیریی و هێرشی دەوڵەتیی و لەقاڵبدانی "نەتەوە" بپارێزێت، هەرگیز ناتوانێت بە پەیڕەوکردنی ئەو دوو پێکهاتە ڕامیارییە خۆی ڕزگاربکات، چونکە بە پەیڕەوکردنی ئەوان، کۆمەڵەکە دەبێت بە بەشێک لە ملهوریی ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی ئەوان و بە ڕەدووکەوتنی ئەوان وێران دەبێت و هەمان ڕۆڵی ئەوان دەگێڕێت؛

خۆسەپاندن و ملهوڕیی ڕامیاریی و دەمارگیری ناسیونالیستی و شۆڤێنیزمی زمانی و فاشیزمی دەوڵەتیی بەرەنجامی دەبێت، چ خوازراو یان نەخوازراو.

لەبەر ئەوە، بەس تاقە ڕێگەچارەیەک لە بەردەم خەڵکی ناوچەکان هەیە و ماوە؛ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی، کە بووە بە هۆکاری خۆ-پاراستنی هەزاران ساڵە لە هێرشی ئیمپراتۆرییەکانی ئێران و ئوسمانی و ئۆروپییەکان و داگیرکاریی دەوڵەتە هاوچەرخە ئۆروپییەکان؛ ئەوەش سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی گوند و شارە ئازادەکان بووە و لە ئێستا تاکە سیستەمێک کە بتوانێت لە هێرشی ڕەوتی نەزمی تازەی بازار [نیئۆلیبرالیزم] بەربگرێت و پەیوەندی و بەها و نەریتە ئازادیخوازییەکان بۆ بواری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بگێڕێتەوە، هەر سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبێت.

## ڕامان و هەڵسەنگاندن پێش پێشداوەرییکردن و ڕەتکردنەوە و سزاوارکردن

بۆ ئەوەی کە پێشداوەریی و گومانکردن نەبێت بە ڕێگری تێگەیشتن لە ئامانجی ئەم بیرۆکەیە، باشترە ئەم چەند خاڵە ڕەچاوبکرێن:

- ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بە خەیاڵپڵاوی دەزانرێت و بێجگە سیستەمی دەوڵەتیی ، فەرمارنداریی ، پارلەمانیی ، پارتیی [حزبی]، ناتوانرێت ئەگەری جۆرێکی دیکە ژییان و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ پێش چاو بهێنرێت و وێنابکرێت، خراپ نییە لە ئەوە بیربکرێتەوە و لە خۆ بپرسین: ئایا هەرگیز بەبێ خەیاڵ و توانای خەیاڵکردنی مرۆڤ، مرۆڤایەتی توانیوویەتی و دەیتوانی بە ئێستای خۆی بگات و مرۆڤایەتی دەیتوانی ئەو گشتە سەردەم و قۆناخ و بەدبەختییانە ببڕێت و لەنێوببات، یان بە ئاستی زانیاریی و تێکنۆلۆجیی ئێستا بگات؟

ئەوەی کە ئێستا کەسێک لەنێو ماڵی خۆی دانیشتووە و بە کلیک-کردنی دوگمەی تێلەفۆن یان کۆمپیوتەرەکەی خۆی لەتەک یار و یاوەرانی خۆی لە ئەوبەری دونیا پێکەوە قسەدەکەن و یەکدی دەبینن، تاکو دوو سێ دەهە پێشتر خەیاڵپڵاویی و ئەستەم بوو؛ ڕۆژگارێک ڕوخانی سیستەمی پاشایی لە عیراق و ئێران خەیاڵپڵاویی و ئەستەم بوو؛ ڕۆژگارێک دەرکردنی لەشکری بەعس لە هەرێمی "کوردستان" زۆر خەیاڵپڵاویی و ئەستەم بەرچاودەکەوت، ڕۆژگارێک چوونی مرۆڤ بۆ سەر ئەستێرەکانی دیکە

خەیاڵپڵاوپی بوو و بە ئەو جۆرە تەمەنی "خەیاڵپڵاوییەکان" مرۆڤایەتی هێندەی تەمەنی خودی مرۆڤایەتی درێژترە و ئەگەر مرۆڤایەتی بۆ کەتواریکردنی خەیاڵەکانی خۆی هەوڵینەدایە، ئایا ئێستا تۆ و من دەمانتوانی ئەو شتانە ببینین و بەکاربەرین، کە هەن و ڕۆژگارێک خەیاڵ بوون و هەر کەس لە بارەی ئەوان قسەیبکردایە، بە شێت ناودەبرا؟

لەسەر ئەو بنەما، بە بۆچوونی من هەر کەسێک، هەر کۆمەڵێک خەیاڵی نەبێت، هەرگێز بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە و بە ویستی خۆی ناگۆڕدرێت و دەبێت بە پاشڕەوی هێزە جیهانداگر و جیهانلووشەکان و ناتوانێت بە ئاستێکی باڵاتر لە هوشیاری و زانیاری و فێلۆسۆفی و تێکنۆلۆجی و ...تد بگات. بۆ سەلماندنی یان دەرکەوتنی ڕاستیی ئەو بۆچوونە، دەتوانین نێوان خۆمان و ئۆروپییەکان، نێوان کۆمەڵی خۆمان و کۆمەڵە ئۆروپییەکان بەراوردبکەین؛ ئێمە کە لە ئێستا خەیاڵمان نییە، یان کەم-خەیاڵین، لە شوێنی خۆمان چەقیوین و ئەوان کە خەیاڵیان هەبووە و هەیە و توانای خەیاڵکردنیان زۆرە، بە شوێنێکی دیکە گەیشتوون. هەڵبەتە من لێرەدا ناخوازم بڵێم هەموو خەیاڵێک ئەرێنی (پۆزەتیڤ) و هەموو پێشکەوتنێک ئەرێنی و هەموو گۆڕانێک ئەرێنییە و هەرچی ئۆروپییەکان پێیگەیشتوون، باش و درووست و پێویستیی مرۆڤایەتی بووە. نەخێر، بە بۆچوونی من دەکرا زۆربەی خەیاڵەکانی خەڵکی ئۆروپا بە ئاراستەیەکی دیکە بکرێن و ئەنجامێکی دیکەیان هەبێت؛ دۆزینەوە و داگیرکاریی سەرزەمینێکی کە دواتر بە "ئەمەریکا" ناونرا، خەیاڵ بوو، بەڵام خەیاڵەکە بەدیهات و بوو بە هۆکاری کۆمەڵکوژییکردنی خەڵکی ئەو سەرزەمینە. پێداگریی من لێرەدا

لەسەر گرنگیی خەیاڵکردن، مەبەس لە خەیاڵی ئەرێنییە، نەک خەیاڵی نەرێنیی؛ خەیاڵێک کە ئامانجی گەیاندنی مرۆڤایەتییە بە باڵاترین ئاستی رۆشنبیریی و ئاشتی و پێکەوەژییان و مسۆگەرکردنی ئاسوودەیی و ئارامیی و خزمەتگوزاریی. بەڵام بەبێ بەهرەکێشی و چەوسانەوە و لەنێوبردنی تواناییەکانی کەسانی دیکە، یان داگیرکردنی کۆمەڵەکانی دیکە.

- پێشداوەریی و قوفڵدانی دەرگەی گفتوگۆکردن و بیرکردنەوە لە بارەی گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردن و هەمیشەیی-زانینی سیستەمێک (سیستەمی سەرمایەداری)، کە خۆی تاکو دوێنێ خەیاڵ و ئەستەم بووە.

یەکێک لە بەرئەنجامەکانی ژاراوییبوونی هۆشی مرۆڤایەتی بە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجی ئەوەیە، کاتێک کەسێکی هزر جیاواز یان بۆچوون جیاواز لەتەک ئێمە قسەدەکات، ئەو کات لەجیاتی بیستنی بۆچوونەکەی ئەو و تێگەیشتن لە بیرۆکەکەی، ئێمە خەریکی ئامادەکردنی وەڵام و ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەی ئەو دەبین، هەڵبەتە وەک دژایەتیکردنی، چونکە ئێمە بە دەمارگیریی پارتییایەتی و ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی بارگاوی و گیرۆدە بووین و بەس یەک شت دەزانین، ئەویش دژایەتیکردنی بەرانبەرەکەی خۆمانە، هەرچەند کە بۆچوونەکەی ئەو ڕاست بێت، بەڵام لەسەر بۆچوونی خۆمان، یان لایەنەکەی خۆمان ئەگەر ناڕاستیش بێت، پێداگرییدەکەین. لە بار و کاتێکی ئاوا هۆش و ئاوەزی مرۆڤ نائامادەیە و دەمارگیریی و کڵێشەسازیی و کینەی ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی لەجیاتی ئاوەزی ئێمە بڕیاردەدەن و لەتەک بەرانبەرەکەی ئێمە مشتومڕدەکەن.

لە ئەوەش خراپتر ئەوەیە، کە بە گۆڕانی کەسەکانی دەوروبەری خۆمان بڕوانەکەین، ئەگەر کەسێک پەنجا ساڵێک پێشتر لایەنگری لایەنێک بووبێت، یان بیرکردنەوەیەکی دیکەی هەبووبێت، ئێستاش و ئەم ڕۆژگارەش، ئێمە لەسەر هەمان بنەمای بیرکردنەوەی جارانی کەسەکە بۆ کەسەکە گوێڕادێرین و بۆچوونەکانی وەربگرین. ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە ئەو بەدبەختییانە، کە ئێمە بە هۆکاری پارتییایەتی و ئایدیۆلۆجی بە ئەو گیرۆدەبووین و وەک وەرەمێک مێشکی ئێمەی لەکارخستووە و توانای بیرکردنەوە و سەرنجدان و دیتنی دونیای کەتواریی بە چاوانی خۆمان دوور لە چاویلکە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجییەکان، لەنێوبردووە.

- بڕوانەبوون بە گۆڕان، هەڵبەتە لە کاتێک، کە تەنانەت خەیاڵ و خەونی هەر یەکێک لە ئێمە و دەوروبەرەکەی خۆمان و پەیوەندییەکانی خۆمان و شێوەی ژیانی خۆمان و بیرکردنەوەی خۆمان گۆڕاون. بەڵام بەداخەوە بەرەو خراپی و ملکەچی و کۆیلەبوون و بڕوانەبوون بە توانای خۆمان و چاوەڕوانی لە ئەوە و خۆشباوەڕیی بە ئەوە، کە " سەروەرێکی دڵسۆز و سەرمایەدارێکی بە ویژدان" پەیدابێن و ئێمە لە ئەو بەدبەختییانە ڕزگاربکەن، کە ڕامیاران و سەرمایەداران بەسەر ئێمە هێناون. بەڕادەیەک لەنێو ئاوەز و هۆشی ئێمە بڕوابوون بە گۆڕان لەنێوبردراوە، کە ئەو دەستەواژە نالۆجیکانە "تۆ گۆڕاویت، فلانی گۆڕاوە، من وەک تۆ ناگۆڕێم" بوون بە بەردی بناخەی کولتووری کۆمەڵی ئێمە، وەک ئەوەی جیهانیی ماددیی هەرگیز ناگۆڕێت و هەردەم گۆڕان نیگەتیڤ بێت. ئەوەش زادەی یەقینی ئایینی و ئایدیۆلۆجیی و دەمارگیریی پارتییایەتییە.

- نووسەرەوەی ئەم بیرۆکەیە سەر بە هیچ لایەنێک، پارتییەک، فەرمانداریێک، دەوڵەتێک، ئایدیۆلۆجییێک و هیچ ڕەوتێکی ڕامیاریی نییە و شوێنکەوتن و پەیڕەویکردنی ئەو دەزگە و ڕەوت و ئاراستانە، بەس بە سرکەری هۆش و ئاوەزی مرۆڤ دەزانێت و ملکەچکردنی کۆمەڵەکان و سڕدرانەوەی کەسایەتیی و خۆبوونی ئەندامانی کۆمەڵ سەرەنجامەکەیەتی.

- بۆ ئەوەی کە بە ئاسانی جیاوازیی نێوان سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و سیستەمی (بەڕێوەبەریی ڕامیاریی) وێنابکەین، دەتوانین (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) بە خێزانێکی ئازاد وێنابکەین، کە دایک و باوک لەسەر بنەمای خۆشەویستیی یەکیانگرتبێت و سەرپەرشتیکردنی منداڵان و کارکردنی نێو ماڵ و دەرەوەی ماڵی خۆیان لەسەر بنەمای ئەرکی هاوبەش و مرۆڤانە ئەنجامدەدەن و هەمووان دایک و باوک و منداڵان، ئازادانە و هوشیارانە و بەرپرسانە ئەرکی سەر شانی خۆیان ئەنجامدەدەن و مافی یەکسان و هاوبەشیان هەیە و هیچ کەس سەروەری ئەوی دیکە، یان ئەوانی دیکە نییە؛ هەر کەس بە ڕادەی توانای خۆی لە کارەکانی نێوماڵ و خێزان [کە کۆپی کۆمەڵە] بەشداریدەکات و ئەرکەکانی ئەنجامدەدات و هەر کەس بە ڕادەی پێویستییەکانی خۆی لە داهاتی خێزانیی بەهرەمەندبێت، مافی یەکسانیش بنەمای ئازادیی هەموانە.

بەڵام بەڕێوەبەریی ڕامیاریی [ڕێکخستنی خێڵەکیی، پاشایی، سەربازیی، تاکپارتیی، فرەپارتیی | پارلەمانیی، فەرمانداریی و دەوڵەتیی] وەک خێزانی ڕەگەز-سەروەر، هەردەم کەسێک یان دەستەبژێرێک یان پارتییەک

دێکتاتۆرانە وەک باوک یان دایکی دەسەڵاتدار لەسەر کەسەکانی  دیکە فەرماندەدات و ئەوانی دیکەش بەس مافی ملکەچیی و فەرمانبردنیان هەیە. لەو بارەوە جێگربوونی دێکتاتۆریی سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵە پاشڕەوەکان باشترین نموونەیە، کاتێک کە پێکهاتەی خێزانیی و نەریتیی و بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵ، بنەما و ڕێکخستنی دیکاتۆرییان هەبێت، لە بارێکی ئاوا دێکتاتۆریی لەنێو ئەوان ئامادەییەکی هۆشیی و کولتووریی و بەرجەستەی دەزگەیی هەیە. لەو ناوچانەی کە پێکهاتەی خێڵەکیی هەیە و ئایین و دەسەڵاتی خێڵەکیی تێکەڵ بوون، کوشتنی ژنان، بەردبارانکردنی ژنان، ملکەچکردنی منداڵان و لاوان دیاردەیەکی کولتووریی و کۆمەڵایەتییە و لە ناوچە ناخێڵەکییەکان وێڕای زاڵیی هەمان سیستەمی دیکتاتۆریی ئایینگەرای ڕامیاریی، کەچی کوشتنی ژنان و بەردباران و چەپاندنی منداڵان و لاوان کەمترە و نەیتوانیوە و ناتوانێت وەک ناوچە خێڵەکییەکان جێگیر و سەرتاپاگیر ببێت و کۆمەڵایەتیی ببێتەوە.

ئەوەش بۆ جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باری کولتووریی و پێکهاتەی خێزان دەگەڕێتەوە، وەک بنەڕەت یان یەکەی پێکهاتەی سیستەمی بەڕێوەبەریی هەر کۆمەڵێک، کە سیستەمی بەڕێوەبەریی هەر کۆمەڵێک ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵیش ڕەنگدانەوەی جۆری پەیوەندییەکانی ئەندامانی خێزان دەبێت. بە هەمان هاوکێشەی نێوان [تاکی ئازاد <> کۆمەڵی ئازاد، کۆمەڵی ئازاد ⇔ تاکی ئازاد]، پەیوەندییە خێزانییەکان ڕەنگدانەوەی نەریت و بەهای کولتووریی و پێگەی ئەندامانی کۆمەڵ لەنێو سیستەمی بەڕێوەبردن دەبن.

بەو جۆرە ئەگەر هەر کەس بیەوێت بۆ گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵ تێبکۆشێت، پێویستە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و پێکهاتەی خێزانیی تێبکۆشێت، چونکە گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵ پێویستی بە گۆڕینی پایە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و کولتوورییەکانی هەیە، کە لەنێو ئەوان پێکهاتەی خێزانیی و ئابووری خێزان و سیستەمی پەروەردەی خێزانیی بنەمای سەرەکییان هەیە؛ خێزان وەک پێکهاتەیەکی بنکەیی پێکهاتەی کۆمەڵ.

- لە باری زمانەوانیی و میکانیزم و پراکتیک (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و (بەڕێوەبەریی ڕامیاریی) دوو شتی جیاوازن و لە باری یەکەم (سیستەمی کۆمەڵایەتیی) تاک و کۆمەڵ [گوند ، ناوچە ، شار ، هەرێم ، کیشوەر*] خۆیان بڕیاردەری خۆیان دەبن و خۆیان ئایەندەی خۆیان، ژیانی خۆیان، سیستەمی ژیانی خۆیان دەستنیشاندەکەن و هیچ کەس سەروەری هیچ کەسێکی دیکە نییە، هەموو کەسەکان لە ئەرک و ماف و بڕیاردان هاوبەش دەبن. بەڵام لە باری دووەم (سیستەمی ڕامیاریی)، زۆربەی خەڵک یان نزیکەی هەموو خەڵک هیچ مافێکی بڕیاردانی نییە و بەس پیادەکەری فەرمانی فەرماندەران و بەنێو کاناڵی پێچاوپێچی وەک پارتیی و پارلەمان و فەرمانداریی و دەوڵەت، کەسانی دیکەی دەبن بە نوێنەر و جێگری کەسە بێدەسەڵات و نەدارەکان و پێکهاتەی کۆمەڵ قووچکەیی دەبێت؛ سەرەوە بۆ خوارەوە بڕیاردەدات.

- هەموو کۆمەڵ و ناوچەیەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کۆمەڵە ئازاد-گوند و ئازاد-شارەکان پێکهاتەی خێڵەکیی و کۆیلەییان نەبووە و نەبڕیوە. وەک زۆربەی کۆمەڵە ئازاد-گوند و ئازاد-شارەکانی دیکەی جیهان شان بە شانی گەشەکردن و جێگربوونی تاکگەرایی و ئازادی کەسیی، لەتەک ڕەوتی کۆمەڵایەتیی-بوون و سەرهەڵدانی سڤیلیزەیشن [مەدەنیی بوون]، هەرەوەزیی ئازادانە لەسەر بنەمای ئازادیی و خۆویستیی کەسەکان سەریهەڵداوە و بووە بە بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵی ئازاد- گوند و ئازاد-شار و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی. هەر ئەو هۆکارەیە کە کۆمەڵی ناخێڵەکییەکان لە کۆمەڵەکانی دەوروبەری خۆیان جیادەکاتەوە و ئارامی کۆمەڵایەتیی و ئازادی کەسیی دەکات بە بنەما و تایبەتمەندیی کۆمەڵەکانی ئەوان.

لەسەر ئەو بنەمایانە، من لێرەدا دەخوازم بیرۆکەی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) بەرچاوی ئێوەی خوێنەری بخەم و بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵ و ناوچە ناخێڵەکییەکان وەک گونجیاوترین کۆمەڵی ئەم سەردەمە بۆ سەرهەڵدانی خێراتری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرم. هەڵبەتە ئەو شتە لەبیرنەکەین، کە لەنێو کۆمەڵە ناخێڵەکییەکان پێشتریش بنەمای سیستەمێکی ئاوا هەبووە؛ ئازاد-گوند و ئازاد-شار، دێمۆکرات [مەبەس هەڵبژاردن و بڕیاردان و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی و ئازادانەیە، نەک سیستەمی پارلەمانی]، ئازادی کەسیی، هەرەوەزیی ئازادیخوازانە و خۆخوازانە، دەزگەی کۆمەڵی سڤیلیستی، سەربەخۆخوازیی و بەرەنگاریکردنی هێرشی ئیمپراتۆرەکان و بەرخودانی کۆمەڵایەتیی بە درێژایی مێژوو هەبوون و تاکو ڕادەیەک لە ئەم ڕۆژگارەش ماون.

# چەند پرسیار و وەڵامێك لە بارەی بیرۆكەی
# (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی كۆمەڵایەتی)

## سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چییە؟

سیستەمێکە کە هەموو خەڵکی شوێنێک؛ ئیدی گوند بێت یان گەڕەکێکی شار و سەراپای شار، یان شوێنی بەرهەمهێنان و خزمەتکردن و فێربوون بێت، یان ناوچە و هەرێمێک بێت، هەموو کەسەکان پێکەوە بەبێ پێچاوپێچیی دەزگە ڕامیارییەکان، لەنێو کۆبوونەوەکانی شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان و خوێندنی خۆیان لە بارەی پرسە هاوبەشەکانی خۆیان، لە بارەی ئەو شتانەی کە ئەنجامدانی ئەوان بۆ کۆمەڵ پێویستە، گفتوگۆدەکەن و پاش بە سەرەنجامگەییشتنی خەڵک، لە بارەی ئەوانە بڕیاردەدرێت و بۆ ئەو مەبەستە، بۆ سەرپەرشتیکردن و ئەنجامدانی بڕیارەکان، کەسانی خۆبەخش و دڵسۆز وەک ڕاسپێردراوان هەڵدەبژێردرێن و هەر لەوێش پێویستییەکانی ئەنجامدانی ئەرکەکان هەڵدەسەنگێندرێن و دەستنیشاندەکرێن. بەواتایەکی دیکە، سیستەمێکە کە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵک دادەمەزرێت و بڕیارەکان لە ڕەزامەندیی خەڵک ڕەوایی وەردەگرن و هەر ئاوا ڕاسپێردراوان* بەبێ پێچوپەنا و بە دەنگدان و هەڵبژاردنی خەڵک دەستنیشاندەکرێن و سەرپەرشتیکردنی ئەنجامدانی بڕیارەکان بە ئەوان دەسپێردرێت.

بەکورتیی و پوختیی، سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای پێویستییەکانی خەڵک و بڕیاردانی خودی خەڵک و هەڵبژاردنی سەرپەرشتیکەران (ڕاسپێردراوان) بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکانی خەڵک، هەمووان لە لایەن خەڵک دەسنیشاندەکرێن و هیچ دەسەڵاتێک لە بان

سەری خەڵک بڕیاردەر نابێت و نییە؛ نە پارتی [حزب]، نە میلیشیا، نە پۆلیس، نە سوپا، نە پارلەمان، نە فەرمانداریی [حکومەت]، نە دەوڵەت؛ خەڵک خۆی بڕیاردەر و خۆی دەستنیشانکەر و خۆی جێبەجێکەر و خۆی بەڕێوەبەری کۆمەڵی خۆی دەبێت؛ کرێکاران خۆیان سەرپەرشتیکەر و پارێزەری شوێنی بەرهەمهێنان دەبن، خوێندکاران و مامۆستایان خۆیان سەرپەرشتیکەر و پارێزەری فێرگەکان دەبن، هاوسێیانی کۆڵانێک، گەڕەکێک خۆیان سەرپەرشتیکەر و پارێزەری کۆڵانەکان و گەڕەکەکانی خۆیان دەبن، خەڵکی گوندکان خۆیان بەڕێوەبەر و پارێزەری گوندەکانی خۆیان دەبن، خەڵکی ناوچەکان خۆیان ڕێکخەری بەڕێوەبەریی و پارێزەری ناوچەکەی خۆیان و بە ئەو جۆرە، تاکو بە شارەکان و هەرێمەکان و کیشوەرەکان [قارەکان] دەگات، خەڵکی هەر شوێنێک خۆی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیکەر و پارێزەری خۆی دەبێت، بڕیاردان و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و فریاگوزاریی و پارێزگاریی و بەڕێوەبردنی شوێنەکان و کۆمەڵ، ئەرکی خودی کەسەکانی ئەو شوێنە دەبێت.

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی واتا هەنگاو بە هەنگاو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی (خێڵەکیی) و "وڵاتیی" و (دەوڵەتیی)؛ (فەرمانداریی) و (پارلەمانیی) و (سوپایی) و (سیخوڕیی) و (پۆلیسیی) و (مافیایی) و جێگەگرتنەوەی ئەوان بە تان و پۆی خۆبەڕێوەبەریی گوندان و شاران و ناوچان و هەرێمان و یەکگرتنەوەی خۆبەڕێوەبەریی ئەوانەش لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی لەنێو سیستەمێکی فێدراڵیستیی بە پێکهێنانی تۆڕەکان یان فێدراسیۆنە ناوچەیی

و کۆنفیدراسیۆنە کیشوەرییەکان [قارەییەکان]، تاکو بە یەکگرتن و یەکبوونی هەموو جیهان دەگات. بە واتایەکی دیکە هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێکهاتە ڕامیاری و زۆردارەکییەکان و جێگرتنەوەی ئەوان بە یەکگرتنی ئازادانەی خەڵکی ناوچەکان و هاوپشتی و هاودەردی و هەرەوەزی کۆمەڵایەتیی هەموو دانیشتووانی ناوچە و هەرێم و کیشوەرەکان و جیهان.

خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی تازە و نەناسراو نییە، ئەگەر لەنێو هەر کۆمەڵێکی جیهان لە ئەو بگەڕێین، لە ڕابوردوو هەبووە و هێشتا لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێک شوێنەواری ماوە؛ دێمۆکراسی و ئازادییە کەسیی و گشتییەکان و یەکسانی و دادپەروەریی و هاوپشتی و یەکێتی ئازادانەی خەڵک و ژینگەپارێزیی و خۆبەسێی ئابووریی و یەکگرتنی خۆبەڕێوەبەریی خەڵک بنەمای ئەو دەبن.

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی زۆر سادە و ئاسانە، ئەگەر کەسەکان بتوانن هۆش و ئاوەزی خۆیان لە جاڵجاڵۆکەی سیستەمی دەوڵەتیی و پارتییایەتیی و بازاریی ڕزگاربکەن. بۆ نموونە، خەڵکی گوندێک دەیانەوێت ڕێکخستنی خۆبەڕێوەبەریی خۆی [ئەنجوومەن ، شوورا ، کۆمون ، ...تد] دەستنیشاندبکات، هەنگاوی یەکەم، ئەگەر گوندەکە گەورە بێت و لە چەند بەش و گەڕەکان پێکهاتبێت و کۆمەڵێک شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتگوزاریی و ..تد لەنێو هەبن، پێویستە سەرەتا گەڕەکەکان و کارگەکان و فێرگەکان و ..تد ڕێکخراوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی خۆیان لەسەر بنەمای ڕێکخستنی ئاسۆیی و نانێوەندیی-بوون ڕێکخراوەکانی خۆیان

پێکبهێنن و ئامانجەکان و داخوازییەکان و ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی خۆیان دەستنیشاندەکەن و دەستەی سەرپەرشتی بۆ ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەستنیشاندەکەن.

هەنگاوی دووەم، ڕاسپێردراوانی هەموو گەڕەکەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی شوێنەکانی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتگوزارییەکان پێکەوە [ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەری، یان شوورای خۆبەڕێوەبەری، کۆمیتەی خۆبەڕێوەبەری، ...تد ] پێکدەهێنن و دیسان ماوەی سەرپەرشتیاریی دەستەی هەڵبژێردراوی ڕاسپێردراوان، هەمان ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوە ڕاسپێردراوانی هەموو ڕێکخراوەکان دەبێت. بۆ نموونە: ئەگەر هەژماری کەسەکان لە کارگەیەک، فێرگایەک، خزمەتگەیەک لە پێنج کەس کەمتەر بێت، دەکرێت یەک ڕاسپێردراو بۆ بەشداریکردنی ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەری گوند | شار دەستنیشانبکرێت، ئەگەر هەژماری ئەوان لە نۆ کەسا زیاتر بێت، پێویستە سێ ڕاسپێردراو بۆ ڕاسپێردراویی ڕێکخراوەکەی خۆیان بۆ نێو ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەری گوند | شار هەڵبژێرن؛ بە شێوەیەکی گشتی - لە باری ئاسایی، پێویستە دەستەی ڕاسپێردراوان لە سێ کەس کەمتەر نەبێت. مەرجی سێ کەس-بوونی ڕاسپێردراوان بۆ ئەوەیە، کە وەک میکانیزمێک لە دەسەڵاتخوازیی و مشەخۆریی کەسەکان ڕێگرییبکرێت و دوو کەسەکەی دیکە مسۆگەرکەری ئەو میکانیزمە ڕێکخراوەییە بن، کە هیچ ڕاسپێردراوێک بە تەنیا نەتوانێت بە ناوی ڕێکخستنی بەشەکەی خۆی یان شوورای گەڕەک و گوند و شارەکەی خۆی قسەبکات و بڕیاربدات.

بەڵام ئەگەر گوندێک ھەژماری خەڵکەکەی کەم بێت و گەڕەک و فێرگە و کارگەی زۆری نەبن، زۆر ئاسایی خۆبەڕێوەبەرییەکەی بەس لە کۆبوونەوەی گشتیی ھەموو خەڵکی گوند پێکدێت و لەنێو کۆبوونەوەکانی بەس ڕاسپێردراوانی سەرپەرشتی ئەنجامدانی پرۆژەکان گوند و ھەر ئاوا ڕاسپێردراوان بۆ بەشداریکردن لەنێو فێدراسیۆن یان خۆبەڕێوەبەریی ناوچەکەی ھەڵدەبژێرێت و دەستنیشاندەکرێن.

لەنێو ھەڵبژێردراوانی ڕێکخراوەکان چەند کەسێک خۆبەخشانە خۆیان بۆ لە ئەستۆگرتنی ڕاسپێردراویی بڕیارەکانی خەڵک دەستنیشاندەکەن و خەڵک ئەوان ھەڵدەبژێرێت، ھەڵبەتە لەسەر بنەمای دەنگدانێکی ئازادانە و پەنھان یان ئازادەی ئاشکرا، ھەر کەس لە خەڵکی گوند یان کرێکاران و جوتیاران و باخەوانان و خوێندکاران و خزمەتکاران ..تد بە ڕاسپێردراوی دڵخوازی خۆی دەنگدەدات، سەرەنجام چەند کەسێک بەگوێرەی ئاماری سەرژمێری خەڵکی ئەو شوێنە بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕاسپێردراویی و ..تد دەستنیشاندەکرێن و بڕیارەکانی کەسە ھەڵبژێرەکان ئەنجامدەدەن و لەتەک ڕاسپێردراوانی شوێنەکانی دیکە گفتوگۆدەکەن و بە خۆبەڕێوەبەرییەکانی یەکدی ھاریکاریدەکەن.

نموونەیەکی دیکە بۆ ڕۆشنکردنی ئەرکی ڕاسپێردراوان و سنووری بڕیاردانی ئەوان: دانیشتووانی گوندێک لەنێو کۆبوونەوەی ئاسایی یان کۆبوونەوەی پەلە و نائاسایی لە بارەی پێویستییە گشتییەکانی خۆی [ زێراب، کاناڵیزەی ئاو، نەخۆشخانە، فێرگە، ڕێگەسازی، سیستەمی پەروەردە و خوێندن،

...تد] گفتوگۆدەکات، لەسەر ئەنجامدانی پڕۆژەیەک یان چەند پڕۆژەیەک بڕیاردەدات، پێویستییە کەرەستەیی و جەسەییەکانی پڕۆژەکە دەستنیشاندەکرێن، بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان، لەنێو ئەو کەسانە کە ئامادەیی خزمەتکردنی ئەو گوندەیان هەیە، هەر لەوێ لە لایەن خەڵک دەستەی سەرپەرشتیکردنی ئەنجامدانی ئەرکەکان دەستنیشاندەکرێت، دەستەی سەرپەرشتیکردن بەرهەمهێنان و چالاکییەکانی خۆی دەستپێدەکات و ئەگەر گرفتێک یان ڕێگریی یان کەمیی کەرەستە پێویستەکان پێش بێت، هەنگاوی یەکەم، داخوازی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی گوند دەکرێت، ئەگەر لەوێندەرێ گرفتەکە چارەسەر نەبوو، ناچار کۆبوونەوەی نائاسایی خەڵکی گوند داخوازیدەکرێت و پرسەکان گفتوگۆدەکرێن و چارەسەردەکرێن. ئەگەر نەتوانرا کەرەسە پێویستەکانی ئەنجامدانی پڕۆژەکە لە داهاتی خودی گوند مسۆگەربکرێن، بۆ مسۆگەرکردنی پێویستییەکان، دەستەی ڕاسپێردراوان گوند لەنێو ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی ناوچە، لە ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی گوندکانی یان ڕێکخراوەکانی دیکە یارمەتی داخوازیدەکات.

لە بەرانبەر بیانووی نەیارانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، کە دەڵێن "خەڵک بۆ ئەو هەموو کۆبوونەوانە کاتی نییە، یان هەموو خەڵک توانا و ئاوەز و هوشیاریی بەڕێوەبردنی نییە"، یەکەم کۆبوونەوەکان وەک شەونشینییەکان لە کاتی پێویست ئەنجامدەدرێن، دووەم کەسێك توانا و ئاوەز و هوشیاریی بەڕێوەبردنی نەبێت، مردووی نێو گۆڕستانە و هەموو کەس لەنێو خێزان و ماڵی خۆی خۆبەڕێوەبەرییەکی هەیە، کەسێک بتوانێت بەرهەمبهێنێت،

دەتوانێت بەرهەمهێنانەکەش ڕێکبخات و بەڕێوەبەرێت؛ یەکێتی توانا و ئاوەز و هوشیاریی گشتیی مسۆگەرکەری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ دەبێت و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی هەموو خەڵک زۆر لە بەڕێوەبەریی ڕامیاران و جەنەڕاڵەکان و سەرمایەداران باشتر و سەرکەوتووتر دەبێت، چونکە لەنێو ئەو یەکێتیی هۆش و ئاوەز و تواناییەکانی گشت خەڵک بەرجەستەدەبن، ڕێک بە پێچەوانەی سیستەمی سەربازیی و تاکپارتیی و پارلەمانیی، کە کەسانێکی سەپێندراو یان هەڵبژێردراو وەک نوێنەر و جێگرەوەی خەڵک بڕیاردەدەن و کەسی هەڵبژێر و دەنگدەر [خەڵک] هیچ مافێکی بۆ بڕیاردان و لادانی هەڵبژێردراوان و گۆڕینی بڕیارەکان نییە و نابێت؛ سیستەمی ڕامیاریی لە پاشایی و سەربازیی و تاکپارتیی و بۆ پارلەمانیی، سیستەمی مسۆگەرکردنی سەروەریی و مشەخۆریی کەمینەیەکی ڕامیار-پیشە و دارایە لەسەر ڕەنج و خۆشباوەڕیی و دەستەمۆیی خەڵک.

## کۆبوونەوەی گشتیی چۆن ئەنجامدەدرێت و ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوە چەند دەبێت؟

پێش هەموو شتێک دەبێت بەشداریکردنی هەر کەسێک لەنێو ئەو کۆبوونەوە ئازادانە بێت و هیچ ناچاریکردنێکی لەنێو نەبێت و ئارەزوومەندانە بێت. بەپێچەوانەی ڕابوردوو، کە لەوانەیە زۆر جاران کۆبوونەوەی خەڵک ئاسان نەبووبێت، کە تێکنۆلۆجیای ئینتەرنێتیی و پەیوەندی دیجیتاڵیی نەبوو، یان بە ئاستی ئێستا نەگەیشتبوو، بەڵام ئێستا زۆر بە ئاسانی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردنی خەڵک، یان بەشێک لە خەڵک لە هەر کاتێک و هەر شوێنێک بن، زۆر بە ئاسانی ئەنجامدەدرێت و تەنانەت ئەگەر ئەندامێکی کۆمەڵەکان بۆ گەشتوگوزار بۆ ناوچەیەکی دیکەی جیهانی چووبێت، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لەنێو کۆبوونەوەی یان گفتوگۆکردنی خەڵکی شوێنی خۆی بەشداریدەکات. بێجگە لەوە پێویستە کۆبوونەوەی خەڵک پابەندی پارتییایەتی و نەژاد و ڕەگەز و ڕەنگ و کولتوور نەبێت، بەڵکو هەموو کەسەکانی ئەو شوێنە یان ئەو کارگە و ناوچەیە بگرێتەوە، کە کۆبوونەوەکە بە ژیان و بەرهەمهێنان و خوێندن و حەزەکانی ئەوان پەیوەستدەبێت، هەڵبەتە بەشداریکردنیش لە هەر کاتێک و هەر شوێنێک ئارەزوومەندانە دەبێت.

کۆبوونەوەی گشتیی واتا کۆبوونەوەی هەموو خەڵکی کۆڵانێک، گەڕەکێک، گوندێک، یان کرێکارانی کارخانەیەک، جوتیارانی کێڵگەیەک، مامۆستایان و خوێندکارانی فێرگەیەک و خزمەتکارانی [خزمەتکردن لە بوارەکانی

نەخۆشخانە و پیرخانە و باخچەی منداڵان و سەرپەرشتی پەککەوتووان و کرێکارانی ئاو و ئاوەڕۆ و ئەلەکتریک و ...تد] بۆ گفتوگۆکردنی پرسە هاوبەشەکانی خۆیان، دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکانی خۆیان، مسۆگەرکردنی کەرەستەکان و پێویستییەکانی خۆیان، بڕیاردان و دەستنیشانکردنی ئەرکەکان لەتەک ئەنجامدانی بڕیارەکان و هەر ئاوا هەڵبژاردنی دەستەی سەرپەرشتیکردن و پیادەکردنی بڕیارەکان [ڕاسپێردراوان]، بەو جۆرە هەنگاو بە هەنگاو هەموو بوارەکانی ژیان تاکو بە پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەرییەکان و هەر ئاوا خۆبەڕێوەبەریی گوندان و ناوچەکان و شارەکان و هەرێمەکان دەگات.

بەڵام کەسێک کە ئامادەی بەشداریکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، یان پێکهێنانی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان، یان ڕێکخستنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن، یان گوند و شار نەبێت، مەرج و ئەرک نییە، کە دەبێت بەشداریبکات، بەڵام مافی بەشداریکردنی کۆبوونەوەکانی دەبێت، چونکە سەرەڕای جیاوازیی بیرکردنەوەی، یان جیاوازی شێوەی ڕێکخستنی ژیان و کاری خۆی، هەر ئەندامی کۆمەڵ دەمێنێت و هەموو گرفتێک و بڕیارێکی کۆمەڵایەتیی ئەویش دەگرێتەوە و بەشداریکردن مافی بنەڕەتیی ئەو دەبێت.

بەشداریکردنی کۆبوونەوە گشتییەکان، گفتوگۆکردن لە بارەی پرسە هاوبەشەکان و بڕیاردان و دەنگدان و هەڵبژاردن، خۆهەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرپەرشتیکردن مافی هەموو کەسێک دەبێت و هیچ مەرجێکی

دارایی و دارابوون و ناوبانگداریی و پسپۆڕیی و پلەی ئەکادێمیستیی، یان بوونی پلە و پایەی پارتییایەتیی و ڕامیاریی نییە. بەپێچەوانەوە پێویستە لەنێو کۆبوونەوە گشتییەکان لە هەر کۆششێکی ڕامیاریی بۆ زاڵبوون بەسەر کۆبوونەوەکان و کێشکردنی خەڵک بۆ نێو گرووپ و پارتییە ڕامیارییەکان، یان هەر پڕۆپاگەندەکردنێکی ڕامیاریی و هەر فێڵ و تەڵەکەیەکی ڕامیاریی و پارتییبازیی و ئایدیۆلۆجگەریی ڕێگرییبکرێت و هەر ئاوا بەرگرتن لە کەسە داراکان، کە بۆ سەپاندن و بەدیهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتیی لەنێو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کۆششدەکەن و دەسەڵات و پێگەی ئابووریی خۆیان بۆ زاڵبوونی بەسەر خەڵکی بەکاردەبەن، ئەلف و بێی چالاکی و کۆششی کۆبوونەوە گشتییەکان دەبێت.

بە کورتیی و پوختیی، پێگەی ئابووریی و دارابوون و پلەی ئەکادێمیستیی و شارەزایی بوارەکان و لایەنداریی ڕامیاریی نابێت بەرتەریی بن بۆ خۆهەڵبژاردن و هەڵبژاردن و ڕاسپێردراوبوون و بەشداریکردنی دەستەی سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی؛ بەس دڵسۆزیی و پاکیی و خۆبەخشیی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ مەرج و بنەما دەبن بۆ خۆهەڵبژاردن و ڕاسپێردراویی و بەشداریکردنی دەستەی سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوەکان و هەر ئاوا بۆ دەستەی ڕاسپێردراویی خۆبەڕێوەبەریی گوند و شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتگوزاری و ....تاکو دەگاتە ناوچە و شار و هەرێم و کیشوەرەکان و جیهان.

## مووچە و خەرج و پاداشت بۆ ڕاسپێردراوان چەند دەبێت، کێ ئەو مووچە و خەرجە مسۆگەردەکات و لە چ سەرچاوەیەکەوە دێت؟

پێش ئەوەی بە ئەو پرسیارانە وەڵامبدرێتەوە، پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت، (ڕاسپێردراو) لە (نوێنەرایەتیی و جێگریی - پارلەمانتاریی جیاوازە، کە لەنێو سیستەمە ڕامیارییەکان هەیە)، ڕاسپێردراو واتا کەسێک ڕاسپێردراویی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک دەکات و بڕیارەکانی خەڵک وەک ئەرکێکی ڕاسپێردراوی سەر شانی خۆی ئەنجامدەدات، ڕاسپێردراو هەر هێندەی کەسە هەڵبژێرەکان [کەسانێک کە بە ڕاسپێردراویی ئەو دەنگیانداوە] مافی بڕیاردانی دەبێت و لەنێو هیچ دانیشتنێک، یان کۆبوونەوەیەک، یان گفتوگۆکردنێک ئەو مافەی نییە، کە بۆچوونی کەسیی خۆی، یان حەز و بڕیارە کەسییەکانی خۆی بە ناوی خەڵک بگەیێنێت و هەر شتێک کە خەڵکە هەڵبژێرەکە بڕیارینەدابێت، ئەو [ڕاسپێردراو] مافی گوتن و پیادەکردن و گفتوگۆکردنی نییە. هەر کاتێکیش لە باری نائاسایی وەک جەنگ ڕاسپێردراو زیندانییبکردێت، یان دەسبەسەربکرێت، پێویستە خۆبەخۆ ڕاسپێردراوییەکەی لە دەستبدات، تاکو هەم گیانی خۆی پارێزراو بێت و نەکەوێتە ژێر فشاری زیندانیکەران و هەم بە هۆی ناچاریی و دەستبەسەریی نەتوانێت بە ناوی خەڵک سازشبکات، یان بە سازشکردن ناچاربکرێت و لاوازیی ئەو ببێتە لاوازیی کۆمەڵەکەی.

بەکورتی و پوختیی، ڕاسپێردراو جێبەجێکەرە "عەبدولمەئموورە"، نەک بڕیاردەر. لە بارێکدا، کە لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەبێت، یان

لە گفتوگۆکردن لەتەک ڕاسپێردراوی خۆبەڕێوەبەری کارگەکانی دیکە، یان ڕاسپێردراوی گوندێکی دیکە، یان ڕاسپێردراوی ناوچەیەک و هەرێمێکی دیکە، بە سەرەنجام نەگەن، ڕاسپێردراو ئەو مافەی نییە، کە لەجیاتی خەڵک بڕیاربدات و سازشبکات، بەڵکو دەبێت بۆ لای ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە، کە ئەوی بە ڕاسپێردراو هەڵبژاردووە و جارێکی دیکە سەرەنجامی گفتوگۆکردنەکە، یان ئەنجامدانی ئەرکەکەی بە خەڵکەکە بگەیێنێتەوە و خەڵک بڕیاربداتەوە، کە ڕاسپێردراو هەنگاوی دواتر چی بکات، یان چی نەکات، ئەگەر نا، ڕاسپێردراویی خۆی لەدەستدەدات.

بێجگە لەوەش، هیچ کات ڕاسپێردراوی خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان یان دانیشتن و گفتوگۆکردن لەتەک شوێنەکانی دیکە، تاقە کەسێك نییە و نابێت. پێویستە ڕاسپێردراویی لە سێ کەس کەمتەر نەبێت، واتا لە هەموو ئاستەکان پێویستە ڕاسپێردراویی بە شێوەی کۆمیتەیی بێت و ماوەکەی ڕاسپێردراوییکردنەکە هەمیشەیی نەبێت و ماوەی بوون و کارکردنی، ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکەکە دەبێت. دەکرێت یەکێک لە ڕاسپێردراوکان لەسەر بنەمای دڵسۆزیی و بڕوای خەڵکەکە زۆر جار هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام هەرگیز بەبێ ڕەزامەندیی خەڵکەکە مافی درێژەدان بە ڕاسپێردراویی نابێت و هەموو بڕیارێک بۆ هەڵبژێرەران دەگەڕێتەوە.
لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی کە مەبەستی ئەم پڕۆژە پێشنیارییە، ڕاسپێردراویی هیچ پاداشت و بەرتەرییەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نییە، بەس هۆگریی کەسیی کەسەکانە، وەک هەر هۆگرییەکی هونەریی و ئەدەبیی و وەرزشیی، پێویستە خۆبەخشانە بێت. شێوازی

بەڕێوەبردن لە ڕامیاریکردنەوە دەگۆڕدرێت بە هونەری ڕێکخستن و گونجاندن؛ هونەرێک کە زۆربەی مرۆڤەکان بە سرووشت لە هەبوونی ئەو بەهرەمەند هەن، بەڵام سیستەمی قووچکەیی و نێوەندیی ڕامیاریی بە هۆی لە-خۆ-بێگانەکردنی کەسەکان، ئەو بەهرە سرووشتییەی لەنێوبردووە و زۆربەی کەسەکان لە ئەو بارەوە بڕوایان بە خۆیان نەماوە.

ڕاسپێردراویی هیچ مەرجێکی کولتووریی و ئەکادێمیستیی و تەمەنیی و دارایی نییە. دەستنیشانکردنی تەمەنی ڕاسپێردراو بۆ سەروو هەژدە ساڵ، لەبەر ئەوە نییە، کە منداڵان و نەوجەوانان شایستەیی ڕاسپێردراوییان نەبێت، یان ئەو مافیان نییە، نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەیە، کە منداڵان و نەوجەوانان هەلی تەواوی خۆیان بۆ یاریکردن و ڕابواردن و خۆشیی تەمەنی منداڵیی و نەوجەوانیی خۆیان هەبێت و گەشەکردنی دەروونیی و جەسەیی و هۆشیی ئەوان نەکەوێتە ژێر باری قورسایی کارەکانی کۆمەڵ. هەڵبەتە ئەوەش بە ئەو واتا نییە، کە منداڵان و نەوجەوانان بە هیچ جۆرێک لەنێو چالاکییەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و هەرەوەزی و خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی هیچ ڕۆڵیان نییە و نابێت. نەخێر، ئەوانیش وەک هەر چین و توێژێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی لە ڕێی ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە لە پێکهێنانی بنەماکانی خۆبەڕێوەبەریی بەشدارییدەکەن و ڕێکخراوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی و وەرزشیی و هونەریی و زانستیی و ...تد منداڵان و نەوجوانان بەشێک دەبن لە پەیکەرەی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و لە بڕیاردانەکان بەشداردەبن و داخوازیی و پێویستییەکانی ئەوانیش بەشێک دەبن لە ئەرکەکانی ڕاسپێردراوە هەڵبژێردراوەکان. منداڵان و نەوجەوانان لەنێو خۆبەڕێوەبەریی

کۆمەڵایەتی ڕاسپێردراویی ڕێکخراوەکانی خۆیان دەکەن، هەر ئاوا لە پێکهێنانی پەیکەرەی یەکگرتنی فێدراڵیستییانەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی هەر وەک خۆبەڕێوەبەریی گوندەکان یان شارەکان، ڕاسپێردراوی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕاسپێردراوانی منداڵان و نەوجوانانیش بەشداردەبن و پێویستە بەشداریبکەن و مافی بڕیاردانی ئەوان هەبێت و داخوازییەکانی خۆیان پێشنیاربکەن.

## سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چۆن پێکدێت؟

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای یەکگرتنی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان پێکدێت. هەڵبەتە هەموو ڕێکخراوێکی بەناو "جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی" ناتوانێت پایەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بێت؛ بۆ نموونە ڕێکخستن و شێوازی پەیوەندیی و بڕیاردانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و ڕێکخراوە بەناو "جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە" پاشکۆ و پاشڕەوەکانی پارتییە ڕامیارییەکان و فەرمانداریی و دەوڵەت تەواو پێچەوانەی ڕێکخستن و شێوازی پەیوەندی و بڕیاردانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراون و دەبزوێن و کاردەکەن؛ ئامانجەکانی ئەوان تەواو پێچەوانەن؛ هەر ڕێکخراوێک پەیکەربەندیی قووچکەیی و بڕیاردانی نێوەندگەرایانەی هەبێت، ناتوانێت پایە یان تان و پۆی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی پێکبهێنێت، ڕێکخراوە قووچکەیی و ڕامیارییەکان بەس لەتەک سیستەمی دەوڵەتیی و پارتییایەتی دەگونجێن، چونکە ئامانجی هەر دوو (ڕێکخستنی بەناو "جەماوەریی" قووچکەیی و نێوەندگەرا) و (سیستەمی فەرمانداریی-دەوڵەتیی ) پاراستنی سەروەریی و مشەخۆریی کەمینەی ڕامیاران و داراکان دەبێت لە سەر ڕەنج و خۆشباوەڕیی ئەندامانی کۆمەڵ، کە ئەوەش ڕەتکردنەوەی ئامانجەکان و بنەماکانی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ) دەبێت.

ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییانەی کە دەتوانن پایە یان تان و پۆی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی پێکبهێنن، پێویستە بە کۆبوونەوەی گشتیی

خەڵکی گەڕەکەکان، شوێنی بەرهەمهێنان و شوێنی خوێندن و ...تد پشتببەستن، کە لەنێو ئەوان دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ پەیڕەودەکرێت؛ لەوێ لە بارەی پرسەکانی کۆمەڵ و شوێنی بەرهەمهێنان و شوێنی خوێندن و شوێنەکانی دیکە گفتوگۆدەکرێت و هەر لەوێیش لە بارەی ئەوان بڕیاردەدرێت و هەر لەوێیش دەستەی ڕاسپێردراوان بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەنجامدانی بڕیارەکان دەستنیشاندەکرێت؛ بە واتایەکی دیکە، ڕاسپێردراو بڕیادەر نییە، بەڵکو ئەنجامدەری بڕیارەکانی خەڵکییە و ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێوخۆی خۆشیان سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی پەیڕەودەکەن.

پاش ئەوەی کە لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک ڕاسپێردراوانی ئەنجوومەن | شوورا | کۆمونەی شوێنی ژیان، یان شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن هەڵبژێردران، ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی گوندەکان ئەنجوومەنی ناوچەیی گوندەکان، ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی کارگەکان، ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی فێرگەکان و ...تد پێکدەهێنن و لە ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی ئەوانیش فێدراسیۆن یان تۆڕی یەکگرتنی گوندەکان، کارگەکان، فێرگەکان، پێکدێت. لە ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی فێدراسیۆنە ناوچەییەکان یان تۆڕە ناوچەییەکان، کۆنفێدراسیۆن یان تۆڕی کۆمەڵایەتیی سەرتاسەری هەرێمەکان پێکدەهێنرێت.

سەرنج : ئەنجوومەن، شوورا، کۆمون بە ڕێکخستنی گوند یان شار و شوێنی بەرهەمهێنان و شوێنی خوێندن دەگوترێت، نەک بە ڕاسپێردراوە

هەڵبژێردراوەکانی خەڵک، کە لەنێو کۆبوونەوەی بەشدارانی ئەنجوومەن و شوورا و کۆمون هەڵدەبژێردرێن؛ بە کەسە هەڵبژێردراوەکانی نێو کۆبوونەوەی خەڵک (ڕاسپێردراوان) و (دەستە یان کۆمیتەی ڕاسپێردراویی) دەگوترێت؛ دەستەی ڕاسپێردراویی بەشێکە لە ڕێکخراوەکان، نەک سەرۆک و ڕابەر و مامۆستا و بڕیاردەری نێو ڕێکخراوەکان.

ڕاسپێردراوانی دوو گوندان یان چەند گوندێک کۆدەبنەوە و لە بارەی یەکگرتنی یان ڕێکەوتنی ئاسایشی و خۆپارێزیی و ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەم لەنێوان خۆیان گفتوگۆدەکەن. هەڵبەتە پێشتر لەنێو هەر گوندێک لە بارەی پرسەکانی بەرهەمهێنان و ئاسایش و خۆپارێزیی گفتوگۆکراوە و لەو بارەوە هەمووان پێکهاتوون و ڕاسپێردراوانی گوندەکان یان ڕێکخراوەکان پێشتر هەڵگری ئەرک و بۆچوون و داخوازییەکانی ئەو کەسانەیان هەن، کە ئەوانیان هەڵبژاردوون، نەک بۆچوون و داخوازییە کەسییەکانی خۆیان. دەکرێت دوو یان چەند گوند لەسەر ئاڵوگۆڕکردن و بەخشینی بەرهەمەکانیان، یان جۆری یارمەتییەکان و هاوپشتیکردن لە یەکدی و لەنێوان خۆیان ڕێککەوتبن، یان چەند گوندێک پێکەوە هاوپەیمانییەکی بەرەنگاریی و یارمەتی یان فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەرییەکی ناوچەیی لەنێوان خۆیان پێکبهێنن؛ لەبەر ئەوە پێویستە هەموو گوندێک، هەموو شوێنێکی بەرهەمهێنان یان شوێنەکانی خوێندن و خزمەتکردن و بوارەکانی دیکە سەربەخۆیی خۆیان هەبێت و ئازاد بن لەتەک کێ هاوپەیمانیی ببەستن.

## پایە گشتییەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چین و پایە ئابوورییەکانی کامانەن؟

ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیی و جەماوەرییەکان پایە ڕێکخستنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبن. هەڵبەتە ڕێکخراوەی قووچکەیی و نێوەندگەرا بەناو "جەماوەریی و کۆمەڵایەتی"یەکانی پاشکۆی پارتییەکان و دەوڵەتەکان نا، بەڵکو بەس ئەو ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییانەی، کە ڕێکخستنێکی ناقووچکەیی و نانێوەندییان هەیە و پاشڕەوی هیچ پارتییەکی ڕامیاریی و هیچ فەرمانداریی و دەوڵەتێک نین. هەر ئاوا ڕاسپێردراوانی شوێنەکانی کار و خوێندن و خزمەتگوزاریی و ڕاسپێردراوانی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لە ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبن و بەبێ ڕاسپێردراوبوونی ئەوان لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوە گشتییەکانی شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی و خوێندن، نابێت کەس مافی ئەندامەتیی دەستەی ڕاسپێردراوانی هەبێت.

هەر ئاوا پایە (ئابوورییەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) هەرەوەزییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان دەبن و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بە ئابووری هەرەوەزیی، ئابووری ژینگەپارێز [ئیکۆلۆجی]، دارایی کۆمەڵایەتیی [نەک دارایی دەوڵەتیی]، بەرهەمهێنانە هەرەوەزیی و کۆمەڵایەتییەکان [نەک کارە کرێگرتەییەکان]، ئابووری خۆ-تەسەل [خودکەفا | ئیکتیفای زاتی] پشتدەبەستێت؛ ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی، ژینگەپارێزیی و ژیاندۆستیی و ئاژەڵدۆستیی.

لەسەر ئەو بنەمایە کە یەکسانی ئابووریی، یەکسانیی دەسەڵات و ماف دەستنیشاندەکات، دوو جۆر ڕێکخستنی ئابووریی هەن، کە دەتوانن پایەی خۆگرتن و پاراستنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بن:

- دارایی کۆمەڵایەتیی : هەموو یان زۆربەی زەمین و باخ و کێڵگاکان و کارگەکان و خزمەتگوزارییەکان دارایی هەموو کۆمەڵ دەبن و هەموو کەس لەو شتانە بەهرەمەند دەبێت، ئەو جۆرە هەم یەکسانی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتیی لە بەرهەمهێنان و هەم یەکسانی بەهرەمەندبوون لە بەرهەمەکان و هەم یەکسانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان مسۆگەردەکات؛ بە واتایەکی دیکە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بە کۆمەڵ دارای شتەکان دەبن و لە بەرهەمهێنان و بەهرەمەندیی داهات و سامانەکانی کۆمەڵ بەشداردەبن؛ ئەگەر بەرهەم و داهات زۆر بن و خۆشگوزەرانی زۆر دەبێت، هەموو کەس وەک یەکدی خۆشگوزەران دەبێت، ئەگەر وشکە ساڵ بێت و داهات کەم بێت، هەموو بەشدارانی هەرەوەزییەکانی وەک یەکدی کەم داهات دەبن و لە ئەو بارەدا پێویستە خۆراک و دەرمان و خزمەتگوزاریی بۆ منداڵان، ژنانی زکپڕ، پیر و پەککەوتووان و کەسە نەخۆشەکان بە پلەی یەکەم مسۆگەربکرێن ؛ هیچ کەس بە تەنیا خۆشگوزەران و تێر نابێت و هیچ کەسیش بە تەنیا هەژار و برسی نابێت، خۆشیی و ناخۆشیی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ وەک یەک دەبێت، بەبێ جیاوازیکردن و مشەخۆریی، بەو شێوەی کە ئەندامانی کۆمەڵی (ئوبونتو*) پێکەوە دەژین.

## ڕێکخستنی ئاسۆیی چییە و چۆن پێکدێت؟

ڕێکخستنی ئاسۆیی ئەو جۆرە ڕێکخستنەیە، کە سەر و خوار، سەرکردە و بنکردە، فەرماندەر و فەرمانبەر، سەرۆک و پاشڕەوی نییە، هەموو ئەندامانی ڕێکخستنە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئاسۆییەکان لە ئەرک و ماف یەکسان دەبن و یەک پێگە و بەهای کۆمەڵایەتییان دەبێت، لەجیاتی سەرۆک و سەرکردایەتی، دەستەی سەرپەرشتیکردنی هەیە، کە لە سێ کەس کەمتەر نابێت، تاکو سەرۆک و ڕابەر و زاڵبوونی کەسیی دروستنەبێت؛ سەرپەرشتیاریی چەند کەسەیە، نەک تاک سەرکرایەتی. هەر ئاوا کەسانێک کە لەنێو ڕاسپێردراوە هەڵبژێردراوەکانی کۆبوونەوەی خەڵکیی بۆ دەستەی سەرپەرشتیاریی هەڵدەبژێردرێن، ئەرک و پێگەی ئەوان هەمیشەیی و جێگیر نییە، بەڵکو ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی گشتیی دەبێت و ئەگەر ئەو ماوەیەش کەسێک لە ئەوان (سەرپەرشتیکەران) یان هەموویان نەتوانن ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان بە ئەو جۆرەی، کە خەڵک بۆ ئەوانی دەستنیشانکردوون، ئەنجامبدەن، ماوەی سەرپەرشتیارییەکەی ئەوان ڕەوایی خۆی لە دەستدەدات و دەبێت کەسێکی دیکە، کەسانێکی دیکە بۆ شوێنی ئەو و ئەوان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەوان هەڵبژێردرێنەوە.

هەڵبەتە ڕێکخستنی ئاسۆیی و ڕێکخراوەکان بەس سەنگەری داخوازیکردن و ئامرازی ئەنجامدان نین، بەڵکو هاوکات شوێنی پەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵی خۆبەڕێوەبەریش دەبن و هەموو ئەندامانی ڕێکخستنی ئاسۆیی وەک

یەکدی هەم بڕیاردەر و هەم ئەنجامدەری بڕیارەکانی خۆیان و هەم سەرپەرشتیکەر و نیشاندەری کۆمەڵی زیندوو و چالاک دەبن.

ئاسۆیی واتا پێکهاتەی پلەبەندیی نییە و هیچ کەس لەسەر سەری کەسێکی دیکە نەبێت و هیچ کەس مافی جێگرتنەوەی کەسێکی دیکەی نەبێت، هەموو کەس هاو-ئەرک و هاو-ماف و هاو-دەسەڵات و هاو-بەش دەبێت؛ بەشداریکردن و دەسەڵاتی کەسەکانی  کۆمەڵ وەک ڕیزبەندیی تەزبیح، هەڵبەتە بەبێ "ڕابەر-ئیمام"، چونکە لە خۆ-پێشەنگیی هەموو کەسەکان، خۆ-پێشەنگیی کۆمەڵ سەرهەڵدەدات و هێز و توانای کەسەکان دەبێت بە تەواوکەری یەکدی، نەک نەیار و کێبڕکێکەر و هەلپەرست و ملکەچکەری یەکدی، واتە تەواو پێچەوانەی ڕێکخستنە باوەکانی ئێستا.

بۆ باشتر تێگەیشتن لە ڕێکخستنی ئاسۆیی لەوانەیە باشتر بێت، ڕێکخستنی ئاسۆیی بە دەستەی ئەکتەرانی شانۆ وێنابکەین، کە بە کەمبوونی یەکێک لە ئەکتەرەکان، شانۆییەکە ناتەواو دەبێت و ناتوانێت ئامانجەکەی خۆی بپێکێت و مەبەستەکەی خۆی بگەیێنێت. بێجگە لەوە ڕێکخستنی ئاسۆیی کەسی ئازادیخواز و سەربەخۆ و بڕوا-بە-خۆ پەروەردەدەکات، کە ئیدی ئەو هیچ پێویستی بە شوانەیی هەلپەرستە ڕامیار و داراکان نییە و هەر کەس بەس سەروەری خۆی دەبێت و بۆ خۆی و لەجیاتی خۆی بڕیاردەدات، یەکگرتنی هەموو بڕیارە ئازادانەکان، بڕیارە ئازادانەکانی هەموو کۆمەڵ پێکدەهێنێت و بەرجەستەدەکات؛ خۆسەریی کەسەکان خۆسەریی کۆمەڵ  پێکدەهێنێت، واتە خۆسەریی کۆمەڵایەتیی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی).

## ئەگەرکەسێک ئامادەی بەشداریکردنی هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان نەبێت، ئایا هەمان مافی کۆمەڵایەتیی بەشداریکەرانی هەرەوەزییەکانی دەبێت؟

بەڵێ و بەبێ هیچ گومانێک. چونکە بڕیارە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی هەموو سنووربەندییە ڕامیارییەکان ببڕێت و بەهایەکی شایستە بۆ مرۆڤ بگێڕێتەوە و درووستبکات. کاتێک کەسێک بە ئەو بڕوایە نەگەییشتبێت، کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی و هەرەوەزیی لە کاری کرێگرتە و کاری تایبەتیی و کەسیی باشترە و بەردارترە؛ کەسێک بە ئەو بڕوایە نەگەییشتێت، کە خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتی ڕزگاربوونی کەسەکان دەبێت لە گیرۆدەیی و تەنیایی و تەنیا دەستیی؛ کەسێک بە ئەو بڕوا نەگەییشتێت، کە هیچ کەس لە پاڵ برسییەتیی و نەهامەتیی کەسانی دیکە ناتوانێت بەختەروەر و ویژدانی ئازاد بێت*، مافی ڕەوای خۆی هەیە، کە لەسەر بنەمای دارایی تایبەتیی و کەسیی خۆی لە کاری هەرەوەزیی بەشدارینەکات و بە کردنی داراییە تایبەتییەکەی خۆی بە بەشێک لە دارایی کۆمەڵایەتی ملنەدات. بەڵام هەموو کەسێک کە لەنێو گوندێک یان شارێک بژێت، دەبێت بڕێک لە داهاتی خۆی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان [درووستکردنی ڕێ و ئاوەڕۆ و فێرگە و نەخۆشخانە و پیرخانە و باخچەی منداڵان و ئاو و ئەلەکتریک و پاراستنی ژینگە و...تد] و هەر ئاوا بۆ سیستەمی خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتی [بیمەی دەرمانیی، بیمەی بێکاریی و بیمەی پەککەوتەیی و بیمەی بێسەرپەرشتیاریی و ...تد] تەرخانبکات. بەو جۆرە، هەرچەندە ئەو لە بەرهەمهێنانی هەرەوەزیی و دارایی کۆمەڵایەتیی

بەشدارینەکات، دەبێت ئەویش لە دابینکردنی بیمە و خەرجە گشتییەکان بەشداریبکات.

هەڵبەتە ئاوا کە دەزانین، لەنێو هەموو جۆرە سیستەمێکی کۆن و هاوچەرخ [چ ڕامیاریی و چ کۆمەڵایەتیی] بەشێک لە داهاتی کەسەکان بۆ خەرجی خزمەتگوزارییە گشتییەکان تەرخاندەکرێت. بەڵام دیسان لە ئەو بارەشدا لەنێوان سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و سیستەمی ڕامیاریی جیاوازی هەیە؛ جیاوازییەکەش ئەوەیە، کە سیستەمی ڕامیاریی [فەرمانداری | دەوڵەتی] ئەو بەشە لە داهاتی خەڵک، کە بە ناوی [باج و خەراج] لە خەڵک دەستێنێت، بە کۆمەڵێک ڕێ و فەرمان و بڕیاری پێچاوپێچی فەرمانداریی و دەزگەیی تێدەپەڕێت، تاکو بە شوێنی خزمەتگوزاری دەگات، زۆرترین بەشی دەدزرێت و بۆ خەرجی دەسەڵاتداران و بەردەسەکانی ئەوان لادەدرێت و لەنێو کەناڵەکانی گەندەڵیی سیستەمی ڕامیاریی لەنێودەچێت، هەر ئاوا کە بووجەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی هۆرامان وەک وێرانەی ڕاگواستنی گوندەکان ساڵی ١٩٧٨ و وێرانەی جەنگی عیراق-ئێران و وێرانەی جەنگە میلیشیاییەکانی ١٩٩٣-٢٠٠٣، کە ڕێکخراوە "کۆمەککەرە" ئۆروپی و ئوسترالی و کەنەدی و ئەمەریکییەکان وەک ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی هۆرامان تەرخانیانکردبوو، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتداران و دەزگە فەرمانداریی و دەوڵەتییەکان دیزە بە دەرخوونە کرا و تاکو ئێستاش خەرجی ئاوەدانکردنەوە بە خەڵک نەدراوە.

بەڵام بە پێچەوانەی سیستەمی ڕامیاریی، لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بەشە داهات بۆ کۆمەککردن بە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان دەچێتە سندووقی خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتی گوند، ناوچە، شار، هەرێم و لەلایەن خودی بەشداران لە ڕێی دەستەکانی سەرپەرشتیکردنی خۆیان، کە هەڵبژێردراوانی خودی خەڵک دەبن، بۆ پێویستییەکان تەرخاندەکرێت؛ بە واتایەکی دیکە، کەسانی کۆمەککەر خۆیان چاودێریی و سەرپەرشتی چۆنێتی خەرجکردنی کۆمەکەکانی خۆیان دەکەن و هیچ بوارێک بۆ گەندەڵیی سیستەمی ئابووریی و بەڕێوەبەریی نامێنێتەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستەیە کە دەبێت و پێویستە بە هەموو جۆرێک لە کارایی پارتییە ڕامیارییەکان و گەرای گەڕانەوەی سەرتانی سیستەمی ڕامیاریی بەربگیردرێت و ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنە فێرگەی هوشیاربوونەوە و چالاکبوونەوە و دەربەستبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵ و بە یەک وشە فێرگەیەک بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی خۆبەڕێوەبەر و خۆبڕوا و لەبەر چاوی ئەندامانی کۆمەڵ ئەو مەترسیە ڕۆشن و بەرجەستەدەکەن، کە ئەگەر ئەوان خۆیان دەربەس و خۆهوشیار و چالاک و پەیگیر نەبن، هەموو کاتێک ئەگەری سەرهەڵدانی مشەخۆریی و چەپاوڵکردنی ئابووریی و پاوانکردنی دەسەڵات هەیە، چونکە ماوەیەکی زۆر پێویستە، تاکو کەسەکان لە خۆشباوەڕیی و ناهوشیاریی و پاشڕەویی ڕامیاران خاڵی دەبنەوە و سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبهێننەوە و زەمینەی خۆشباوەریی بە ساختەچییەتی ڕامیاریی لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان لەنێوبرێت و بۆ هەمیشە ڕیشەکێشبکرێت.

## چ میکانیزم و فیلتەرێک هەیە، کە سەرووەری دەستەبژێرێک، چینێک، پارتییەک، یان دەستەیەکی سەربازیی سەرهەڵنەداتەوە؟

وەک هەموو هەنگاوێکی کۆمەڵایەتیی، پێش هەموو شتێک خۆ-هوشیاریی و ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک و ئامادەیی بەرخودانی خەڵک بۆ پاراستنی خۆبەڕێوەبەرییەکەی خۆی، یان وازهێنان لە سەربەخۆ-بوونی و گەڕانەوە ژێر سیستەمی ملکەچکەرانەی دەوڵەتیی، ئەگەرەکان دەستنیشاندەکات. کۆمەڵێک کە ئامادەیی هۆشیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و کولتووریی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی نەبێت، هەرگیز ناتوانرێت لەنێو ئەو خۆبەڕێوەبەریی خۆی دامەزرێندرێت. کاتێک کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیی هۆشیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەبێت، ئیدی دروستبوون و سەرهەڵدانی میکانیزمەکانی خۆپارێزیی کۆمەڵایەتیی ئاسانترین شت و بەشێک دەبن لە سرووشتی سیستەمەکە و بە خۆهوشیاریی خەڵک پشتدەبەستن. بنەمابوونی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک و بڕیاردان لەنێو کۆبوونەوەکان و دەستنیشانکردنی ڕاسپێردراو بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکان و بوونی مافی گێڕانەوە و لابردنی هەر ڕاسپێردراوێک، کە ئەرکی سەر شانی خۆی ئەنجامنەدات، یان لەژێر چەتری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی و هاوبیرانی خۆی تێبکۆشێت و پێچەوانەی بڕیارەکانی خەڵک کاربکات، خۆبەسێی ئابووریی و خۆپارێزیی کۆمەڵایەتیی و ڕزگاربوون لە لەخۆنامۆیی، ئەلف و بێی ڕێکخستنی ئاسۆیی و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی (سیستەمی دێمۆکراتیک) دەبن.

هەڵبەتە لەتەک ئەوەش، ئەگەری ئەوە هەیە وەک سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی ڕوسیا ساڵی ١٩١٧دژی تزارەکان، یان سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران ساڵی ١٩٧٩ دژی سیستەمی پاشایی، پارتییەک یان لایەنێک وەک بۆڵشەڤیکەکان یان (حزب الله) بێت و بە پارە و پشتیوانی هێزی دەوڵەتانی دەوروبەر و دوژمنانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی تاکتیکی خۆخزاندنی ئەندامانی خۆی بۆ نێو ئەنجوومەن و شوورا و کۆمونەکانی خەڵک پەیڕەوبکات و پاش زاڵبوونی، بە لەنێوبردن و کەوڵکردنی پایەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی [کەوڵکردن و پاشکۆکردنی ئەنجوومەن، کۆمیتەکانی کارخانە، شووراکان]، سیستەمی سەروەریی بگێڕێتەوە، یان سیستەمی تاکپارتیی و میلیشیایی خۆی لەسەر خەڵکی بسەپێنێت. ئاوا کە سەرەتا ئاماژەدرا، ئەوە بە ئاستی خۆهوشیاریی خەڵک و ڕادەی ئامادەیی خەڵک بۆ پاراستنی خۆبەڕێوەبەرییەکەی خۆی بەند دەبێت؛ ئەگەر خەڵک لە بارەی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیر بێت و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بووبێت بە بەشێک لە کولتوور و بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی ئەندامانی کۆمەڵ و هیچی دیکە خەڵک نەتوانێت لە سایەی سیستەمە ڕامیارییەکان بژێت، گەڕانەوەی سیستەمی پێشین یان زاڵبوونی لایەنێک ئاسان نییە و نابێت. چونکە ئاوا ئەزموونەکانی مرۆڤایەتیی بە ئێمە نیشاندەدەن، بنەمای خۆگرتن و بەردەوامیی هەموو سیستەمە ستەمکەرەکان، ناهوشیاریی و خۆشباوەڕیی خودی خەڵکە، هەر ئاوا لەنێوچوونی سیستەمە ستەمکەرەکان بە خۆ-هوشیاریی و ڕۆشنبیریی خەڵک و بڕوابوونی خەڵک بە خۆی پەیوەستە و مسۆگەردەکرێت و بەبێ خۆشباوەڕیی و ملکەچیی خەڵک، هیچ دەوڵەتێک و میلیشیایەک و

فەرماندارێک و پارلەمانێک و پاشاییێک و لەشکرێک و دیکتاتۆرێک بوونی نییە و ناتوانێت یەک شەو و ڕۆژ خۆی ڕابگرێت و بمێنێتەوە؛ خۆشباوەڕی و ناهوشیاریی خەڵک پارێزەری سەروەریی چینایەتییە و هەر ئاوا بە پێچەوانەی ئەوە، دژەکەی سەرهەڵدەدات.

بۆ بەرگرتن لە ئەو ئەگەرانە، پێویستە هەر لە هەنگاوی یەکەم خەڵک لە بارەی ئەو مەترسییانە هوشیاربکرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئاسۆییەکان شان بە شانی ڕۆشنگەرییە ڕۆشنبیریی و کولتوورییەکان، وەک فێرگەی هوشیارکردنەوە و پەروەردەکردن، کەسە ئازادیخواز و خۆبەڕێوەبەرییخوازەکان بۆ سبەینێ پەروەردەبکەن، بە واتایەکی دیکە، شان بە شانی خۆڕێکخستن و کۆششکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان لەژێر دەسەڵاتی سیستەمە ڕامیارییەکان، ڕۆشنبیری خۆبەڕێوەبەریی بکەن بە بەشێک لە هۆشمەندیی و ئاوەز و بیرکردنەوە و کولتوور و ژیانی هەموو ئەندامانی خۆیان و کۆمەڵ، تاکو ڕۆژ بە ڕۆژ هاوشانی لاوازکردن و هەڵگێڕانەوەی خشت بە خشتی سیستەمە ڕامیارییەکان، چەکەرەکردن و گەورەبوونی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی پەرەبسێنێت و بەرد بە بەرد شوێنی سیستەمە ڕامیارییەکان بگرێتەوە. چونکە سیستەمە ڕامیارییەکان بە لەنێوبردنی هەزاران ساڵەی پایەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە ئازادەکان؛ سیستەمە ڕامیارییەکان بە لەنێوبردنی بڕوا-بە-خۆ-بوون و بەرهەمهێنانی هەرەوەزیی و ئابووری هەرەوەزیی و خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی و سەربەخۆیی کەسەکانی کۆمەڵ توانیوویانە خۆیان بسەپێنن و جێگەی خۆبەڕێوەبەری خەڵک [کۆمەڵایەتیی] بگرنەوە و لەسەر کۆمەڵەکان زاڵببن

و سەرزەمینە ئازادەکان داگیردەکەن و دەوڵەت و وڵات درووستدەکەن. هەر بە گێڕانەوەی ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەی، کە لەلایەن سیستەمە ڕامیارییەکان لەنێوبردراون، خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی درووستدەبێتەوە و بۆ هەمیشە شوێنی سیستەمە ڕامیارییەکان دەگرێتەوە و مرۆڤایەتی لە تەوقی دەوڵەت و کۆمپانییە جیهانلووشەکان و مشەخۆریی داراکان و مشەخۆریی ڕامیاران ڕزگاردەبێت و جەنگ و ماڵوێرانیی و برسییەتیی و ئاوارەیی و قین و دوژمنایەتییەک، کە ڕامیاران بۆ پاراستن و هێشتنەوەی سیستەمە ڕامیارەکان درووستیانکردوون، لەنێودەچن و هوشیاریی و یەکگرتن و هاوپشتیی و خۆشەویستیی شوێنی ڕک و کینە ڕامیارییەکان دەگرنەوە؛ "هاودەردیی و هاوپشتیی و هەرەوەزیی لەپێناو مانەوە" شوێنی "ململانێ و کێشە و ڕکەبەریی و کێبڕکێ لەپێناو مشەخۆریی و سەروەریی" دەگرێتەوە؛ خۆهوشیاریی کۆمەڵایەتیی لەنێوبەری چەوسانەوەیە!

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بە کۆبوونەوەی گشتیی و گفتۆکردنی هەموو خەڵک لە بارەی پرسەکان و ڕێکەوتن لەسەر بڕیارەکان پشتدەبەستێت، کە دوو میکانیزمی ئازادیبەخشن و هیچ بۆشاییەک بۆ سیستەمی ڕامیاری [تاکتیک و ستراتیجی سیستەمی نێوەندگەرا و قووچکەیی] ناهێڵنەوە، کە ئەوانە وەک دوو بنەمای چینایەتیی، ڕامیاران دەکەن بە بڕیاردەر و فەرماندەر و خەڵک دەکەن بە فەرمانبەر و ملکەچ، سامان و داهاتی کۆمەڵ دەخەنە ژێر دەستی ڕامیاران و کۆمپانییەکان و خەڵک دەکەن بە کرێگرتەی ئەوان و ناچار و ژێردەستی ئەوان، هەر بەو جۆرەی کە لە ئەم ڕۆژگارە ڕوودەدات ژیان و کۆمەڵ دۆزەخاویی دەکەن.

## بەبێ هەبوونی پاشا و سەرۆک یان پارتییەک بۆ ڕێبەریکردن، چۆن خۆبەڕێوەبەریی شوێن و ناوچە و هەرێمەکان یەکدەگرنەوە؟

پێش هەموو شتێک بوونی سەرۆک و سەرکردایەتی بەڵگەی نائامادەیی و ناتوانایی خەڵکی دەبێت، چونکە کەسی ئازادیخواز و خۆهوشیار و ڕۆشبیر سەرۆکایەتی کەسانی دیکەی پێویست نییە و لە خۆهوشیاریی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ، هوشیاریی و بەرپرسیاریی و سەرپەرشتیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. بێجگە لەوەش یەکگرتنێک کە بە بڕیاری سەرۆکان درووستببێت، نە یەکگرتنە و نە خۆخواستەی خەڵک، بەڵکو سەپاندنی بڕیارێکی ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی و سەربازیی و داراییە لەسەر خەڵک و بە مردنی یان لاچوونی سەرۆک و پارلەمان و فەرمانداریی و دەوڵەت، هەموو ڕێکەوتنەکان و یەکگرتنەکان هەڵدەوەشێنەوە و دەگەڕێنەوە باری پێش درووستبوونی خۆیان، بەس کەس و کۆمەڵی لەخۆنامۆبوو پێویستی بە سەرۆک، ڕابەر، لیدەر، ئیمام و دیکتەرکەر هەیە.

سەرۆک شوانەی ڕامیارییە و لە هەر شوێنێک سەرۆک هەبێت، کەسانی پاشڕەو و ناسەرۆک هەن و خۆشباوەڕیی بە فریادڕەس و ڕزگارکەریی شوانە ڕامیارەکان درووستدەبێت و هێز و توانای زۆربەی ئەو کەسانەی، کە دارای هیچ دەسەڵات یان داراییەک نین، لەنێودەبرێت و تاکو ڕادەی ناتوانایی و چاوەڕوانیی و پاشڕەویی و بڕوا-بە-خۆ-نەبوون، کەسەکان لاواز و وێراندەکرێن و لە کەسایەتی خۆیان خاڵیدەکرێنەوە و لە باشترین باری سیستەمی ڕامیاریی، کە سیستەمی پارلەمانییە، زۆرینەی کەسەکان

دەکرێن بە دەنگدەری نادەربەس و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ئەوان لەنێودەبرێت و کەسایەتی ئەوان وردەکرێت و کەسەکان دەگۆڕدرێن بە کارتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی خراپ لەنێو خراپترینی ڕامیاران و لە باری ئابووریش کەسەکان دەگۆڕدرێن بە خزمەتکاری دارایان و مشەخۆران و کەسایەتیی و بوونی ئەوان تاکو ئاستی ژمارە یان کارتی باج و خەراج کەمدەکرێتەوە و دادەبەزێندرێت و هیچ ڕۆڵێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و کولتووریی سەربەخۆ و چالاک بۆ کەسە نەدار و بێدەسەڵاتەکان ناهێڵدرێتەوە و وەک سەربازی شەترەنج هەردەم دەبن بە قوربانیی پلانی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتبازان و سەرمایەداران و ڕامیاران، واتا مرۆڤی ئاسایی هەموو بەها کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی لەدەسدەدات.

بەڵام کاتێک کە چەند کرێکارێک، چەند خوێندکارێک، چەند گوندێک، یان چەند ناوچەیەک لەسەر بنەمای خۆ-هوشیاریی و بەرژەوەندی گشتیی خۆیان یەکبگرن، یەکگرتنی ئەوان دەبێت بە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی و بەشێک لە کولتووری خەڵکەکە و لەنێوچوونی ئاسان نابێت، هەر ئاوا کە زۆر تایبەتمەندی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی هەزارانساڵە بۆ ئێمە ماونەتەوە و ئێستا ئێمە وەک بەها و نەریتیی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی لە ئەوان پەیڕەودەکەین و ژیانی خۆمان لەسەر بنەمای ئەوانە ڕێدەخەین.

کاتێک یەکگرتنی هاودەردان و هاو-ئامانجان ببێت بە بەشێکی بنەڕەتیی لە هوشیاریی کەسە کۆمەڵایەتییەکان، ئیدی هیچ بەهانەیەک بۆ یەکنەگرتن و دەرکنەکردن نامێنێتەوە و هاوپشتیی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیی دەبن بە

بەشێک لە سرووشتی ژیان و بەرهەمهێنان و خزمەتکردنی کۆمەڵایەتیی و لە بارێکی ئاوا خۆ-هوشیاریی و خۆ-ئاوەزیی دەبن بە تایبەتمەندیی کەسە نەدار و بێدەسەڵاتکراوەکان و بە ئاسانی ناتوانن بە سەروەربوون و ملهوڕیی ڕەگەزیی و چینایەتیی داراکان و دەسەڵاتداران ملبدەن. بە ئەو جۆرە زۆربەی کۆمەڵ لەتەک جۆری ژیان و بەرهەمهێنان و بەشکردن و بەڕێوەبەریی ڕامیاریی کۆمەڵ دەکەوێتە ناکۆکی و نەیاریی، لە بەرانبەر ئەوانە خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبەریی دەبن بە ئەڵتەرناتیڤی ئاوەزیی و لۆجیکیی بۆ سیستەمی ڕامیاریی و ئەوەش لەتەک خۆی خۆهوشیاریی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی دەئافرێنێت، کە ئیدی هیچ بوار و بۆشاییەکی هزریی و ئاوەزیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی بۆ شوانەیی ڕامیاران ناهێڵێتەوە و کۆ-ڕابەریی [بە کۆمەڵ-ڕابەریی] و خۆبەڕێوەبەریی کەسەکان و کۆمەڵ بەرجەستە دەبێت و دەبێتە کولتووری خۆخۆییانەی خەڵک.

لەسەر ئەو بنەمایە، یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە ئاسۆیی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بە درێژەی گەشەکردنی خۆهوشیاریی و ئەزموونگەری کۆمەڵایەتیی و هەر شتێکیش کە بوو بە بەشێک لە خۆهوشیاریی و ئەزموونگەری کۆمەڵایەتیی، خۆبەخۆ وەک بەشێک لە کولتوور و دەسەڵاتی کولتووریی خۆی بەرجەستەدەکات. لە بارێکی ئاوا ئیدی لەنێوبردنی کۆ-ڕابەریی یان خۆبەڕێوەبەریی خەڵک دەبێت بە ئەگەرێکی ئەستەم، چونکە دەسەڵاتی کولتوور ئەو دەپارێزێت و لە ئەو پشتیوانیدەکات، واتە بەرخودانی زۆرینەی خەڵک.

یەکگرتنی ڕێکخراوەکانی شوێنی بەرهەمهێنان و خزمەتکردن و ژیان لە گوندێک یان شارێک دەتوانێت لەسەر دوو بنەما، یان بە دوو شێواز پێکبهێندرێت:

- **یەکگرتنی فێدراسیۆنی**

یەکگرتنی فێدراسیۆنی ئەوەیە، کە هەموو ڕێکخستنەکانی گوند یان شارێک ( کۆمیتە، ئەنجومەن "شوورا"، کۆمون و ..تد چ لە شوێنی ژیان و چ لە شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن) لەسەر بنەمای فێدرالێستیی ئازادیخوازانە [نادەوڵەتیی] لەنێو فێدراسیۆنێک یەکدەگرن، هەڵبەتە بەبێ ئەوەی ڕێکخستنی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و لەنێوبەرن، لەسەر بنەمای "خۆجێی چالاکی بکە و سەرتاسەریی و گەردوونی بیربکەرەوە و پشتیوانیبکە" سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و وەک بەشێک و پایەی فێدراسیۆنەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی کۆششدەکەن.

- **یەکگرتنی تۆڕیی**

ڕێکخراوە و پێکهاتە جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی و هەرەوەزییەکان بە شێوەی یەکگرتنی تۆڕیی یان جاڵجاڵۆکەیی یەکدەگرن، کە جۆرێکی زۆر تازەی ڕێکخستنی فێدرالێستییە وەک ئەڵتەرناتیڤی فێدراسیۆنەکان. هەڵبەتە جیاوازییەکە ئەوەیە، کە لەنێو فێدراسیۆنەکان جۆرێک هەڵکشانی ڕێکخستنی بنکەیی بۆ سەرتاسەریی هەیە و کۆنفێدراسیۆن و فێدراسیۆن لە سەرووی ڕێکخراوە و گرووپە خۆجێییەکان دەوەستن. ئەوەش ئەگەری سەرهەڵدانی بیرۆکراسی هەیە، هەڵبەتە ئەگەر خۆموشیاریی خەڵک لە ئارا

نەبێت. بەڵام یەکگرتنی تۆڕی گرووپ و ڕێکخراوەکان بەس بە هاوپشتیکردنی لەتەک یەکدی بەیەکەوە دەبەسرێنەوە و هەموو پێکەوە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن و داخوازییە هاوبەشەکان دەبنە چەقی بازنەیی یەکگرتنەوەی ئەوان، هەر ئاوا کە چەقی تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی دەبێتە خاڵی یەکگرتن و بەهێزیی تۆڕەکە، نەک سەرکردایەتی و سکرتاریی.

بەڵام هەر دوو بارەکە، هەر دوو ڕێکخستنەکان پابەندی بنەما فێدراڵیستییە ئازادیخوازەکان هەن و بۆ یەک ئامانج و وەک درێژەی ڕەوتی کۆششی ئازادیخوازانەی کۆمەڵایەتیی سەریانهەڵداوە و پەیدابوون و بە هەڵبژاردنی ڕاسپێردراوانی خۆیان لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی ئەندامانی خۆیان بۆ بەشداریکردن و یەکگرتن لەنێو خۆبەڕێوەبەریی گوند و شارەکان، دەبن بە بەشێک لە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی.

هەڵبەتە دەتوانرێت و دەکرێت هەر دوو جۆرە ڕێکخستنەکە تێکەڵبکرێن و هاوکات لەنێو خۆبەڕێوەبەرییەک پێکەوە بوونیان هەبێت، ئەوە گونجاو و بڕیاری بەشدارانی ڕێکخستنە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانە کە جۆری ڕێکخستنەکە دەستنیشاندەکات، نەک بڕیار و کلێشەیەکی پێشتر ئامادەکراوی ئایدیلۆجیی. بێجگە لەوەش هەر دوو جۆرە ڕێکخستنەکە بەس ڕۆڵی سەربانی یەک خانوو دەبینن، کە ڕێکخستنی ئاسۆیی و خۆجێی و سەربەخۆی بەشەکانی کۆمەڵ دەبێت، نەک ئۆرگانێکی باڵاتر لە ڕێکخستنە خۆجێیەکان.

## بەبێ هەبوونی دەسەڵاتی سەرتاسەریی یان فەرمانداریی نێوەندیی، چۆن خۆبەڕێوەبەریی شوێن و ناوچە و هەرێمەکان درووستدەبێت؟

کاتێک کە بڕیاردان یان سیستەمی بەڕێوەبەربردن نێوەندیی و قووچکەیی و سەرتاسەریی بێت و دەسەڵاتی نێوەندیی و سەرتاسەریی بوونی هەبێت، واتا پەیڕەوکردن ناچارییە و ژێردەستانەیە، چونکە ئەگەر کەسەکان مافی نا-گوتنیان هەبێت، هەرگیز ناچنە ژێر باری ئەو یەکگرتنە زۆرداره‌کییە و بۆ پاراستنی "وڵاتەکان" و سیستەمە ڕامیارییەکان [فەرمانداریی و دەوڵەت] و ملکەچکردنی خەڵک لەنێو چوارچێویەکی ڕامیاریی [وڵات | دەوڵەت]، لەنێو ئەو سیستەمە ملهوڕیی و سەروەریی و سەرکوت پێویست دەبن و بەبێ ملهوڕیی چینێک و پارتییەک یان دەستەبژێرێک، هەرگیز سیستەمی "وڵات"ی ناتوانێت خۆی ڕابگرێت و بمێنێتەوە [وڵات مەبەست نیشتمان نییە، بەڵکو جوگرافیا و چوارچێوەیەکی ڕامیارییە | دەوڵەتییە].

هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە، کە لە ئێستا ئێتنییەکان لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق و ئێران و تورکیە و سوریە و بریتانیا و ئیسپانیا و ...تد بۆ ڕزگاربوون و جیابوونەوە و خۆبەڕێوەبەریی یان لە باری خۆشباوەڕیی و ناهوشیاریی بۆ "دەوڵەتی خۆیان" کۆششدەکەن. چونکە بڕیارەکان لە سەرووی ئەوانەوە دراون و سیستەمەکان و سنوورەکان و یەکگرتنەکان خۆخوازانەی خەڵک نەبوون، بەڵکو بەرئەنجامی لەنێوبردنی داخوازییەکانی خەڵک، خەونەکانی خەڵک، ئاواتەکانی خەڵک و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک و بە لەنێوبردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی

خۆبەڕێوەبەری خەڵک، ئەو دەوڵەتانە درووستبوون و لەسەر خەڵکی سەپێندراون و بەبێ خۆشباوەڕی و ملکەچیی خەڵک ئەوان بوونیان نابێت .

هەر ئاوا لەنێوبردنی سیستەمە ڕامیارییەکانیش بە گەڕانەوە بۆ سەر بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندی و ڕێکخستن و بەرهەمهێنان و بەشکردن و بەهرەمەندبوونی هەموو خەڵک و هەرەوەزییانە بەرهەمهێنان و هەرەوەزییانە بەهرەمەندبوون لە ڕەنجی خۆ و سامانی کۆمەڵ، ڕوودەدات، بەو جۆرەی کە هەزاران ساڵێک پێش درووستبوونی خان و سان و میر و بەگ و پاشا و دەوڵەتەکان، خەڵکی کۆمەڵە کۆمونەیی و هەرەوەزییە ناخێڵەکیی و ناسەروەرییەکان، بەبێ پاشا و سیستەمی دەوڵەتیی لەنێو ئازاد-گوند و ئازاد-شارەکان پێکەوە ژییاون و کۆمەڵەکەی خۆیان بەڕێوەبردووە؛ هیچ کەس سەروەری کەسی دیکە نەبووە.

چەند سەد ساڵی ڕابوردوو ئەزموونی سیستەمە ڕامیارییەکان، کە سیستەمی نێوەندیی و قووچکەیین، ئەوەیان بۆ مرۆڤایەتی سەلماندووە، کە سیستەمە نێوەندییەکان باشترین پانتایین بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکراتیی و دیکتاتۆریی و گەندەڵیی، هەر ئاوا سیستەمە قووچکەییەکان باشترین ئامرازی ملکەچکردن و کۆیلەکردنی خەڵکین. ئەگەر ئێمە لە ئێستا بە وردیی و لە دەرەوەی چاویلکە ئایدیۆلۆجییەکان سیستەمە ڕامیارییەکان [پاشایی، سەربازیی، تاکپارتیی، ئایینیی، پارلەمانیی] سەرنجبدەین، بە باشیی ئەوە دەردەکەوێت، کە هیچ کام لە مشەخۆریی و ملهوڕیی خاڵیی نین، تەنانەت ئەوانەشیان، کە کەسانی تێکنۆکرات و ئەکادێمیست و زانا و فیلۆسوف

سەرۆکایەتیی ئەوان بکەن؛ ئیدی چ دەسەڵاتداریی داگیرکەران بێت و چ دەسەڵاتداریی ڕامیارە "هاو-زمانەکانی " خۆمان.

بەڵام بە پێچەوانەی سیستەمی ڕامیاریی، سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بنەمایە، کە خەڵک لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی شوێنەکان یان ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان خۆی بڕیارەکان دەدات و کەسانێک کە وەک ڕاسپێردراو، ئەنجامدانی بڕیارەکان سەرپەرشتیدەکەن، هەر لەنێو ئەو کۆبوونەوانە هەڵدەبژێردرێن و ئەگەر ئەرکە خۆبەخشانەکانیان بە درووستیی، بە ئەو جۆرە کە خەڵک بڕیاریداوە، ئەنجامنەدەن، خەڵک مافی لابردنی ڕاسپێردراو خراپەکەرەکانی هەیە و دەتوانێت کەسانێکی دیکە بخاتە شوێنی ئەوان، کە دڵسۆز و شایستەن، ئەوانەش میکانیزمی ڕێگریین لە سەرهەڵدانی سیستەمی دەوڵەتیی و سەرهەڵدانەوەی بەرتەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی.

بێجگە لە ئەوەش ئەگەر لەنێو سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوێکی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی یان دەستەی ڕاسپێردراوانی ئەنجوومەنی گوندێک گەندەڵیی و نارێکیی سەرهەڵبدات، بە ئاسانی و لە لە ڕێی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک کەسانی شایستەتر هەڵدەبژێردرێن و هەرگیز وەک کودەتای سەربازیی و ناهەمواربوونی پارلەمانیی و تێکچوونی فەرمانداریی، بەرهەمهێنان و ئەرکەکان پەکیانناکەوێت و لەنێو ڕیزەکانی خەڵک دووبەرەکیی و جەنگ و کێشمەکێش دروستنابێت و ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی کۆبوونەوە گشتییەکانی خەڵک وەک پارلەمانتاران بۆ ماوەی چوار ساڵ نابن بە بارێکی

گران و گەندەڵیی و ناجۆرییەکە بۆ شوێنەکانی دیکە پەلناهاوێت و بۆ نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەشەنەناکات.

بە کورتیی و پوختیی، ئەو میکانیزمانەی [نێوەندگەرایی و قووچکەیی]، کە لەنێو سیستەمی ڕامیاریی دەبن بە زەمینەسازی گەندەڵیی و دزیی و تالانیی و بەهرەکێشیی و ستەمگەریی و دیکتاتۆریی، لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بوونیان نییە و کۆمەڵێک میکانیزمی دیکەی وەک کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک، بڕیاردانی ڕاستەخۆی خەڵک لەسەر پێویستییەکان و هەڵبژاردنی ڕاسپێردراوەکانی خەڵک وەک سەرپەرشتیکەری خۆبەخشانەی ئەنجامدانی بڕیارەکانی خەڵک، لەلایەن خودی خەڵکی شوێنەکان دەستنیشاندەکرێن و لادەبردرێن و ئەرکەکانی ئەوان دەستنیشاندەکرێن و سنووری بڕیاردانی ئەوان دەستنیشاندەکرێت، ئەو میکانیزمانە دەبن بە مسۆگەرکەری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و لە سەرهەڵدانی چەپاوڵگەری ئابووریی و پاوانگەری ڕامیاریی و دیکتاتۆریی و فاشیستبوونی بەڕێوەبردن ڕێگریدەکەن.

هەر ئاوا کە ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی ڕاسپێردراوان و بنەما فێدراڵیستییەکان لەنێو خۆبەڕێوەبەریی گوند و شار یەکدەگرنەوە، خۆبەڕێوەبەرییەکانی شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن و خۆبەڕێوەبەریی گوندان و شاران لەنێو کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و هەرێمیی بە هەناردنی ڕاسپێردراوە هەڵبژێردراوەکانی خۆیان یەکدەگرنەوە و بەشەکانی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و هەرێمی و تاکو بە کێشوەریی [قارەیی] دەگات، پێکدەهێنن و بە شێوەی ئاسۆیی و بازنەیی و

جاڵجاڵۆکەیی یەکدەگرن و بەو جۆرە خۆبەڕێوەبەریی ناوچە و هەرێمەکان یەکێتییەکی پتەوی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای پشتیوانیکردن و فریاگوزاریی بەرانبەرانە یەکدەگرنەوە و زەمینەی جەنگ و قین و دووبەرەکیی دەوڵەتیی لەنێودەچێت.

نەگوتراو نەمێنێت، نە فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی شوێنەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان و فێرگەکان و بوارەکانی دیکە و گوندان و شاران، نە کۆنفێدراسیۆنی ناوچەکان و هەرێمەکان، لەسەر بنەمای سیستەمی دەوڵەتیی [سەرتاسەریی، نێوەندیی، قووچکەیی و پلەبەندیی] نین و نابن، بەس یەکگرتنی ئازادانە و هاوپشتییانەی خۆبەڕێوەبەریی گوندان و شاران و ناوچان و هەرێمان بنەمای خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبن و هەموو ڕێکخستن و پێکهاتەیەکی پلەبەندیی و قووچکەیی و نێوەندیی و سەرتاسەریی [چ سەندیکایی و چ پارتیی و چ ئایینیی و چ نەتەوەیی و چ دەوڵەتیی] لەتەک بنەماکانی ڕێکخستنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ناکۆک و دژ دەبێت، چونکە بوونی یەکێکیان لەنێوبەر و نەبوونیی ئەو دیکەیان دەبێت؛ یان سیستەمی دەوڵەتیی یان سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی؛ یان خۆسەریی خەڵک، یان ملهوڕیی ڕامیاران و سەرمایەداران، هەرگیز ڕوونادات ئەو دژانە پێکەوە کۆببنەوە و ببنە پێکهێنەری یەکێتییەک؛ ئەوان دژ و ڕەتکەرەوەی هەمیشەیی و هەموو جێی یەکدین و هەتا هەتاش ئاوا دەمێنن، چونکە ئەوان دوو جۆر ئامرازی دوو ئامانجی ناکۆک و دژ بە یەکدین.

## ئەگەرگوندێک، شارێک ،ناوچەیەک یان هەرێمێک ئامادەی پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ویەکگرتن وپشتیوانکردن لە خۆبەڕێوەبەریی گوند وشار وناوچە وهەرێمەکانی دیکە نەبێت، چی؟

دڵخۆشکەر نییە، بەڵام زۆر ئاساییە و مافی ڕەوای خۆیانە، سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی گوند و ناوچە و شار و هەرێمەکەی خۆیان بە ئەو جۆرە ڕێکبخەن، کە خۆیان خوازیاری هەن و لەتەک بیرکردنەوەی خۆیان دەگونجێت و مەیسەر دەبێت. دەکرێت و پێویستە بەردەوام لەتەک ئەوان گفتوگۆبکرێت و بە پێویستیی یەکگرتن و باشی یەکگرتن ئاشنابکرێن. بەڵام هەرگیز بە چەک و ناچارکردن و سەپاندن نا. هەر ئاوا زۆر ئاساییە، کە گوندێک سیستەمێکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، پێویستە گوندکانی دیکە ئەو مافە بە ئەو ڕەوا ببینن و بناسن. بەڵام لە بارێکدا کە سیستەمی بەڕێوەبەریی گوندێک ببێت بە مەترسی بۆ سەر گوندەکان دیکە، دەبێت گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانە و ئەگەر ناچارییش بوو، بەرەنگاریی و بەرخودانی کۆمەڵایەتییانە بەرانبەر هێرش و هەڕەشەکانی ئەو بکرێت و خەڵکی ئەو گوندە بە پێچەوانەی بەڕێوەبەرییەکەیان، بۆ گفتوگۆکردن و چارەسەر بانگەوازبکرێن، تاکو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی دەستەبەردەکرێت.

زۆر ئاساییە، ئەگەر سیستەمی گوندێک یان چەند گوندێک پارتیی (حزبی) و فەرمانداریی (حکومەتیی) بێت، بەڵام بە مەرجێک کە دژی ئاسایشی ناچەکە و هەرێمەکە نەجووڵێتەوە و بۆ داگیرکاریی و پەلاماردانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی گوندەکانی دیکە هەوڵنەدات و مەترسی

درووستنەدەکات و پابەندی ڕێکەوتنامە کۆمەڵایەتییەکان ببێت و ببن. چونکە ئاشتی و پێکەوە-ژیان بە مانەوەی و ئاساییشی هەموو لایەک خزمەتدەکات و هەر گوندێک یان ناوچەیەک بۆ زۆر و پەلاماردان پەنابەرێت، ئاساییشی ئەوانی دیکە دەخاتە مەترسی. لە بارێکی ئاوا بەرەنگاریکردنی ملهوڕیی لایەنی پەلاماردەر و بەرخودانی کۆمەڵایەتیی گوندان و ناوچان و شارە ئازاد و خۆبەڕێوەبەرەکان پێویستییەکی هەر ساتەیە و ناکرێت لە ئەوە چاوپۆشیبکرێت و لە بیربکرێت.

هەڵبەتە هەرگیز ئەگەری ئەوەی نییە، خەڵکی گوند و ناوچە و شارە ئازاد و خۆبەڕێوەبەرەکان پەلاماری گوند یان شارە سیستەم پارتیی و فەرماندارییەکان بدەن، چونکە جەنگ و ئاژاو هیچ کات و لە هیچ شوێنێک بە ئامانجی خەڵک خزمەتناکات، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر ئاوا، کە دوێنێ و ئێستا و ئایەندەش دەبینین، هەرگیز سیستەمە ڕامیارییەکان بەبێ جەنگ و پەلاماردان و ئاژاوە ناتوانن بمێنن و خۆڕابگرن. چونکە پێکهاتەی خۆیان لەسەر زۆرداریی و ملکەچکردنی خەڵک دامەزراندووە و بەبێ زۆر و سەرکوتکردن و ستەم و ملهوڕیی ئابووریی و ڕامیاریی بەرانبەر کۆمەڵەکان دیکە، ئەستەمە سیستەمە ڕامیارییەکان (پارتیی و میلیشیایی و دەوڵەتییەکان) بتوانن بمێننەوە و خۆیان بپارێزن، لەبەر ئەوە تاشینی دوژمنی نێوخۆیی و دەرەکیی یەکێکە لە ئەو جادووانەی ڕامیاران، کە دەتوانێت خەڵک وەک خۆشباوەڕ و پاشڕەوی ڕامیاران بهێڵێتەوە.

## لە باری جەنگ و پەلاماردران، یان جیابوونەوەی گوندێک، شارێک، ناوچەیەک و هەرێمێک، هەڵوێست چۆن دەبێت؟

هەر ئاوا کە یەکگرتن ئازادییەکی کەسیی و کۆمەڵایەتییە و مافی هەموو کەسێک و هەموو کۆمەڵێک دەبێت، کە ئازادانە لەسەر ئایەندەی خۆی بڕیاربدات، هەر ئاواش مافی جیابوونەوە و جیاواز بیرکردنەوە ماف و ئازادییەکی کەسیی و کۆمەڵایەتیی هەر کەسێک و کۆمەڵێک دەبێت و هیچ کەس مافی ڕێگریی لە ئەو مافەی نییە. لەبەر ئەوە نابێت، جیاوازیی بیرکردنەوە یان ئارەزووکردنی جیابوونەوەی گوندێک، ناوچەیەک و هەرێمێک بە جەنگ و کوشتار ئەنجامبدرێت، یان کۆتایی بێت. چونکە هەر ئاوا کە هیچ کەس ماف و ڕەوایی سەپاندنی یەکگرتنی ئێتنییەکان و بازنە کولتوورییەکان و کۆمەڵەکانی نییە، هەر ئاواش هیچ کەس ماف و ڕەوایی ڕێگریکردن لە جیابوونەوەی خۆ-خوازانەی کەسەکان یان کۆمەڵەکانی دیکەی نییە و پێویستە نەیبێت.

بەڵام لەوێدا، کە خۆبەڕێوەبەریی گوندێک، شارێک، ناوچەیەک یان هەرێمێک بە جەنگ وەڵامی داخوازی جیابوونەوەی گرووپێک یان گوندێک یان شارێک بداتەوە، یان گرووپێک گوندێک و شارێک بیەوێت بە جەنگ یەکگرتنی خۆی لەتەک ئەوانی دیکە هەڵبوەشێنێتەوە، ئیدی لە بارێکی ئاوا ئەرکی گوند و ناوچە و شار و هەرێمە خۆبەڕێوەبەرکانی دیکەیە، کە دژی جەنگ و کوشتار بوەستنەوە و لایەنە جەنگکەرەکان بە گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی ماف و ئازادی یەکدی ناچاربکەن.

هەڵبەتە ئەوەش لەبیرنەکەین، کە جەنگ و پەلاماردان دیاردەی ئەو جۆرە کۆمەڵانەیە، کە پێکهاتەیەکی خێڵەکی، پاشایی، پارتیی [حزبی]، سەربازیی و پۆلیسی و دەوڵەتییان هەیە، چونکە لەنێو ئەو بارانە چەند کەسێک یان کەمینەیەکی دەسەڵاتدار و هەلپەرست بۆ بەرژەوەندی خۆیان و زیادکردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیان یان مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان، بۆ جەنگ و پەلاماردان و داگیرکردنی سەرزەمینی کۆمەڵەکانی دیکە پەنادەبەن و ئاساییشی کۆمەڵەکانی دیکە تێکدەدەن.

لە ئەو بارەوە پێش سەرهەڵدانی سیستەمە دەوڵەتییەکان؛ چ پاشایی و سەربازیی و پۆلیسیی و چ پارلەمانیی، ئەوە نیشاندراوە و سەلمێندراووە، کە هۆکارەکانی جەنگ و پەلاماردانەکان، پاوانگەریی دەسەڵات و چەپاوڵگەریی ئابووریی بوون. لەنێو کۆمەڵێک کە سیستەمێکی نادەوڵەتیی و نادەستەبژێریی بوونی هەبێت و خەڵکی ئاسایی خۆی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەی خۆی بێت، هەرگیز بیانوویەک یان هاندەرێک بۆ جەنگ و پەلاماردان نییە و خودی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەزاران ساڵی ڕابوردوو ئەوەی نیشانداوە، کە زۆرینەی مرۆڤەکان بەس خوازیاری سەرپەنایەکی گونجاو و زگێکی تێر و کەسایەتێکی پارێزراو و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و خۆشی و بەختەرووەرییە.

دەسەڵاتخوازیی و ناوبانگخوازیی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و مشەخۆریی بەس خواستی کەسانێکی کەم بوون و زیادکردن و گەشەکردن و گشتگیربوونی ئەو دیاردانە بۆ سەرهەڵدان و درووستبوونی پارتییایەتی و

دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداریی دەگەڕێتەوە و بنەماکانی کۆمەڵە ناخێڵەکیی و زۆربەی کۆمەڵە نادەوڵەتییەکانی دیکەی جیهانی پێش سەرهەڵدانی "نەتەوەسازیی" و دەوڵەتگەرایی و ملکەچیی سپاسگوزارانەی خەڵکی خۆشباوەڕ بە سیستەمی ڕامیاریی، بریتی بوون لە ئاشتیخوازیی و پشتیوانی و هەرەوەزی و پەیڕەوکردنی یاسا سرووشتییەکانی کۆمەڵبوونی مرۆڤایەتی، ئەوانە بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵ بوون.

بۆ نموونە ئەگەر لەنێوان خەڵکی دوو گوند لەسەر سەرچاوەی ئاو و باخداری و پەرژین-بڕینی ئاژەڵ یان نێوان دوو هەرزەکار دەمەقرەیەک بووبێت، خەڵکی هەر دوو گوند بەخۆکەوتوون و لە لە ڕێی پرس و ڕای کۆمەڵایەتییانە و خەمخۆریی بۆ پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی، زوو گرفتەکانیان چارەسەرکردوون و بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆیان، بنەمایەکی (یاسایەکی) کۆمەڵایەتییان داناوە و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئەو بنەمایە یان بڕیارەکانی ڕێکەوتنەکە درووستبووە و هەموو کەسێک پەیڕەویکردوون و بە ئەو جۆرە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی درووستبووە و پارێزراوە.

بەڵام بەداخەوە، لە ئەو کاتەوە، کە ئیمپڕاتۆرەکانی دەوروبەر یان ئیمپڕاتۆرییە ئۆروپییەکان بەرەو ناوچە خۆبەڕێوەبەرەکان هاتوون، لە ڕێی درووستکردنی دەسکەلا و بەرتەریدان بە کەسانی هەلپەرست، توانیوویانە ئاژاوە درووستبکەن و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی لاواز و ناجێگر بکەن و دواتر لە سەردەمی پەلاماری دەوڵەتە هاوچەرخە ئۆروپییەکان و درووستبوونی

دەوڵەتە هاوچەرخەکانی ئێران و عیراق و پەنابردنی ئەوان بۆ دروستکردنی ئاژاوەی کۆمەڵایەتیی و دواتر دروستکردنی پارتییایەتی و ڕێکخستنی ڕامیاریی، توانیوویانە هاوسێ دژی هاوسێ، خوشک و برا، باوک و کوڕ، دایک و کچ دژی یەکدی، گوند دژی گوند و ناوچە دژی ناوچە هانبدەن و دووبەرەکیی و دوژمنایەتیی و کینەدۆزیی ڕامیاریی و دەمارگیری ئایدیۆلۆجیی دروستبکەن، تاکو خۆیان (کۆمپانییە جیهانلووشەکان) و زلهێزەکان هەموو گۆشەکانی جیهانی داگیربکەن و سەراپای مرۆڤایەتی بۆ پاوانگەریی و مشەخۆریی خۆیان ملکەچ بکەن.

ئەگەر جەنگی نێوان لایەنە میلیشیاییەکانی "کوردایەتی" لە هەرێم و خۆرهەڵات سەرنجبدەین، ساڵی ١٩٦١ تاکو ئێستا بەردەوام گەنجی ئەو ناوچانە بوون بە دوژمنی یەکدی و بۆ لایەنەکان یەکتریان کوشتووە، بەڵام لە بنەڕەتدا بە هیچ شێوەیەک قین و دوژمنایەتی هاوسێی یان گوندیی و ناوچەیی لەنێوانی ئەوان نەبووە و تەنانەت لە نێو ژیانی ئاسایی، یار و یاوەری یەکدی بوون و هاوپۆل و هاوکار و هاودەردی یەکدی بوون و ئەوە ڕامیاران و پارتیی و ئایدیۆلۆجیگەرەکان بوون، کە لە نێوان خەڵک دوژمنایەتییان دروستکردووە، تاکو دەسکەلاکانی خۆیان بە ئاسانی بتوانن لەسەر خەڵکی زاڵببن و ڕەنجی خەڵک و سامانی کۆمەڵ چەپاوڵبکەن و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ لەنێوبەرن و کۆمەڵ بۆ سەروەریی و مشەخۆریی خۆیان پاوانبکەن.

## ئەی پرسی ئازادی خوێندن زمانی دایک چۆن ڕێکدەخرێت، بەتایبەت بۆ ئەو کەمینانەی کە بۆ نێو کۆمەڵە خۆبەڕێوەبەرەکان دێن، یان پێشتر هاتوون و زمانی دایکی ئەوان جیاوازە؟

لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی ئازادیی تەواو بۆ کولتوور و زمان هەیە، هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە باڵاتر نییە و هەموو کەس مافی قسەکردنی و خوێندن و نووسین و بەکاربردنی زمانی خۆی لە بەڕێوەبەریی هەیە و زمانی کۆمەڵی خۆبەڕێوەبەر زمانی خەڵکەکەیە و ئەگەر لەنێو کۆمەڵێک چەند زمانێک هەبن، هەر یەکێک لە ئەوان لە شوێنی ژیانی خەڵکەکەی دەبێت بە زمانی خۆبەڕێوەبەریی قسەکەران خۆی؛ بۆ نموونە گوندێک سۆرانیی-زمان یان کەلهوڕیی-زمان یان هۆرامیی-زمان بکەوێتە نێو خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی ناوچەیەک. لە ئەو بارەدا خەڵکی ئەو گوندە مافی خۆیانە بە زمانی دایکی خۆیان قسەبکەن و زمانەکەی خۆیان وەک زمانی خوێندن و بەڕێوەبەریی بەکاببەرن. هەر ئاوا لەنێو گوندێک کە زۆربەی خەڵکەکەی زمانێکی هەبێت و چەند کەسێک زمانێکی دیکە، ئەو چەند کەسە مافی خۆیانە بۆ چالاکی کولتووریی و ژیان ڕۆژانەی خۆیان زمانی خۆیان بەکاربەرن، منداڵانی ئەوان بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن. هیچ کەس ئەو مافەی نییە و ڕەوا نییە، کە کەسێکی دیکە بە قسەکردن یان خوێندن یان بەکاربردنی زمانێکی دیکە ناچاربکات، چونکە زمان سەرەتاییترین ماف و ئازادی سرووشتیی و مرۆڤیی و گەردوونییە و بە نەبوونی مافی قسەکردن و بیرکردنەوە و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیی

یان زمانی **خۆ-خواستە**، قسەکردن لەسەر بوونی ئازادییە کەسیی و گشتییەکانی مرۆڤ دەکەوێتە خانەی درۆ و خەڵک-خەڵەتاندن.

ئازادی سەرەتایی واتا زمان و زمان واتا ئازادی سەرەتایی، لە هەر شوێنێک و لەنێو هەر سیستەمێک ئازادی قسەکردن و خوێندن و بەکاربردنی زمانی دایک یان زمانی **خۆ-خواستە** نەبێت، لەو شوێنە سەرەتاییترین ئازادی مرۆڤ بوونی نییە و ئەگەر پڕۆپاگەندەیەکی لەو جۆرە بکرێت، بەدڵنیاییەوە مەبەس پێچەوانەی ئازادییە، چونکە (مرۆڤ و ئازادی و زمان) بە نۆرە بە شوێن یەکدی پەیدادەبن و تەواوکەری یەکدین و نەبوونی یەکێک لە ئەوان، بەڵگەی نەبوونی ئەوانی دیکەیە.

بۆ ئەوەی کە لە گرنگیی ڕۆڵی زمان و ڕەوایی مافە سرووشتی و گەردوونییەکان تێبگەین، پێویستە لە خودی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەژیان و یەکگرتنی مرۆڤایەتی تێبگەین؛ ئایا بەبێ مافی یەکسان هیچ کەسێک دەتوانێت لەتەک کەسێکی دیکە یەکبگرێت و پێکەوە بە ئاسوودەیی و خۆخوازانە و بەختەوەرانە بژێت؟ دەی پێکەوەژیان و یەکگرتنی کۆمەڵەکانیش لەسەر هەمان بنەما دەتوانرێت دادەبمەزرێن و بەردەوام و خۆخوازانە بن و نەکەونە ژێر زۆرداریی و سەپاندن و چەپاندنی مرۆڤ و کۆمەڵ بۆ سەروەریی کەسێک یان دەستەیەکی دەسەڵاتدار و سەرمایەدار، یان لەنێوبردنی زمانێک بۆ باڵاکردنی زمانێکی دیکە.
کاتێک کە کەسەکان لەسەر بنەمای هاوبەشیی و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی یەکدەگرن، بەدڵنیایی مافە سرووشتیی و سەرەتایی و گەردوونییەکانیش،

لە نێوان ئەوانیش مافی قسەکردن و خوێندن و بەکاربردنی زمانی دایک یان زمانی **خۆ-خواستە** بۆ یەکدی بە ڕەوا دەناسن و هیچ کەس گرفتی نییە، کە کەسێکی دیکە بە زمانێکی دیکە پەیوەندیبگرێت و بخوێنێت و کۆمەڵەکەی خۆی ڕێکبخات. بەگوێرەی پێشینەی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی گرفتی زمان لە پەیدابوونی دەوڵەتە هاوچەرخەکانەوە سەریهەڵداوە، لەو کاتەوە، کە بە چەپاندن و سەپاندنی ئایدیۆلۆجیی "یەک نەتەوە-یەک زمان" ئەندامانی کۆمەڵ لە قاڵبی "دەوڵەت-نەتەوە" دراون و یەک زمان کراوە بە مەرجی "نەتەوە-بوون" و ئەوە دەوڵەت و فەرمانداریی و پارلەمان و پارتییە ڕامیارییەکانن، کە مافی خوێندنی زمانێک قەدەخەدەکەن، یان زمانێک لەسەر کۆمەڵە زمانێکی جیاواز دەسەپێنن. نموونە دەوڵەتی تورکییە، دەوڵەتی سوریە، دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتی عیراق، فەرمانداریی هەرێمی "کوردستان"، هەر ئاوا ئەگەر بەرنامەی هەموو پارتییە ڕامیارییەکان لە چەپڕەو تاکو ڕاستڕەو سەرنجبدەین، هەر لە ئێستاوە کە دەسەڵاتدار نین، لەسەر سەپاندنی یەک-زمان [زمانی سەرکردایەتی خۆیان] لەسەر هەموو ناوچەکان بڕیاردەدەن و مافی خوێندنی زمانی دایک دژایەتییدەکەن.

هەڵبەتە ئەو جادووە ئایدیۆلۆجییە تاکو ئەو ڕادە کاراییی دەبێت، کە کەسەکان ئاوەزی خۆیان خەواندبێت، یان بە ئایدیۆلۆجیی سڕکردبێت و توانای وێناکردنی کەتواری شتەکانیان نەبێت. بەڵام کاتێک کە کەسەکان خۆ-هوشیار بن و توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوەیان هەبێت و مابێت، ئیدی تێگەییشتن لە پووچگەرایی "نەتەوە"سازی و قاڵبە دەوڵەتییەکان ئاسانترین شت و هەموو کەسێکی ئاوەز تەندرووست دەتوانێت

ناکۆکییەکانی نێوان یاسا سرووشتییەکان و یاسا ڕامیارییەکان، نێوان مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ و لەقاڵبدانە ئایدیۆلۆجییەکان، نێوان مرۆڤ-بوون و ڕۆبۆت-بوون ببینێت و ئەو ڕاستییە ببینێت، کە لە بنەڕەت و لەنێو سرووشت مافی هیچ مرۆڤێک دژی مافی هیچ مرۆڤێکی دیکە نییە؛ هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە مافە سرووشتییەکانی مرۆڤایەتین، نەک (پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی) وەک مافی ڕامیاریی کەسە دەسەڵاتخواز و چاوچنۆکەکان، یان ملهوڕیی خێڵێک و دەستەیەکی ڕامیار و دەوڵەت و کۆمپانییەک.

کاتێک ئێمە لە بارەی مافە مرۆڤییەکان قسەدەکەین، مەبەست ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییە، نەک شناسە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجییەکان، کە سەروەریی و ملهوڕیی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی بە مافی مرۆڤ و بە تایبەتمەندیی کۆمەڵەکان دەناسێنن. سەروەریی و ملهوڕیی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی هیچ ڕاستییەکی پێشینەیی و سرووشتی و گەردوونیان نییە و دیاردەی سەردەمی کۆمەڵ چینایەتیین و هیچ پەیوەندییەکیان بە سرووشتی مرۆڤەوە نییە و هیچ مرۆڤێک لە هیچ گۆشێکی جیهان بە زۆرداریی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و گەندەڵیی و ملهوڕیی و دەسەڵاتداریی و سەرمایەداریی لەدایکنەبووە و نابێت. بەڵکو ئەوە کولتوورە، بەدەستنیشانکراویی پەروەردە و فێرکردن و چەپاندن و ڕامیارین، کە مرۆڤە پاک-لەدایکبووەکان دەگۆڕن بە دڕندەترین گیاندار و تەنانەت بەڕادەیەک کە ئاژەڵە دڕندەکان بەراورد بە مرۆڤی مرۆڤایەتیی چەپێندراو و شێوێندراو ، بەسۆزترین گیاندار دەردەکەون.

## ئایا چەمکی (خۆبەڕێوەبەریی) هەمان واتای چەمکی (خودموختاریی) نادات؟

بەڵی و نەخێر؛ بەڵێ کە خودموختاری بە واتای (ئۆتۆنۆمی | خۆبەڕێوەبەریی) دێت. نەخێر، لەوێدا کە لە سایەی پارتییایەتی و سیستەمی ڕامیاریی، "خودموختاری" لەتەک گۆڕینی (سەروەریی داگیرکەر) بە (سەروەریی هاوزمان) هاوواتا دەکرێن. بەڵام لە بنەڕەتەدا (خودموختاری) بە واتای (خۆدموختاربوونی) هەر کەسێک و هەر کۆمەڵێک و یەکگرتنی کەسە خۆموختارەکان لەنێو خۆموختاریی کۆمەڵ دێت. خودموختاری واژەیەکی فارسییە خود [خۆ] + موختاری [سەروەری] = خۆسەری، کە هەر دەکرێت بە سەرەتای بیرۆکەی خۆبەڕێوەبەریی لێکبدرێتەوە. بەڵام ئاوا کە پێشتر ئاماژەدرا، (خودموختاری) وەک چەمکێک لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی خاڵی کراوە و ئەو واتایە نادات، لەسەرەتا واژەی (خودموختاری) بۆ بەکاربراوە.

لە بنەڕەتەدا خۆموختار کەسی دەسەڵاتدار و سەروەر نییە، کەسی خۆموختار (خۆسەر) بەس موختاری خۆیەتی [خۆی]. تەواو بەپێچەوانەی پرۆپاگەندەی "خودموختاری" لە لایەن ڕەوت و پارتییە ناسیونالیستە کورد و فارسەکان؛ کۆمەڵی خۆسەر، خۆبەڕێوەبەر کۆمەڵی خۆموختارە، بەڵام بە ئەو واتا نا، کە من سەروەریی و دەسەڵاتداریی داگیرکەر ڕابماڵم و بڕوخێنم و هاوزمانێکی دەسەڵاتخواز یان سەرمایەدارێکی هاوزمان بێت و لە شوێنی سەروەریی داگیرکەر، خۆی ببێت بە سەروەر و دەزگە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەت لەسەر بڕبڕەی پشتی کۆمەڵ درووستبکاتەوە.

لە ئەوەش زیاتر، لێرەدا مەبەستی من لە "خۆبەڕێوەبەری" وەک چەمکێکی ئەبتسراکت نییە، چونکە خودی واژەی "خۆبەڕێوەبەری"ش بۆ ئامانجی دژە-خۆی بەکاربراوە و کراوە بە دێوجامێک بۆ شاردنەوەی سەروەری پارتییەک یان کەمینەیەکی ڕامیار بە ناوی هەموو کۆمەڵ. بۆ ئەو مەبەستە و ڕۆشنبوون و جیابوونەوەی ئامانجی (خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی) لە ئامانجی ئەو ڕەوت و دەستە دەسەڵاتخوازانە، کە لەژێر دێوجامەی "خۆبەڕێوەبەری" خۆیان دەڕازێننەوە، من دەسەواژەی (خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی) بەکاردەبەم، تاکو لە ئامانجی ڕەوتە ڕامیارییەکان جیابکرێتەوە.

هەڵبەتە لەبەر دوو شتی دیکەش، ناکرێت ئێمە خۆموختاری (خۆسەری) لەجیاتی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی بەکاربەرین؛ یەکەم کە واژەکان "خودموختاری" واژەیەکی فارسییە و دووەم ئەوەی کە لە لایەن ڕەوت و پارتییە ڕامیارییە ناسیونالیست و چەپەکان بۆ ئامانج و ئاراستەکردنی دەسەڵاتگەرایانە بەکاربراوە و لەنێو ئاوەزی خەڵک بە سیستەمی هەبوونی موختار هاوشێوە کراوە. خۆموختاریی کە یەکێکە لە پایەکانی سیستەمی فێدراڵیستیی، بەڵام تاکو ڕادەی وێناکردنی "دەوڵەتی نەتەوەیی" و موختاربوونی بۆرجوازی هاوزمان خراپ شێوێندراوە. هەر ئاوا لەبەر ئەوە کە واژەی (خۆبەڕێوەبەری) ئاسانە و ئاشنایە و هەم کەمتر بۆ دەسەڵاتداریی و سەروەریی کەمینەیەک بەکاربردراوە، بەکاربردنی درووستتر و ئاسانتر و خۆشترە، هەڵبەتە لەتەک پاشگریی کۆمەڵایەتیی (خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی).

## جیاوازی نێوان (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و (سیستەمی پارلەمانیی) چییە؟

سیستەمی پارلەمانی سیستەمێکی ڕامیارییە و دەستەیەک، ئاراستەیەک، ئایینێک، یان بەرژەوەندی چینێکی دەستنیشانکراو نوێنەرایەتییدەکات؛ سیستەمێکی پلەبەند و قووچکەیی و نێوەندگەرایە و لەسەر بنەمای زانا و نەزان، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، دارا و نەدار، بەرتەریی ڕەگەزیی و ئێتنیی و ئایینی و ڕامیاریی کۆمەڵ ڕێکدەخات و هەر بۆ سەپاندن و پاراستن و بەردەوامکردنی ئەو چوار بنەمایە سەریهەڵداوە و سەرهەڵدانی ئەو بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی کۆمەڵی چینایەتیی و سەروەریی چینایەتی و پاراستنی سیستەمی کۆیلایەتیی زۆرینەی خەڵک درووستبووە.

لەنێو سیستەمی پارلەمانیی، (ڕاسپێردراویی) بوونی نییە و (جێگریی | نوێنەرایەتیی) هەیە؛ لەنێو سیستەمی پارلەمانیی کەسێک کە هەڵدەبژێردرێت و بە ئەو دەنگدەدرێت، ئەو ئەنجامدەری بڕیارەکانی کەسانی دەنگدەر و هەڵبژێری نییە، بەڵکو خۆی یان پارتییەکەی یان کۆمپانییە پشتیوانیکەرەکەی ئەو بڕیاردەر دەبێت. دەنگدەر | هەڵبژێر هیچ کارایییێکی لەسەر بڕیارەکانی پارلەمانتاران نییە و لە ماوەی چەند ساڵ پەرلەمانتاریی ئەو، پارلەمانتار بەس ڕۆڵی لۆبی (دەلاڵی) کۆمپانییەکان و پارتییەکەی خۆی دەبینێت و لەم سەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا دەبینین، کە هەردەم و هەموو خولێکی پارلەمانیی، ئامانجی یەکەمی پارلەمانتاران مسۆگەرکردنی ژیانی پاشایانەی خۆیان و خانەنشینی و هەر ئاوا

بەدیهێنانی سەرمایەیە لە ڕێی دەڵاڵێی بۆ کۆمپانییەکان، بە واتایەکی دیکە ئەوان نوێنەرانی پارتییەکان و کۆمپانییەکانن.

سیستەمی پارلەمانیی لە سەردەمی پاشایی و دواتر پاشایی مەرجدار تاکو ئێستا، سیستەمی پاراستنی سەروەریی کەمینەیە لەسەر هەموو خەڵک، سیستەمی گەمەکردنی ڕامیارییە بە هەستی خەڵک، بە خەون و ئارەزووەکانی خەڵک، بە خۆشباوەڕیی خەڵک، سەرچاوەیەکی ئابووریی و دەسەڵاتییە بۆ کەسانێک کە ناتوانن لە بواری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی بەشداریبکەن؛ کەسانێکن کە ناتوانن خۆبەخشانە بۆ کۆمەڵەکانی خۆیان خزمەتێک ئەنجامبدەن؛ کەسانی دەسەڵاتخواز، مشەخۆر و کاسبکارن و کاسبییەکەی ئەوان ڕامیارییە و سەرمایەکەی ئەوان هونەری ساختەکردن و چۆنێتی بەدیهێنانی خۆشباوەڕیی خەڵکییە.

سیستەمی پارلەمانیی، ئامرازی ڕەوایەتییدانە بە سەروەریی چینایەتیی و ڕەواکردنی جیاوازی و ستەمگەریی ئابووریی بەناوی خەڵک و بە دەنگدانی خەڵک، کە دەنگدەر هیچ کات بۆ ئامانجە ڕاستینە و شاردراوەکانی پارلەمانتاران دەنگنادات، بەڵکو دەنگ بە ئەو پڕۆپاگەندە دێوجامەییانە دەدات، کە پارلەمانتار یان لیستی کاندیدەکان بۆ خەڵەتاندنی کەسانی دەنگدەر بەدرۆ ئەوانە بەرزدەکەنەوە و پاش هەڵبژاردن کاندید و لیستەکە، تەواو پێچەوانەی پڕۆپاگەندەکانی سەردەمی بانگەوازی دەنگدان [پێش هەڵبژرادنەکان] دەجووڵێنەوە.

کورت و پوخت، لەنێو سیستەمی پارلەمانیی دەنگدەر بڕیاردەر نییە، بەڵکو کەسێکی دیکە لەجیاتی ئەو بڕیاردەرە، کە لە ڕێی هەڵبژاردنی لیستەکان دەبێت بە جێگری دەنگدەر و هەر شتێک خودی هەڵبژێردراو خوازیاری بێت، یان لە قازانجی خۆی و پارتییەکەی بێت، بە ناوی خەڵک لەسەر کۆمەڵی دەسەپێنێت. بۆ ئەوەی کە باشتر لە ئامانجی سیستەمی پارەلەمانیی تێبگەین، دەبێت ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین: ئایا هیچ کات دەنگدەر کاتی دەنگدان ئامانجی ئەوەیە، کە کاندیدێک یان لیستێک بە پارلەمان بگەیێنێت، تاکو ئەو کاندید و لیستە لەسەر بڕینی مووچەی دەنگدەر و خەڵک، یان بۆ ڕووخاندنیماڵی دەنگدەر و خەڵک، یان بۆ بەرپاکردنی جەنگ، یان بۆ زیادکردنی باج، یان بۆ بەرتەسککردنی ئازادییەکانی دەنگدەر و خەڵک، یان بۆ مسۆگەرکردنی خانەنشینی پاشایانەی ڕامیاران بڕیاربدات؛ هەرگیز هیچ کەسێکی ئاوەزدار و هوشیار بڕیاری ئاوا پەسەنددەکات و دەدات؟

هەڵبەتە نەگوتراو نەمێنێت، ئەگەر بڕیاربێت لە نێوان سیستەمی پارلەمانیی و سیستەمی تاکپارتیی و دیکتاتۆریی و پاشایی بەراوردبکەین، بەدڵنیاییەوە سیستەمی پارلەمانی کەمێک ڕازاوەتر بەرچاودەکەوێت و زۆرداریی و سەروەریی و دیکتاتۆرییە چینایەتییەکەی، شاردراوەترە. بەڵام خۆ بڕیارنییە، ئێمە خۆمان بە گەمەی هەڵبژاردنی خراپ لە خراپتر خەریکبکەین و لەنێو ئەو بازنە داخراوە گیربخۆین و بسووڕێینەوە؛ بە پێچەوانەوە بڕیارە ئێمە خۆمان و کۆمەڵەکەی خۆمان لە خولانەوە لەنێو بازنەی داخراوی چینایەتیی و زۆرانبازیی نێوان دەسەڵاتخوازان ڕزگاربکەین

و بازنەی کۆیلەتیی و کۆیلەداریی بشکێنین و زنجیرەکانی دەست و پێی خۆمان بپچڕێنین.

بەپێچەوانەوەی ئەوە، (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) لەسەر بنەمابوونی ئازادیی و هاومافیی کەسەکان و یەکسانبوونی هەموو کەسەکانی کۆمەڵ لە بڕیاردان و ئەنجامدان و خۆبەڕێوەبەریی سەرهەڵدەدات و خۆی ڕادەگرێت. بە واتایەکی دیکە هیچ کەس سەروەری کەسێکی دیکە نەبێت و بەس بە ئازادبوون و یەکسانبوونی هەموو کەسەکان، ئازادیی کۆمەڵ بەدیدێت و لەسەر بنەمای یەکسانبوونی هەموو کەسەکانی کۆمەڵیش، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەدیدێت و یاسای ڕێکخستنی کۆمەڵ دەبێت. ئەگەر ئەو سەرەتاییە وەک شناسێک بۆ جیاکردنەوەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی لە سیستەمە ڕامیارییەکان، یان سیستەمە چینایەتییەکان بەکاربەرین، دەتوانین بڵێین: [ئازادی بەبێ یەکسانی بەهرەکێشییە، یەکسانیش بەبێ ئازادی کۆیلەتییە، هەر ئاوا ئازادی و یەکسانی بەبێ هەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی، درۆی ڕامیاریی دەبن]. چونکە بەس بە ئازادبوونی کەسەکان و یەکسانبوونی دەسەڵات و پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کەسەکان و بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی، ئەگەری بەدیهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵی ئازاد هەیە و بەبێ هەبوونی ئەو سێ پایەیە، هەر پڕۆپاگەندەیەک لە بارەی کۆمەڵ ئازاد، دەچێتە خانەی خۆخەڵەتاندن و خەڵک-خەڵەتاندن.

## جیاوازی نێوان سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و (سیستەمی ناپارلەمانیی) چییە ؟

سیستەمە ڕامیارییە پارلەمانییەکان دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەری خۆیان بە جێگر و خەڵک و نوێنەری خەڵک ناودەنێن و خودی خەڵکیش بەس فەرمانبەری فەرمانی فەرماندەران، "هۆشی باڵا: پارلەمانتار، سەرۆک و سەرۆککۆمار" لەجیاتی خەڵک بیردەکاتەوە و بڕیاردەدات و خەڵک بەس "عەبدولمەئموور" دەبێت. لەنێو سیستەمە ڕامیارییە ناپەرلەمانییەکان [پاشایی و جەنەڕاڵیی و تاکپارتیی و ئایینی ...تد] "هۆشی باڵا : ئیمام، مەلا، شێخ، ڕابەر، پارتیی پێشڕەو، سەرۆکخێڵ و دیکتاتۆر" لەجیاتی خەڵک بیردەکەنەوە و لەجیاتی خەڵک بڕیاردەدەن و لەجیاتی خەڵک سازشدەکەن و بە ناوی خەڵک سەرکوتدەکەن و کەسانی ناڕازی زیندانییدەکەن، تیرۆردەکەن و لە سێدارەدەدەن و حەز و ئارەزوو و "ماف" و پێویستیی خەڵک دەستنیشاندەکەن و لەسەر هەمان بنەمای "یەزدان - پەرستیار" لە بەرانبەر سەروەریی دەسەڵاتداران، خەڵک کۆیلە و ملکەچ و فەرمانبەرە و دەبێت سوپاسگوزاریش بێت. هەڵبەتە سیستەمە ڕامیارییە ناپارلەمانییەکان فرە جۆرن، لەنێو ئەوان : سەربازیی، تاک-پارتیی، سیستەمە تاک-پارتییەکانیش فرە ڕەنگن؛ ئایینی، ناسیونالیستی، چەپڕەو و ڕاستڕەو و ...تد، بەڵام هەموویان یەک ئامانجیان هەیە؛ ملکەچیی خەڵک.

ئەگەر بە وردیی هەر دوو سیستەمە ڕامیارییەکەی (پارلەمانی) و (ناپارلەمانی) سەرنجبدەین، بە ئاسانی دەردەکەوێت، کە کارکرد و ئامانج و

بنەما ئابوورییەکانی هەر دوو سیستەمەکە یەک جۆرن: دارایی تایبەتیی و دەوڵەتیی، کار کرێگرتە، سەروەریی ڕەگەزیی و چینایەتیی. هەموو سیستەمە ڕامیارییەکان لە چەپڕەو تاکو ڕاستڕەو، لە ئایینگەرا [تێئۆکرات] بۆ تێکنۆگەرا [تێکنۆکرات]، ناسیونالگەرا [دەوڵەت-نەتەوە] بۆ پاشاگەرا [پاشاگەردانی] تاکو بە دەوڵەتی نیئۆلیبراڵ دەگات، هەموو ئامرازی سەپاندنی ملهوڕیی و مشەخۆریی چینێک یان دەستەبژێرێک لەسەر هەموو خەڵک، کە بە ئاماری گەشەکردووترین کۆمەڵەکانی جیهان، دارا و دەسەڵاتداران ١% و نەدار و بێدەسەڵاتان ٩٩% کۆمەڵ پێکدەهێنن.

کاتێک ئێمە لە بارەی کۆمەڵی ئازاد قسەدەکەین و خەریکین بڕیاردەدەین، ئیدی بڕیاردانی ئێمە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی سیستەمە چینایەتییەکانی تاکو ئێستای نییە، بەڵکو دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە بێت، کە ئێمە چۆن دەتوانین زنجیری سیستەمی چینایەتیی بپچڕین و چۆن کۆمەڵەکان بە جۆرێکی ناچینایەتی ڕێکبخەینەوە و سیستەمێکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر بۆ خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ بە سرووش-وەگرتن لە پایە پێشینییەکانی خودی کۆمەڵەکان و هەر ئاوا لە بنەما کولتووریی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ کەڵکوەربگرین و خۆمان لە خولانەوە و سەرگێژەی نێو بازنەی ستەمکەر و ستەمدیدە ڕزگاربکەین و بوونی سرووشتییانە و کۆمەڵایەتییانەی خۆمان بەدەستبێنینەوە؛ چۆن بەهەشتی خەونەکانی خۆمان و کۆمەڵی ئازاد بەدیبهێنین و کەتوارییبکەینەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی "سەرۆکی باش، پارتیی باش،

پارلەمانتاری باش، پارلەمانی باش، فەرمانداریی باش، دەوڵەتی باش" یان چاوەڕوانی "جەلادی دڵسۆزی گەل" بمێنین؟

سیستەمە ناپەرلەمانییەکان [خێڵەکی، پاشایی، میلیشیایی، تاکپارتیی، ئایینی، ئایدیۆلۆجییەکان] زۆر لە سیستەمی پارلەمانی خراپتر و سەرکوتگەرتر و پاوانگەرتر و چەپاوڵگەرترن؛ نموونە دەوڵەتی (ڕوسیە)ی سەردەمی بۆلشەڤیکی، دەوڵەتی (ئیتالیا)ی سەردەمی موسۆلێنی، (ئاڵمانیا)ی سەردەمی هیتلەری، (ئێران)ی سەردەمی شا و ئیستای کۆماری ئیسلامیی، (عیراق)ی سەردەمی سەدام حوسەین و فیفتی بە فیفتی نێوان دیکتاتۆرەکانی ئێستا، دەوڵەتەکانی (ئۆروپای خۆرهەڵاتی)ی سەردەمی جەنگی سارد، دەوڵەتەکانی (ئەمەریکای لاتین)ی سەردەمی جەنگی سارد، دەوڵەتە (ئەفریقییەکان)ی سەردەمی جەنگی سارد، دەوڵەتە ئایینییەکان بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە، ..تد.

بەڵام ئەوە، کە سیستەمە پارلەمانییەکان لە پاشایی و سەربازیی و تاکپاتیی و ئایینییەکان باشتر دەردەکەون، یەکەم بەرەنجامی هوشیاریی و کۆششی خودی ئەو کۆمەڵانەیە و دووەم بە ئەو واتا نییە و نابێت ئەو خۆشباوەڕییە بەسەر ئێمە زاڵبێت، کە ئەوان باشتر و خوازراون، بەڵکو پێویستە ئێمە بۆ ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی کۆششبکەین، کە هەرگیز لە سایەی سیستەمی دەوڵەتیی بەدیناییێن، چونکە دەوڵەت باڵاترین دەزگەی پاوانکردنی دەسەڵات و چەپاوڵکردنی سامانی کۆمەڵە، دەوڵەت بۆ ملکەچکردنی کۆمەڵ درووستدەکرێت و سەریهەڵداوە.

## ڕۆڵی گرووپ و پارتییە ڕامیارییەکان لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی چی دەبێت؟

هۆگری ڕامیاری و لایەنگری پارتییایەتی هەر وەک هۆگری ئایینی و وەرزشی و موزیکی و ..تد پرسێکی کەسییە و دەبێت لە سنووری چالاکی و حەزە کەسییەکان نەترازێت و ئەندام و لایەنگری پارتییەکی ڕامیار هەمان مافی ئەندامان و لایەنگرانی تیپێکی وەرزشی دەبێت و نە زیاتر و نە کەمتر.

کەسێک حەزی بە وەرزش هەیە و کەسێکی دیکە بە موزیک، کەسێک بە پارتییایەتی و ڕامیاری و کەسێکی دیکە بە ئایین و مزر و فێلۆسۆفی و ڕۆشنبیری. بەڵام هیچ دەسەبژێرێک لە ئەو دەسەبژێرانە مافی نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی نییە، هەر ئاوا کە ناکرێت ئایینێک لەسەر کۆمەڵ بسەپێندرێت و بکرێت بە بنەمای سیستەمی بەڕێوەبەری، هەر ئاواش ناکرێت ئاراستەیەکی ڕامیاری و ئایدیۆلۆجیی بکرێت بە بنەمای سیستەمی بەڕێوەبەری و سەرچاوەی و بڕیاردان. سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی واتا زەمینەسازی بۆ بەشدارییکردنی هەموو خەڵکی کۆمەڵگەیەک لە بڕیاردان و بەرهەمهێنان و سەرپەرشتیکردن و ئەنجامدان. بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری سیستەمێکی بێلایەن یان گشتگیر بێت و خاڵی هاوبەشی ژیان و پێویستییەکانی خەڵک بنەمای خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵ بن، کە ئەوەش بەس لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی ڕوودەدات، کاتێک کە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی دەکرێن بە بنەمای سیستەمی

خۆبەڕێوەبەریی و مسۆگەرکردنی ئەو سێ مافە سەرەکییە بۆ هەموو ئەندامان کۆمەڵ دەبنە مەرج و بنەما.

بەڵام کاتێک کە پارتییەک، ئاراستەیەک، ئایدیۆلۆجییەک، یان ئایینێک دەکرێت بە بنەمای سیستەمی بەڕێوەبەبردنی کۆمەڵ و ڕەوایەتیدان بە سەروەریی چینێک لەسەر چینێکی دیکە، بەرتەری دەستەیەک بەرانبەر دەستەیەکی دیکە، ڕەگەزێک لەسەر ڕەگەزێکی دیکە، ئێتنییەک لەسەر ئێتنییەکی دیکە، ئیدی نە ئازادی و یەکسانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بوونی دەبێت و نە دادپەروەری کۆمەڵایەتیی بەدیدێت. لە ئەو بارەوە هیچ پێویست بە سەلماندن نییە و هەر لەم ڕۆژگارە نموونەی هەموو سیستەمە ڕامیارەکان هەن و هەر کەسێکی هوشیار و ئاوەزدار دەتوانێت یاداوەرییەکانی خۆی، دەوروبەری خۆی، لەنێو ئەو چوارچێوە جیۆگرافییەی کە دەکرێت بە شوورەی مافی بزووتنی ئەو، ئەوە دەبینێت، کە هەر شوێنێک پارتییایەتیی و ئایدیۆلۆجیی و ئایین و ڕەگەز پایەی سیستەمی بەڕێوەبردن بن، لەوێ پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و گەندەڵیی و دزیی و دەسەگەریی و خۆ-سەپاندن و ناچارکردن هەن، گەندەڵیی و بووکەڵەبوونی سیستەمە ڕامیارەکانی بەڕێوەبەریی لەنێو دەستی کۆمپانییە جیهانلووشەکان، لۆبیگەریی پارتییەکان بۆ کۆمپانییەکان و بانکەکان، سەپاندنی داخوازییەکان و بەرژەوەندیی کۆمپانییەکان لەسەر کۆمەڵ لە ڕێی پارلەمان و پارتییەکان. هەڵبەتە ئەوە بە ئەو واتا نییە، کە سیستەمە ناپارلەمانییە تاک-پارتیی و سەربازیی و ئایینییەکان نوێنەرایەتیی کۆمپانییەکان ناکەن و دەسکەلای کۆمپانییەکان نین. بەپێچەوانەوە لە

سەردەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەوڵەتیی [دەوڵەتی بیسمارکیی و بۆلشەڤیکیی و هیتلەریی و مۆسولێنیی و دەوڵەتی ئیسلامی سعودیە و ئێران و تاڵیبان و تاکو سەرمایەداری بەڕەڵای نەزمی تازەی بازار] و فەرمانداریی هەرێمی "کوردستان"، یان وەک دەوڵەتە دیکتاتۆرە بۆلشەڤیکەکان پارتییە دەسەڵاتدارەکان کۆمپانییەکی گەورە بوون، یان وەک دەوڵەتە فاشیستەکانی هیتلەر و مۆسولێنی دەوڵەت و کۆمپانییەکان دوو کۆمپانیای هاوبەشی ڕامیاران و سەرمایەداران بوون، یان وەک ئەم سەردەمەی نیئۆلیبرالیزم خودی پارتییەکان کۆمپانیی خێزانیی و قۆرخکەری بازارن.

بێجگە لەوە، کە پارتییەکان ئامرازی ناهوشیاریی و خۆشباوەڕکردنی خەڵکی نەدار و بێدەسەڵاتن بە فریادڕەسیی کەسانێک یان دەستەبژێرێک و پڕۆپاگەندە پارلەمانییەکان، بێجگە لەوە پارتییەکان چەپڕەو بۆ ڕاستڕەو، نموونەگیر و کۆپی خودی کۆمەڵ نائازاد و نایەکسان و نادادپەروەرن، لەنێو هیچ سیستەمێکی پارتییایەتیی و هیچ مۆدیلێکی دەوڵەتیی، هیچ جۆرە فەرمانداریەک، هیچ پارلەمانێک، چ پارلەمانی کارتۆنیی و چ پارلەمانی ڕاستینە، ئامانج خواست و ژیانی خەڵک نییە، بەڵکو بەرژەوەندی کۆمپانییەکان و دەسەڵاتداران و ڕامیاران ئامانج دەبێت و کەسانی ڕامیار و پارتییەکانی ئەوان بەس دەڵاڵێکی پارلەمانیی کۆمپانییەکانن و بەس. ئەگەر لە گۆشەیەکی جیهان خەڵک کەمێک زیاتر لە گۆشەکانی دیکە لە ئازادیی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەیی بەهرەمەند بێت، ئەوە بەرەنجامی هوشیاریی و کۆششی سەدان ساڵەی خودی خەڵکی ئەو کۆمەڵانەیە، نەک بەخشندەیی و پاکیی و دڵسۆزیی ڕامیاران و پارتییەکان و دەوڵەتەکان و کۆمپانییەکان.

هەر کەس مەبەستی بێت، دەتوانێت ئەو هەڵمەتە جیهانگیرە ببینێت، کە لە ئەمەریکا تاکو ئۆروپا و ئاسیا و ئەفەریکا پاش توانەوەی پەشمەکییانەی ئیمپڕاتۆریی بۆلشەڤیکی بە ناوی "نەزمی تازەی جیهانی" بۆ سەر هەموو کۆمەڵەکان دەستیپێکردووە و ڕادەی توندیی و هێواشیی و قووڵیی و ڕواڵەتیی هەڵمەتەکە بە ڕادەی بەرخودان یان ملکەچیی کۆمەڵەکان پەیوەستە بوو و هەیە، هەر کۆمەڵێک بەرەنگاریکردنی لاواز بووبێت، زیاتر وێرانکراوە.

لە ئەو بارەوە، ئەو کات لە ئەمریکا یەکەمین هەنگاو سەندیکاکان پەلاماردران و ئەندامبوون لەنێو سەندیکاکان بوو بە بیانوو بۆ بەرنەکەوتنی هەلی کار، لە ئۆروپا درێژکردنەوەی ماوەی کار و بەهێزکردنی ڕەوتە فاشیستییەکان، لە خۆرهەڵاتی ناوین جەنگ و قەرزارکردن و نەدانی مووچە و بڕینی مووچە تاکو ڕادەی سێ چارەکی و هەر ئاوا لەسەر ئاستی هەموو جیهان بەرتەسککردنەوەی ئازادییە کەسیی و کۆمەڵییەکانی مرۆڤ. ئەگەر سەرنجبدەین لە دوو دەهەی ڕابوردوو بە هەژماری زیادکردنی پارتییەکان و پارلەمانەکان و دەوڵەتەکان، بەدبەختییەکانی مرۆڤایەتیش زیادیانکردووە و بێجگە لەنێوبردنی سیستەمە ڕامیارییەکان [سیستەمی دەوڵەتییەکان] و گەڕانەوە بۆ سەر سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، هیچ هیوایەک نەماوە و نییە؛ کۆیلەتی یان ئازادی.

لەبەر ئەوە، هەنگاوی یەکەم بۆ خۆڕازگارکردن لە پاوانگەریی سیستەمە ڕامیارییەکان و ڕێکخستنی بنەماکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، (چۆڵکردنی ڕیزی پارتییە ڕامیارییەکان و بایکۆتکردنی هەڵبژاردن و دەنگدانی پارلەمانیی) مەرج دەبێت.

## ڕۆڵی ئایینەکان لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی چییە و ئایین چ پێگەیەکی ئابووریی و بەڕێوەبەریی دەبێت؟

ئایین یان نەبوونی پرسێکی کەسیی کەسەکانە و هیچ کەس مافی ڕێگریکردن لە ئاییندارِیی یان بێئایینی کەسانی دیکەی نییە. کاتێک ئێمە لە بارەی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی قسەدەکەین، خەریکین بە سیستەمێکی ئازادی کۆمەڵایەتی ئاماژەدەدەین، کە ئازادی تاکەکەس یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو. ئاییندارِیی یەکێکە لە مافەکان، یەکێکە لە ئازادییەکانی تاکەکەس و هەر ڕێگرییەک لە ئاییندارِیی، ڕەتکردنەوەی یەکێکە لە بنەماکانی کۆمەڵ ئازاد. هەر ئاوا نەبوونی بڕوای ئایینیی ماف و ئازادی هەر کەسێکە و سەپاندنی ئایین لەسەر تاک و کۆمەڵ وەک سیستەمی بەڕێوەبردن، یان سیستەمی یاسایی، دیسان ڕەتکردنەوەی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵ ئازاد و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی.

پێویستە ئایین و فرە ئایینیی یان بڕوانەبوون بە ئایین وەک بنەمای پێکەوەژیانی گشت ئەندامانی کۆمەڵ بناسرێن و پێویستە ئازادی ئەندامانی کۆمەڵ یەکێک بێت لە ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و بەندێکی یاسایی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی. لەبەر ئەوە نابێت ئایینێک یان ئایدیۆلۆجییێک مافی دەسەڵاتدارِیی و بڕیاردانی هەبێت. چونکە ئایین پرسی پەیوەندی نێوان پەرستیار و پەرەستراوە، نەک پرسی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ. کاتێک بڕێک لە خەڵک ئایینێکیان هەبێت و بڕێکی دیکە ئایینێکی دیکە و بڕێکی دیکە هیچ ئایینێکیان نەبێت، هەم سەپاندنی ئایین

و هەم قەدەخەکردنی ئایین دەبێت بە سەرکوتکردنی خەڵک و هۆکاری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریی و جۆرێک لە فاشیزمی باوەڕیی.

بۆ ئەوەی کە هەم ئاییندار و هەم ئاییندارى هەموو ئایینەکان و هەم کەسانی بێئایین بتوانن پێکەوە بژین و ماف و ئازادی یەکدی پەسەندبکەن، پێویستە ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامانی کۆمەڵ بکرێن بە بنەمای سیستەمی خۆبەڕێوەبردن. واتا خاڵە هاوبەشەکانی ژیان و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە بنەما بکرێن، هیچ کەس (چ ئاییندار و چ بێئایین یان ئایین جیاواز) نەبێت بە سەرکوتگەری ئازادیی ئەوانی دیکە و هیچ کەس مافی بەرانبەرەکەی پێشێلنەکات و سنووری دەستپێکردنی ئازادی خۆی، دەستپێکردنی ئازادی کەسانی دیکە بێت و ڕێزگرتن و پەسەندکردنی ماف و ئازادی یەکدی ببێت بە سەرەتای دەسپێکردنی ئازادیی هەمووان؛ یەکسانی و ئازادی کەسەکان و بنەمابوونی ئازادییە سرووشتییەکان ببێت بە یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی.

لەسەر ئەو بنەمایە، کە جۆری بیرکردنەوە و ئاراستەی ڕامیاریی یان ئایین و هەر ئارەزوومەندییەکی دیکە، ئازادیی تایبەتیی کەسەکان دەبن و مەرج نییە هەموو کەس هەمان گرنگی و ئارەزوومەندیی هەبێت، نابێت ڕێکخستنی ئایینی و ڕامیاریی بواری خۆ-تێکەڵکردنیان بە سیستەمی بەڕێوەبەریی هەبێت، پێویستە وەک هەموو هۆگرییە کەسییەکان لە سنووری حەز و تایبەتمەندیی کەسەکان بمێننەوە و گشتگیر نەکرێن. هەر

بۆ ئەو مەبەستە و لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە پێویستە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی، سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی بێت، نەک سیستەمێکی ئایینی و ڕامیاریی، تاکو لە دیکتاتۆریی (ئایدیۆلۆجیزەکردن و ڕامیارییکردنی ئایین) و چەپاوڵگەریی ئابووریی و پاوانگەریی ڕامیاریی بەربگیردرێت و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی مسۆگەربکرێن و بپارێزرێن.

هەر ئاوایش، چالاکی یان خزمەتکردنی ئایینیی، پێویستە چالاکی و خزمەتکردنی بەبێ پاداشت و خۆبەخشانە بێت و کەسانی مژدەبەخش یان پڕۆپاگەندەکەری ئایینیی بۆ چالاکی و ئەرکە ئایینییەکانی خۆیان مووچە و پاداشتی تایبەتییان نەبێت، چونکە خزمەتکردنی ئایینیی ئەرکێکی خۆبەخشانەیە لەپێناو پاداشتی پاش مردن دەکرێت، نەک بۆ مووچە و خانەنشینیی و پاداشتی دونیایی. کەسانێک کە مژدەدەر و پڕۆپاگەندەکەری ئایینیین، پێویستە وەک هەموو کەسێکی توانادار و تەندرووست لە بواری بەرهەمهێنان و خزمەتکردنە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارییبکەن و پێویستییەکانی ژیانی خۆیان بە ڕەنجی شانی خۆیان مسۆگەربکەن و نەبن بە بارگرانیی لەسەر ڕەنجی خەڵک و داهاتی کۆمەڵ. هەڵبەتە ئەوە جیایە، کە کەسانی ئاییندار خۆبەخشانە بە ئایینکاران کۆمەکبکەن، بەڵام سەندنی سەرانە لە خەڵک بە ناوی ئەرکی ئایینیی و مووچە لە کۆمەڵ بەرانبەر کاری خۆبەخشیی ئایینیی، جۆرێکی دیکەیە لە مشەخۆریی و گەندەڵیی، کە کەسە ڕامیارەکان ئەنجامیدەدەن. چونکە ئاینداریی پەیوەندیی نێوان پەرستیار و پەرەستراوە و بۆ پاداشتی ئەو دونیاییە، نەک مووچە و مشەخۆریی ئەم دونیا، هەر کات ئەرکی ئایینیی بکەوێتە نێو

هاوکێشەی چالاکی-مووچە-پاداشت، ئیدی ڕاستگۆیی خۆی لە دەسدەدات و لەنێو بازنەی ئایندارێی و پەرستیاریی دەردەچێت و دەگۆڕدرێت بە بازرگانی و ڕامیارییکردن و مشەخۆریی لەسەر ڕەنجی خەڵک و سامان و داهاتی کۆمەڵ، هەر ئاوا کە ڕامیاران بوون و دەکەن.

شتێکی دیکە کە پێویستە بە وردیی سەرنجیبدەین، ئەوەیە، کە هەموو ئایینەکان پڕۆپاگەندەی پێکەوە-ژیانی لایەنگرانی هەموو ئایینەکان دەکەن. بۆ ئەوەی کە بە کردەوە ئەو پڕۆپاگەندانە بسەلمێن، دەبێت هیچ ئایینێک مافی خۆ-سەپاندن و دەسەڵاتدارێی نەبێت، تاکو ئەو یەکسانیی و پێکەوە-ژیانە مسۆگەربکرێن و بەدیبێن و پەیڕەوبکرێن. کاتێک کۆمەڵ بە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بەڕێوەبچێت و هەموو کەسەکان و هەموو ئایینەکان و هەموو ئێتنییەکان یەکسان بن، بەدیهاتنی درووشمە کۆنەکەی هەموو ئایینەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان "پێکەوە-ژیان" بەدیدێت و ئازادییە کەسیی و کۆمەڵییەکان مسۆگەردەکرێن و دەپارێزرێن و ئایینیش وەک پەیوەندی کەسیی نێوان پەرەستیار و پەرەستراو دەپارێزرێت و هیچ ئاییندارێک ئاییندارێکی دیکە لەسەر جۆری بڕوا و بیرکردنەوە سەرەنابڕێت، هیچ کەس لەسەر ئاییندارێی یان بێئایینیی زیندانییناکرێت، لەقەنارەنادرێت، تیرۆرناکرێت و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی دەبن بە یاسای خۆبەڕێوەبەریی و پێکەوە-ژیانی گشت ئەندامانی کۆمەڵ، واتا گەڕانەوە بۆ سەر یاسا سرووشتیی و تایبەتمەندییە خۆزادەکانی کۆمەڵایەتییبوونی مرۆڤ.

## لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، پرسی جیاوازی کولتووریی و فرە کولتووریی، چۆن ڕێکدەخرێت؟

ئەگەر ڕابوردوو سەنجبدەین، هەموو ناوچەکانی جیهان شوێنی پێکەوە-ژیانی مرۆڤەکان بوون و هیچ بەربەستێک بۆ هاتن و چوون و ژیانی کەسەکانی دیکە نەبووە و تەمەنی سنوورە دەسەڵاتیی و ئایینی و "نەتەوە"ییەکان بەراورد بە تەمەنی مرۆڤایەتی و ژیان لەسەر گۆی زەمین، هیچ نییە. ڕاستە لە سەردەمی سەرهەڵدانی خێڵەکان و ئایینەکان جۆرێک ڕێگریی و جەنگ و پەلاماردان درووستبووە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ڕادەی زاڵبوونی سیستەمی چینایەتیی و دەستنیشانکردنی سنوورەکان جەنگ و قین و کوشتار و سنووربەندیی نێوان ئێتنییەکان و ئایینەکان و ... لەنێو خەڵکی تۆختر و قوڵتەر بوون. بەڵام هەر ئاوا لەنێو سرووشتی گۆی زەمین هیچ سنوورێکی ڕامیاریی [وڵات] بوونی نییە، هەر ئاواش لەنێو ڕابوردووی مرۆڤایەتیی بەردەوام کۆچکردن و تێکەڵبوونی بەردەوام هەبوون و هەسارەی زەمین بە سرووشتی خۆی هیچ سنوورێکی دەسکردی پەسەندنەکردووە و ئێستاش بەس بە چەک و کوشتن و تەلبەند توانیوویانە سرووشتی مرۆڤ بەربەست و سنووربەندبکەن، تاکو سەروەریی کۆمپانییەکان و دەسەڵاتداران و ڕامیاران مسۆگەربکرێت .

ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بە ئاوەزی خۆمان و خۆ-بیرکردنەوە سرووشتی مرۆڤایەتی سەرنجبدەین، مرۆڤایەتی زادەی یەک یان چەند خێزانێکین و داستانی "ئادەم و حەوا"یش هەر بۆ ئەو سەرچاوە دەگەڕێتەوە و مرۆڤایەتی

لە هەر شوێنێکی گۆی زەمین سەریهەڵدابێت و لە هەر شوێنێک کۆچکردنی دەستپێکردبێت، ئامانجی کۆچەکەی سەرزەمینی ئارام و خۆشگوزەرانیی و ئاسوودەیی و بەختەوەریی بووە. لە ئەم ڕۆژگارەی پێشکەوتنی تێکۆنۆلۆجیی و زانستیی ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە، کە شتێک بە ناوی "نەتەوە" و "نەژاد" بوونیان نییە و بەس خۆشباوەڕیی ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیین و بەرەنجامی ناهوشیاریی مرۆڤەکان هەن.

لەسەر ئەو بنەمایە، مرۆڤایەتی سنوور و سەرچاوەی دەستنیشانکردنی نییە و هەمووومان سەر بە یەک بنەچەین و مرۆڤایەتی خێزانێکی گەورەیە و زەمین نیشتمانی هەمووومانە و کۆمەڵەکانیش تێکەڵەیەک لە مرۆڤایەتی و جیایی زمان وەک کۆدی پەیوەندی، هیچ لە بەها هاوبەشە مرۆڤییەکان ناگۆڕێت، بازنە کولتوورییەکانیش بەرەنجامی زۆریی کۆمەڵەکانن، نەک جیایی و ناجۆریی و دژبوونی مرۆڤایەتیی مرۆڤەکان و کۆمەڵەکان.

بێجگە لەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ سنووورە ڕامیاریی و ئایینی و کولتوورییەکان کاڵتردەبنەوە و کولتووری جیهانیی و کەسایەتی جیهانیی و خەون و خەیاڵی جیهانیی سەرهەڵدەدەن. لە بارێکی ئاوا هەم ئەندامانی کۆمەڵەکانی ئێمە بۆ دەرەوە کۆچدەکەن و هەم کەسانی دیکە بۆ لەنێو کۆمەڵەکانی ئێمە دێن. کاتێک ئێمە هاوزمانانی کۆمەڵێک لە دەرەوەی کۆمەڵەکەی خۆمان چاوەڕوانی هەبوونی مافی خوێندن و بەکاربردنی زمانی دایکیی و پاراستنی کولتووری خۆمان بین، بەدڵنیاییش مافی هەر کەسێکە، کە بە هاتنی بۆ نێو کۆمەڵەکانی ئێمە، کولتووری خۆی بپارێزێت و بە زمانی دایکیی خۆی

بخوێنێت و بنووسێت. لە باری ئاسایی کولتوورەکان وەک چینەکانی زەمین تێکەڵدەبن، ئەگەر سەپاندن و دەمارگیری ڕێگر نەبێت.

لەبەر ئەوە دەبێت فرە کولتووریی کۆمەڵەکان، یان پێکەوە-ژیانی کەسە کولتوور جیاوازەکان وەک سەرەنجامی گەشەکردن و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی پەسەندبکەین و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵەکان لە یەکدی و سەرهەڵدانی کولتووره جیاوازدەکان بەهەندوەربگرین و لەجیاتی جەنگ و سنووربەندیی و ترسان لە تێکەڵبوونی کولتوورەکان، کۆششبکەین لە لایەنە ئەرێنییەکانی کولتووری یەکدی کەڵکوەربگرین و لایەنە نەرێنییەکانی کولتووری خۆمان لەنێوبەرین و لە ئەوەش زیاتر، پەسەندکردنی فرە-کولتووریی کۆمەڵەکان و ناسینی فرە-کولتووریی وەک بنەمای پێکەوەژیانی کەسەکان و کۆمەڵە کولتوور جیاوازەکان، دەکرێت یەکێک بێت لە بنەماکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی.

## دەتوانرێت بە کامە سیستەم "سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی" بگوترێت؟

سەرەتا پێش هەموو شتێک ئەو ڕۆشنکردنەوە پێویستە؛ ئەگەر خەڵک هوشیار نەبێت و بەرخودان نیشاننەدات، چەمکی (خۆبەڕێوەبەریی) وەک هەر چەمکێکی دیکە دەتواندرێت بە خراپ بەکاربرێت و تەنانەت سیستەمە دژەکانی خۆی بە هەمان ناو خۆیان بسەپێنن، هەر ئاوا کە (دێمۆکراسی) کراوە بە دوژمنی خۆی و دەکرێت بە دێوجامەی سیستەمی پارلەمانیی و ئەم ڕۆژگارە لەنێو ئاوەزی زۆربەی خەڵک سیستەمی دێمۆکراسی لەتەک سیستەمی پارلەرمانی هاوتا و یەکسان و هاوواتا کراوە و دەکرێت. بەڵام کاتێک کە خۆبەڕێوەبەریی وەک کەتواری کۆمەڵ، وەک سیستەمێکی کردەیی، وەک ڕێکخستن، وەک خۆکۆمەکیی خەڵک، وەک هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان بهێنینە مەیدانی ژیان و بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان و لە سیستە ڕامیارییەکان جیایبکەینەوە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ بۆ خودی خەڵکی بگێڕدرێتەوە، ئیدی بنەما و میکانیزمەکان و پایەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بارێکی دیکە و زۆر جیاواز وەردەگرن و ناتوانرێت هەمان بنەما و میکانیزم و پایەکانی سیستەمە ڕامیارییەکانی هەبن، کە سیستەمە ڕامیارییەکان دەپارێزن و ئاراستەدەکەن. لەبەر ئەوەیە، کە ئامانجدارانە لەسەر دەستنیشانکردنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ بە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی یان خەڵک پێداگرییکراوە.

دەتوانین خۆبەڕێوەبەریی بە خۆبەڕێوەبەریی ئازاد-شار و ئازاد-گوندەکانی کۆن بڵێین، ئەو گوند و شارانەی کە سیستەمی خێڵەکیی و کۆیلەداریی و فیئۆداڵی- ئیمپراتۆری [دەوڵەتی] نەبووە، بە بۆچوونی من گوندە زاگرۆس-نشینەکان بەشێک بوون لە ئەو کۆمەڵە خۆبەڕێوەبەرانە. هەر ئاوا دەزانین، هەندێک لەو کۆمەڵانە قۆناخی خێڵایەتیی و کۆیلایەتیی و فیئۆدالی نەبوون و نەبڕیون. لێرەدا مەبەس سەردەمی پێش درووستبوونی خان و سان و بەگلەر و ئاغایانە، کە ئەوان لەژێر کاریی داگیرکاریی ئیمپراتۆرییەکان درووستبوون. باشترین نموونەش بۆ ئازاد-گوندیی ئەو ناوچانە، ئەوەیە کە تاکو درووستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخی پاش ڕوخانی پاشایی لە ئیراق و ئێران (سەردەمی موسەدەق و قاسم)، زۆربەی گوندەکان خان و سان و بەگلەر و ئاغایان نەبووە، ئەوانی دیکەش بە زۆری چەک و لەشکری ئیمپڕاتۆرییە ئێرانیی و ئوسمانییەکان خان و بەگلەریان بۆ دانراون و لەسەر ئەوان سەپێندراون. بۆ زیاتر ڕۆشنتربوون و وێناکردنی ئەو پرسە باشترە ئەوە سەرنجبدەین، کە دەسەڵاتدارەکان، ئەوانەی کە سنووری ئیمپراتۆرییە ئێرانییەکان بوون، زۆرتر بە خان و سان ناسراون و دەسەڵاتدارەکانی سنووری دەسەڵاتداریی ئوسمانییەکان بە بێگ (بەگ - بەگلەر) ناسراون، چونکە سیستەمی پلەداریی ئیمپراتۆری ئێرانیی و ئوسمانیی ئاوا بوون و دەفتەردار و باجگیرەکانی ئەوان بە ئەو ناوانە ناسراون.

هەڵبەتە سان و خان و شێخ و میرانێک هەبوون، کە لە ملکەچیی ئیمپڕاتۆرەکان هەڵگەڕاونەتەوە و سەربەخۆیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتدرایی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەڵام هیچ کات ئەو سەربەخۆییە سنووری سیستەمی

دەسەڵاتداریی و چینایەتیی نەبڕیوە و گەڕەکیاننەبووە بۆ سەر سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی گوند و شارە ئازادەکان بگەڕێنەوە و سیستەمی سەروەر و ژێردەست لەنێوبەرن.

من بۆ جیاکردنەوەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی خەڵک لە سیستەمە رامیارییەکان وەک پاشایی، میلیشیایی، تاکپارتیی و پارلەمانی، جیاکردنەوەی لە سیستەمی فەرمانداریی و دەوڵەتیی، دەسەواژەی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) بەکاردەبەم، کە مەبەست هەمان سیستەمی دێمۆکراتیی ئازاد-شارەکان یۆنانی کۆن و ئازاد-گوندەکانی زاگرۆس-نشینەکانە و لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی خەڵک و پەیڕەویکردن لە یاسا سرووشتییەکانی کۆمەڵ دامەزراون؛ ئەو کۆمەڵانەی کە سیستەمی بەڕێوەبەریی ئەوان خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بووە، هەم ئاشتییانە ژیاون و هەم ناسەروەرانە خۆیان ڕێکخستووە و هەم هەرەوەزیی بوون و هەم ژینگەپارێز بوون. یەکێک لە نیشانەکانی ئەو شار و گوندانە ئەوەیە، کە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان، بەرانبەر هێرشهێنانی لەشکری ئیسلام و ئیمپڕاتۆرییە ئاسیاییەکان و ئوسمانییەکان و ئیمپڕاتۆرییە ئۆروپییەکان بەرخودانیان نیشانداوە و بەڵگەش بۆ ئەوە، هەبوونی هەژمارێکی زۆر قەڵایە لە زۆربەی گوندەکان، کە بەس گوندی تەوێڵە (لە هۆرامان) چەند دانە قەڵای لەنێو هەبوون و ئێستاش ناوەکانیان ماون. بوون و زۆریی قەڵاکان لە سەرزەمینێک، بەڵگەی ئەوەیە، کە خەڵکی ئەو سەرزەمینە هێرشبەر و پەلاماردەر و داگیرکەری کۆمەڵەکانی دەوروبەری خۆیان

نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەردەم ڕووبەڕووی هەڕەشە و پەلاماردانی دەوروبەر بوونەتەوە و ئاشتیخواز و خۆپارێز بوون.

کورت و پوخت، خۆبەڕێوەبەریی واتا خەڵکی کۆمەڵێک خۆی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەکەی خۆی ڕێکدەخات و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک پایەی سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەکە دەبن. هەر ئەوەشە سەرەکییترین جیاوازی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لە سیستەمەکانی دیکە و بەپێچەوانەی سیستەمە ڕامیارییەکان، سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لە بنی کۆمەڵەوە سەرهەڵدەدات و هەموو بڕیاردانێک بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە.

## جیاوازی نێوان (سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی) و (سیستەمی دێمۆکراتیی) چییە؟

بە یەک واژە و وەڵامی کورت، هیچ! کاتێک کە ئێمە دەڵێین خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی یان (خۆبەڕێوەبەریی خەڵک) واتا لە سەرهەڵدانەوە تاکو ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و بڕیاردان و پاراستن و سەرپەرشتیکردنی، هەموو لایەنەکانی خەڵک دیاریاندەکات و لەسەر ئەوان بڕیاردەدات، نەک دەستەبژێرێک، میلیشیایەک، پارتییەک یان فەرماندارێک و دەوڵەتێک؛ بە بڕیاردانی خەڵک دەستپێدەکات و بە ئەنجامدانی خودی خەڵک تەواودەبێت، ئەوەش سیستەمی دێمۆکراتییە [دێمۆکراتی، نەک پارلەمانی].

تەواو بە پێچەوانەی تەواوی سیستەمە ڕامیارییەکان، کە لەنێو ئەوان کەسێک، پارتییەک، کۆمیتەی میلیشیایەک، دەستەبژێرێکی ڕامیار لەجیاتی و بە جێگریی خەڵک بڕیاردەدات و بڕیارەکانی خۆی بە ناوی خەڵک لەسەر خەڵک دەسەپێنێت، هەر ئاوا خۆمان لەنێو سیستە سەربازیی و تاکپارتییەکان لەدایکبووین و ژیاوین و هەر ئاوا کەسانێک لە ئێمە لەنێو سیستەمە پارلەمانیی و فرە پارتییەکانی ئۆروپا دەژین و دەبینین، کە هەر دوو سیستەمی (پارلەمانی) و (ناپارلەمانی) دەکەونە بەرەی دەسەڵاتداریی، چ تاکپارتیی و سەربازیی، چ فرە پارتیی و پارلەمانیی. تاقە جیاوازییەک ئەوەیە، کە دیکتاتۆری پاشایەک، تاک-پارتییەک، میلیشیایەک ئاشکرا و دیکتاتیێۆریی پارلەمانیی شاردراوەیە، بەڵام هەر دوو بەرە بە ناوی خەڵک

سەروەر دەبن و لەنێو ئەوان کۆمەڵێک ڕامیار بە ناوی خەڵک بۆ کۆمپانییە جیهانلووشەکان دەڵاڵییدەکەن.

لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، هەموو بڕیارێک لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکی کۆڵانەکان یان شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن و کشتکاریی دەدرێت، واتا خەڵک ڕاسەوخۆ و لە شوێنی ژیان و خوێندن و خزمەتکردن و بەرهەمهێنانی خۆی و لەسەر بنەمای پێویستییەکانی خۆی بڕیاردەدات، نەک لەنێو کۆبوونەوەی پارتییەکان و لە ڕێی کەسانی جێگر[کەسانێک کە لەجیاتی خەڵک و لە سەرووی خەڵک بڕیاردەدەن]؛ لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ڕاسپێردراوانێک کە لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکی شوێنەکان هەڵدەبژێردرێن و دەستنیشاندەکرێن، بڕیاردەر نین و نابن، بەڵکو ئەنجامدەری بڕیارەکانی خەڵکە دەنگدەر و هەڵبژێرەکە دەبن؛ واتا (بۆ نموونە) خەڵک لەنێو کۆبوونەوەی کۆڵانێک، فێرگەیەک، شوێنی بەرهەمهێنان، گوندێک لەسەر پێویستی پڕۆژەیەکی تەندرووستیی و وەرزشیی یان ئاوەڕۆ و تەلارسازیی و ڕێگەسازیی و زیادکردن و کەمکردنی بەرهەمهێنان بڕیاردەدات، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک لە کەسە دڵسۆز و خۆبەخشەکان خۆیان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکەی دەستنیشاندەکەن، هەموو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئازادانە و بە حەزی خۆیان ڕاسپێردراو هەڵدەبژێرن و ئەرکی ڕاسپێردراو ئەنجامدانی بڕیارەکانە، نەک بڕیاردان لەجیاتی خەڵک. خەڵکی ئەو شوێنە ماوەی نێوان کۆبوونەوەکانی خۆی دیاریدەکات، هەر ئاوا لە باری کەمتەرخەمیی یان ئەنجامنەدانی بڕیارەکان لەلایەن ڕاسپێردراوکان، خەڵکی

ئەو شوێنە مافی بڕیاردانی بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی (ناخولیی) هەیە و لەنێو کۆبوونەوەی نائاسایی، ڕاسپێردراوی تازە دەخرێتە شوێنی ڕاسپێردراوە کەمتەرخەمەکە. سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی لەشکر و پۆلیس و دادگای سەرووخەڵکیی نییە و نابێت و پاراستنی کۆمەڵ (گوند یان گەڕەکەکان شار) و شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن ئەرکی خەڵکەکەیە و خەڵک جۆری پاراستنەکە دەستنیشاندەکات و ئەوە کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکییە، کە کەسە خۆبەخشە دڵسۆزەکان بۆ سەرپەشتی کارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشاندەکات. هەر کۆبوونەوەی خەڵکیش بڕیارەکان دەگۆڕێت و سەرپەرشتیکەرەکان لادەدات. بێجگە لەوە، سەرپەرشتیکردنی هەر پرۆژەیەک یان هەر بوارێکی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان (ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، پارێزگاریی، پەروەردە و ڕاهێنان، داوەریی و هەڵسەنگاندن و ...تد ) بە کۆ [چەند کەسێک] دەکرێت و تاکەکەس بە تەنیا مافی سەرپەرشتیکردنی نییە و نابێت و سەرۆک و هاوسەرۆک و فەرماندار و تاک-داوەر و ..تد بوونی نییە، هەموو بڕیارێک لەلایەن خەڵک بە کۆمەڵ دەدرێت و هەمان خەڵکیش پێکەوە ئەنجامیدەدات. دارایی دەوڵەتیی و تایبەتیی [ کەرتی بەهرەکێش] بوونیان نییە و هەموو سامانی کۆمەڵ دارایی کۆمەڵایەتیین، بەڵام بەشدارییکردنی پرۆژە هەرەوەزییەکان و تێکەڵکردنی دارایی زەمین و باخەکان ئازادانەن ، ئەگەر ڕادەی زمینەکە یان باخەکە یان ماڵەکە لە نیازمەندیی کەسیی کەسەکان زیاتر نەبێت و نەبێت بە کەرتی بەهرەکێشکردن لە ڕەنجی کەسانی دیکە، ئاساییە. چونکە دەبێت هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان خۆخوازانە سەرهەڵبدەن و سەپاندنی بۆلشەڤیکانە بواری نەبێت و نەدرێت.

خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی دێمۆکراتییە، دێمۆکراتی بە واتای خۆبەڕێوەبەریی خەڵک، نەک سیستەمی پارلەمانی، کە هیچ کات پارلەمان ڕاسپێردراویی خەڵک ناکات و جێگر [پارلەمانتار] ئەگەر دەڵاڵ [لۆبی] کۆمپانییەکان نەبێت، لە باشترین باردا نوێنەرایەتیی دەستەی سەرووی پارتییە ڕامیارییەکان دەکات و بۆ مشەخۆریی خۆی تێدەکۆشێت. خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی گێڕانەوەی کۆمەڵ دەبێت بۆ باری ئاسایی ژیانی مرۆڤایەتی، بارێک کە بۆ گەشەکردنی ژیان و کۆمەڵ، ئاشتی و ئاسوودەیی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری پێویستە. جەنگ و داگیرکاریی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و مشەخۆریی لەنێوبەری سرووشت و مرۆڤایەتیین و مرۆڤ لە گیاندارێکی هوشیار و بەختەوەریخواز دەگۆڕن بە درندەترین بوونەوەر و لەنێوبەری خۆی و ژینگەی دەوروبەری خۆی. هەر ئاوا کە ئێستا هەموو مرۆڤایەتی گیرۆدەی جەنگ و ئاوارەیی و کاولکاریی و وشکەساڵیی و توانەوەی جەمسەرە بەستەڵەکییەکان و دڕانی پەردەی ئۆزۆن و لەنێوچوونی زیاتر لە نیوەی جۆرەکانی گژ و گیا و گیانداران و ژاراویبوونی دەریاکان و بە شێوەیەکی گشتیی مرۆڤایەتی لەتەک شێوانی ئاو و هەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و لێدانی زەنگی نەمانی ژیان و لەنێوچوونی خۆی ڕووبەڕووە و ئەو گشتە نەهامەتییە هەمووی لەپێناو بەرژەوەندی و مشەخۆریی ١% مرۆڤەکانە، کە کەسان و خێزانە دەوڵەتمەندەکان و دەسەڵاتداران و ڕامیارانن و ٩٩% مرۆڤەکان ، کە زۆرینەی مرۆڤایەتین، کەوتوونەتە سەر دووڕێیانی تێکۆشان بۆ پاراستنی ژیان و مانەوە، یان ملکەچکردن بۆ سیستەمی وێرانکردنی زەمین و لەنێوبردن مرۆڤایەتی.

لە بارێکی ئاوا گەڕانەوە بۆ سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی [سیستەمی دێمۆکراسی] و خۆڕزگارکردن لە سیستەمە ڕامیارییەکان و نەزمی بازار و یاساکانی مشەخۆریی، تاقە دەرباز و پەنجەرەیە لە بەردەمی مرۆڤایەتیی.

## لەسەرچ بنەمایەک (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) لە سیستەمەکانی دیکە جیاوازدەبێت؟

ئەوەی کە تاکو ئێستا وەک ئەزموون لە بارەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و سیستەمە ڕامیارییەکان بۆ ئێمە ماوەتەوە یان دەرکەوتووە، ئەوەیە، کە تەنانەت لە ڕواڵەتیش بە ئاسانی دەتوانین جیاوازییەکان ببینین؛ لەنێو سیستەمە سەروەرییەکان [سیستەمی خێڵەکیی، ئایینی و پاشایی، پارلەمانی، ...تد] دەسەڵاتداریی کەسێك یان خێزانێکی سەروەر دەکرێت بە جێگر یان نوێنەری دەسەڵاتی "یەزدان" و تەنانەت لەتەک دەسەڵاتی یەزدان یەکساندەکرێت و ڕەوایەتیی خۆی لە خۆشباوەڕیی خەڵک و پیرۆزکردنی دەسەڵاتێک بە ناوی "دەسەڵاتی یەزدان" لەسەر گۆی زەمین بە دەستهێناوە و بۆ باشتر دیتنی ئەو گەڕە یان ئەو فێڵە لە خەڵک بە ناوی یەزدان و جێگرتنەوەی یەزدان بە پاشایەک یان خەلیفەیەک، دەتوانین سیستەمی پاشایەتیی ئۆروپای کۆن و سیستەمی خەلافەتی خۆرهەڵاتی ناوین سەرنجبدەین، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵە وەک ڕابوردووی نووسراوە بە ئێمە گەیشتوون، هەڵبەتە پێشتریش هەر لە سیستەمی خێڵە سەرەتاییەکانی سەرەتای مرۆڤایەتی هەمان سیستەم لەسەر خەڵک بووە و هەر ئەوەیە، کە لە ئێستا بە سستەمی دەوڵەتی هاوچەرخ گەیشتووە.

سیستەمە ڕامیارییە هاوچەرخەکان، کە بە ناوی "خەڵک" و "نیشتمان" و "دێمۆکراسی" خۆیان دەسەپێنن، بە هەمان شێوەی سیستەمە خێڵەکیی و ئایینی و پاشاییەکان "خەڵک" و "نیشتمان" و "دێمۆکراتی" دەکەن بە

دێوجامە بۆ خەڵەتاندنی خەڵک و پاراستنی سەروەریی خۆیان، لەو پێناوە بە هەموو جۆرێک کۆششدەکەن و هەر بەرەنگارییەک لە بەرانبەر پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی خۆیان بەناوی "یەزدان" و "بەرژەوەندی گشتیی" سەرکوتدەکەن و خۆیان بە نوێنەری یەزدان و خەڵک هەژماردەکەن.

بە کورتیی و پوختیی، لە سایەی سیستەمە سەروەرییەکان خەڵک بەس فەرمانبەری فەرمانی فەرماندەران و کۆیلەی سەروەرانە و ملکەچیی خەڵک یاسایەکی پیرۆزکراوە و بە ناوی "یەزدان" و "بەرژەوەندی گشتیی" و تەنانەت بەناو خودی خەڵکیش، خەڵک سەرکوتدەکرێت و بۆ سەروەریی کەسانێک، پارتییەک، میلیشیایەک، یان کۆمپانییەکان کۆیلەدەکرێت.

پێکهاتەی سیستەمە ڕامیارییەکان و هەموو سیستەمە ناکۆمەڵایەتییەکان چەند خاڵێکی هاوبەشە، کە هاوکات دەستنیشانکەری جیاوازیی ئەوانە لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی؛ هەموویان پێکهاتەیەکی قووچکەییان هەیە، کەسێک، خێزانێک، پارتییەک، کۆمپانییەک، فەرمانداریێک، دەوڵەتێک لە سەرووی کۆمەڵێک سەروەرە، هەموو لەسەر بنەمای جێگریی خەڵک دامەزراون، واتا لەجیاتی خەڵک بڕیاردەدەن و بە ناوی خەڵک فەرمانی خۆیان لەسەر خەڵک دەسەپێنن و بە ناوی خەڵک و ئاساییشی خەڵک کۆمەڵەکان دیکە پەلاماردەدەن و بە ناوی خەڵک ڕێکەوتنامە دەبەستن و بە ناوی خەڵکیش کەسانی ناڕازی زیندانی و گوند و شاربەدەر دەکەن و لەقەنارەدەدەن و هەر بە ناوی خەڵک و بەرژەوەندی خەڵکیش، خەڵک برسی و بەدبەخت دەکەن و هەر لەژێر دێوجامەی

بەرژەوەندی و پێویستیی ژیانی خەڵک، مشەخۆریی چینی سەرمایەداران و ڕامیاران و فەرمانداران مسۆگەردەکرێت و هەر بە ناوی پاراستنی ئاسایشی خەڵک و "نەتەوە" و "...تد خەڵک ناڕازی سەرکوتدەکەن و زیندانیدەکەن و لەقەنارەدەدەن و ئەگەر پێویستیش بێت، "فەرمانی یەزدان" و "ویستی یەزدان" وەک دێوجامەی بۆ شاردنەوەی بڕیارەکانی خۆیان بەکاردەبەن؛ سیستەمە ڕامیارییەکان نێوەندگەران و بەڕێوەبەران لە کۆمەڵ دابڕاون.

لە سایەی سیستەمە ڕامیارییەکان، لە باشترین باردا بەس پرسە گورگانە بە خەڵک دەکرێت، بۆ نموونە هەڵبژاردنی پارلەمانی، کە بەراورد بە سیستەمە پاشایی و تاکپارتیی و میلیشیاییەکان باشتر بەرچاودەکەوێت، پارتییەکان ئەندامی خۆیان بۆ هەڵبژاردن دەستنیشاندەکەن و لیستەکانی خۆیان ئاشکرادەکەن و خەڵک لەنێوان ئەندامانی لیستەکان یان لەنێوان لیستەکان خراپ لە خراپتر هەڵدەبژێرێت، واتا تۆ بەس ئەو مافەت هەیە، کە لەنێو خرابترینەکان خرابێک هەڵبژێریت، کە سیستەمی دەوڵەتیی و پارلەمانیی و پارتییایەتییەکان ئەوان بۆ تۆ دەستنیشاندەکەن، ئیدی هەموو چەتە بن، یان سیخوڕ و تیرۆریست بن، بۆ تۆ بەس ئەو هەڵبژێرە هەیە، کە بە دەنگدانی خۆت، کەسێک لە ئەوان وەک جێگری خۆت دەستنیشاندەکەیت [جێگر نەک ڕاسپێردراو، چونکە ڕاسپێردراویی تایبەتمەندیی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتییە].

بە پێچەوانەی سیستەمە ڕامیارییەکان، سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بە هەڵوەشاندنەوە و لەنێوبردنی هەموو دەزگە و ئامرازە

سەروەرییەکانی سەرووی خەڵک دەستپێدەکات و بە گێڕانەوەی سرووشتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ و درووستکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهێنانەوەی شێرازە کۆمەڵایەتییەکان وەک خۆ-کۆمەکیی و هەرەوەزیی و هاوپشتیی و یارمەتیدان و فریاگوزاریی کۆمەڵایەتیی دادەمەزرێت و خۆی ڕادەگرێت. ئاشتی و پێکەوەژیان و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی هەمەلایەنەی ئەندامانی کۆمەڵ پایە و بنەمای پێکهاتەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبن.

هەڵبەتە دەبێت ئەوە ڕۆشن بێت، کە گەڕانەوە بۆ سەر بنەماکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتییکردنەوەی هەموو دەزگە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵ و دامەرزراندنەوەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، کاری شەو و ڕۆژێک و کەسێک یان دەستەبژێرێک نییە، پێویستی بە کۆششێکی بەردەوام و پێکەوە چالاکییکردنی هەموو کەسە ئازادی- و یەکسانی- و دادپەروەریی-خوازەکان هەیە، هەر لە خۆ-گۆڕین و گۆڕینی بیرکردنەوە و جۆری ژیان و پەیوەندی و بەرهەمهێنانی تاکە کەس تاکو پەیوەندییەکانی خێزان و کۆڵان و گەڕەکەکان و گوند و شوێنەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی خوێندن و پەروەردە و گۆڕینی بەڕێوەبەریی گوند و شار و ناوچە و هەرێم و کیشوەرەکان؛ بە هەماهەنگی و پێکەوەگونجاندن و پێکەوەگرێدانەوەی کۆششی چین و توێژ نەدار و بێدەسەڵاتەکراوەکانی کۆمەڵ، بە خۆڕزگارکردن لە وابەستەیی بازار و بە دەستبەرداریی لە ژیانی ناهوشیارانە و نادەربەسانە، بە دەرکردنی هەر شتێک لەنێو ژیان و پەیوەندییەکان کۆمەڵ، کە ژیان و کۆمەڵایەتیی-بوون

تێکدەدات و ژیان دەخاتە مەترسی و ناکامی؛ بە خۆ-بوون و بەدیهێنانەوەی مرۆڤایەتیی و ڕزگاربوون لە نەخۆشییە سەرەکیی و سەرەتانییەکەی سەردەمی شارسازیی و تێکنۆلۆجیا و دەوڵەتگەرایی؛ نەخۆشی لە-خۆ-بێگانە-بوونی مرۆڤ؛ لە بێبەشکردنی مرۆڤ لە ڕەنجی خۆی، لە کۆیلەکردن و ڕۆبۆتکردنی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵ بۆ سەروەربوونی کەمینەی دارا و دەسەڵاتدار، بە کورتیی و پوختی بە ڕزگاربوون لە هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە مرۆڤایەتییان بە ئەم ڕۆژگارە نەگریسە گەیاندووە.

## بنەما و میکانیزمەکانی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) چین و ئەو سیستەمە چۆن ڕێکدەخرێت؟

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بۆ سەرهەڵدان و خۆگرتن و بەردەوامیی خۆی، کۆمەڵێک بنەمای ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و ڕۆشنبیریی هەن و پێویستن، لەنێو ئەوانە:

**- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

ئەو پەیوەندییە سرووشتییانەن، کە نێوان خەڵکی هەن؛ لەنێوان هاوسێیان و هاوکاران و هاوپیشان و هاوگوندان و هاوشاریان و ئەویندارن و یار و یاوەران درووستدەبن و خۆشەویستی و سۆز و یەکتر پەسەندکردنی کەسەکان بنەمای ئەوان دەبن. تەواو پێچەوانەی پەیوەندییە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجییەکان، کە زۆرداری دەوڵەتیی و سەربازیی و یاسا ڕامیارییەکان و کڵێشە ئایدیۆلۆجیی و پارتییایەتییەکان درووستکەری ئەوان هەن و لەسەر بنەمای سەروەریی دەوڵەتی و فەرمانداریی و میلیشیایی، کۆمەڵەکان جیهان، کە هەزاران ساڵ پێکەوە ژیاون و تیکەڵیی ئاسایی وەک هاوسایی و هاریکاریی درووستکەری دۆسایەتی ئەوان بووە، دەکرێن بە دوژمنی یەکدی و جیاواز بە یەکدی دەناسرێن؛ لەسەر بنەمای پارتییایەتی و ئایدیۆلۆجی بۆ ملکەچکردنی خەڵک، خەڵکی کۆڵانێک، گەڕەکێک، گوندێک، شارێک، ناوچەیەک لەسەر دەسەبەندیی پارتییەکان و میلیشیاکان بەشکراون و هاوسێ و هاوکار و هاوپۆل و هاوگوند و هاوشار و یار و یاوەر دەکرێن بە دوژمنی یەکدی و تەنانەت دایک و کچ و خوشک و باوک و کوڕ و برا دەکرێن

به دوژمنی یەکدی و خوانی خێزان دەگۆڕدرێت بە مەیدانی زۆرانبازیی پارتییایەتی و دوژمنایەتی ئایدیۆلۆجیی، کە سەرەنجام سەروەریی پارتییەک یان مشەخۆریی و دەڵاڵیی کۆمەڵێک ڕامیارانی نێو پارلەمانێک دەستەبەردەکرێت، کۆمەڵێک سەرمایەدار بەهرەمەند دەبن و تەواوی دەزگەکانی سیستەمی ڕامیاریی مسۆگەرکەری مشەخۆریی و سەروەریی ئەوان دەبن و دەسکەلای ئەوان [ ڕامیاران و فەرمانداران و سەرمایەداران] دەبن. لەبەرئەوە کۆمەڵایەتییبوونەوە، ئەلف و بێی گۆڕان و شۆڕش دەبێت.

**- بەرژەوەندی و پێویستیی گشتیی**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای هاوپشتیی و هاوبەرژەوەندیی و پێداویستیی گشتییەکانی کەسەکان سەرهەڵدەدەن و تان و پۆی کۆمەڵ پێکدەهێنن. هەر ئەوەش دەبێت بە بنەمای یەکگرتنی هاودەردان و هاوپیشان و هاوکاران و هاونیشینگان. ئەگەر باری ژیان و گوزەران و پێگەی ئابووریی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ سەرنجبدەین و لە حەز و ئارەزوو و خەون و خەیاڵە هاوبەشەکانی ئەوان وردببینەوە، دەردەکەوێت، کە زۆربەی کەسەکان بەس خوازیاری ئاشتی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریین. بەڵام بەرانبەر ئارەزووەکانی زۆربەی خەڵک، کەمینەیەکی زۆر کەم لە دەسەڵاتداران و ڕامیاران و کۆمپانیداران بەرژەوەندیی ئەوان لەسەر جەنگ و وێرانکردن و ناچارکردن و سەرکوتکردنی ئەندامانی کۆمەڵ ڕاوەستاوە و تاقە ڕێگەچارەیەک بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە نەهامەتییەکانی سیستەمی ڕامیاریی و کۆتاییهێنان بە بار و دۆخێک، کە لەسەر هەموو کۆمەڵەکان جیهانی سەپێندراوە،

ئەوەش بەس گەڕانەوەیە بۆ سەر بنەماکانی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و هەر ئەوەیە کە دەتوانێت گرفتەکان چارەسەربکات، لەبەر ئەوەی کە لەسەر بنەمای هاوبەرژەوەندیی و پێویستییەکانی زۆربەی کەسەکان دادەمەزرێت و پێشتریش هەر ئەوە بووە، کە کۆمەڵی خۆبەڕێوەبەر و ناچینایەتیی مسۆگەر کردووە.

**- ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی**

ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە کۆنترین بنەماکانی کۆمەڵ و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی، هاوکاتیش یەکێکە لە سەرەکیترین بنەماکانی کولتوور و بەها و نەریتە کۆمەڵایتییەکان، کە دەسەڵاتی کولتووریی درووستدەکەن و ئەوەش مەرجی جێگربوونی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان درووستکەری سیستەمی کۆمەڵایەتیین. ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی پایەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بناخەی ئەو دەبن. لەبەر ئەوە بەبێ ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی نە کۆمەڵ بوونی هەیە و نە پەیوەندی کۆمەڵایەتیی درووستدەبن و نە هیچکام پایەدار دەمێننەوە. ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان پێشتر وەک یاسا و خاڵبەندیی دەستووریی نووسراوە نەبوون و بەس بە کولتووربوونی ئەوان و بە بەدیهێنانی پشتیوانەی دەسەڵاتی کولتووریی، بوون بە یاسایەک و لەنێو ئاوەزی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵ تۆماربوون و خۆبەخۆ لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵێک وەک دەستوورێک پەیڕەوکراون.

- **ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی**

بەشداریکردنی گشتیی خەڵک و ئازادی کەسەکان و یەکسانی دارایی و بڕیاردانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی پایەی سیستەمی کۆمەڵایەتیین و بنەمابوونیان ئەوان دەکات بە میکانیزمی خۆگرتن و دامەزران و بەردەوامبوونی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و هاوکات لە سەرهەڵدانی ملهوڕیی کەسیی و دەستەیی کەسانێک ڕێگریدەکات، کە ئامانجیان ژێرچەپۆک-خستنی ئەندامانی کۆمەڵ دەبێت بۆ بەدیهێنانی حەز و ئارەزووە سەروەرانە و مشەخۆرانە و ناکۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و ملکەچکردنی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ بۆ خواستە ناڕەواکانی خۆیان.

- **ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان**

ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان تان و پۆی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبن. ڕێکخراوە ئاسۆییەکان یان خۆ-ڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی تەواو پێچەوانەی ڕێکخراوە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی و چینایەتییەکان و (سەندیکا و یەکێتیی و شوورا نێوەندگەرا و قووچکەییەکان) دەبن. ڕێکخراوە جەماوەرییە ئاسۆیی و ئازادەکان لەسەر بنەمای بەشداریکردنی ئازادانە و خۆ-بیرکردنەوە و خۆ-بڕیاردانی گشتیی ئەندامەکانی ئەوان سەرهەڵدەدەن، ئیدی ئەو کەسانە توێژێکی جەماوەریی یان چینێکی کۆمەڵایەتیی یان خەڵکی گوندێک بن، جیاکەرەی سەرەکیی ڕێکخراوە ئاسۆیی و سەربەخۆکان لە ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و ئەو ڕێکخراوانەش، کە گرووپە ڕامیارییەکان یان دەوڵەتەکان بەناوی "خەڵک و

جەماوەر" درووستیانکردوون، هاوئاستیی ماف و ئەرک و داخوازی و پێویستیی ئەندامانی ڕێکخراوانە دەبن، نە هیچ کەس سەرۆکی کەسێکی دیکە دەبێت و نە هیچ کەسیش فەرمانبەری فەرمانی سەرووی خۆی؛ تێکۆشان و بەدیهێنان و بڕیاردان و ئەنجامدان ئەرکی هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکان و ڕۆڵی ڕاسپێردراوانی کۆبوونەوەی گشتیی ئەندامان، یان ڕاسپێردراوانی ئەنجوومەنی سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستن، ئەنجامدانی بڕیارەکانی ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەبێت، نەک بڕیاردان و سەپاندن و پاوانکردنی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکە لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێک بەناو سەرۆک و ڕابەر و سکرتێر، یان هاوسەرۆک.

## ئەی میکانیزمەکانی چۆنێتیی کارکردن و بەڕێچوونی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) کامانەن؟

**- کۆبوونەوەی گشتیی**

کۆبوونەوەی گشتیی لە ئەوە ڕێگرییدەکات، کە کەسێک یان کەمینەیەک لە سەرووی خەڵک یان لە پشت خەڵکەوە بڕیاربدات، یان خۆی ڕێکبخات و لەسەر ئایەندەی کۆمەڵ بڕیاربدات. کۆبوونەوەی گشتیی بەها و بڕوا-بە-خۆ-بوون و پێگەی شایيشتە بۆ کەسەکان دەگێڕێتەوە و وەک فێرگێک ئەندامانی کۆمەڵ پەروەردەکات، کە هەموو کەسێک توانا و بەهرەیەکی هەیە، هەموو کەس لەنێو کۆمەڵ ڕۆڵی بە کەڵک و گرنگی هەیە؛ هەموو کەس دەتوانێت بیربکاتەوە و بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبێت و چالاکانە لە بەرهەمهێنانی هوشیاریی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی بەشداریبکات و بە کۆمەڵی خۆی خزمەتبکات. هەر ئاوا لەنێو هۆش و ئاوەزی کۆمەڵایەتیی واتای "توانا و ناتوانا، زانا و نەزان" پووچەڵدەکاتەوە و ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە ئەوە سیستەمە ڕامیارییەکان و پێکهاتەی پلەبەندیی و نێوەندیی و قووچکەیی بەڕێوەبەرین، کە کەسەکان خۆشباوەڕ و ناچالاک و گۆشەگیر و نادەربەس و نەزان و لە خۆ-نامۆ-بوو و پاشڕەو دەکەن و هیچ کەس سزاوار بە نەزانیی و دەسەپاچەیی و خۆشباوەڕیی و دواکەوتەیی و ڕامکراویی لەدایکنەبووە و نابێت و هەر کات بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی توانا و بەهرەی کەسەکان زەمینە بڕەخسێت، هەزاران و ملیۆنان توانا و بەهرەی مرێندراو و لاوازکراو دەژێنەوە و پەرەدەسێننەوە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێت، کە سیستەمی ڕامیاریی سیستەمی لەنێوبردنی توانای زۆربەی خەڵک و

ملکەچکردنی ئەوان دەبێت بۆ هەلپەرستیی و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی کەمینەیەکی ڕامیار و دارا و دەسەڵاتدار.

- **گفتوگۆی گشتیی**

گفتوگۆکردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە بارەی پرسەکانی ژیانی خۆیان و کۆمەڵەکەی خۆیان و ژینگەی کۆمەڵ و ئایەندەی کۆمەڵ لەنێو کۆبوونەوەی هەموو خەڵک (کۆبوونەوەی گشتیی)، بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی ئەندامانی کۆمەڵ و درووستکردنی بڕوای کۆمەڵایەتیی و دەرکەوتنی پشتیوانی و دڵسۆزیی کەسەکان بۆ یەکدی، زەمینەسازییدەکات و کەسەکان زیاتر بە یەکدی و لەتەک دەردی یەکدی ئاشنادەبن و بۆ هەموو کەس دەردەکەوێت، کە زۆربەی دەردەکان و داخوازییەکان و ئارەزووەکان و خەمەکان و نەهامەتییەکان هاوبەشن و ئەوە سیستەمە ڕامیارییەکانن، ئەوە دووبەرەکییە ڕامیارییەکانن، کە کەسەکان بە یەکدی نائاشنا و تەنانەت بە دوژمن یەکدی دەگۆڕن و ناتەبایی کۆمەڵایەتیی درووستدەکەن.

- **بڕیاردان و ئەنجامدانی گشتیی**

کاتێک کە ئەندامی کۆمەڵ هەموو پێکەوە لەسەر پرسە هاوبەشەکانی خۆیان بڕیاردەدەن و پێکەوە و شان بە شانی یەکدی هەرەوەزییانە ئەرکەکانی کۆمەڵ ئەنجامدەدەن، یەکگرتنی توانا و هێز و وزەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ وەک پەڕجوو دونیایەکی نموونەیی دەئافرێنێت.

کاتێک کۆی ئەندامانی کۆمەڵ خۆیان لەسەر شتێک بڕیاردەدەن، بەدڵنیاییەوە هەر بەخۆیشیان دڵسۆزانە و پەیگیرانە بڕیارەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن و ئامادەن لەپێناو ئەنجامدان و سەرکەوتنی بڕیارەکانی خۆیان تێبکۆشن و تەنانەت ئامادەی گیانبەخشینیش هەن. چونکە کۆمەڵ و سیستەمێکی ئاوا (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) بەشێک لە ژیان و بوون و خۆشیی و بەختەوەریی خودی کەسەکان دەبێت. بەڵام کاتێک کەسەکان ژێردەست و ملکەچی بڕیادانی دەستەبژێرێکی ڕامیار یان دەستەبژێرێکی دارا بن و ناچارییانە بە ئەنجامدانی شتەکان ملبدەن، بەدڵنیاییەوە ئەنجامدانەکە دڵسۆزانە و سەرکەوتوو و درووست دەرناچێت، چونکە کاتێک مرۆڤ بە شتێک ناچاردەکرێت، ئیدی هیچ هۆگرییەکی بۆ ئەنجامدانی شتەکە نابێت و ئامادەنییە دڵسۆزانە کات و وزە و ژیانی خۆی بخاتە خزمەتی سەروەریی و مشەخۆریی کەسانێکی دیکە [پارتیی و دەوڵەت]، کە زۆردارانە لەسەر هەموو کۆمەڵ بڕیاردەدەن.

**- هەڵبژاردنی ڕاسپێردراوان بۆ سەرپەرشتیکردن و ئەنجامدانی بڕیارەکان**

کاتێک کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بڕیاردەر دەبن و خۆیان ئەنجامدەری بڕیارەکانی خۆی بن و هەر خۆیشیان کەسانێکی خۆبەخش بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەنجامدانی کارەکان دەستنیشانبکەن، لە بارێکی ئاوا هەم توانا و هەم متمانە و هەم هوشیاریی هەمووان پەرەدەسێنێت و هەم هەمووان سامانەکانی کۆمەڵ و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی دەپارێزن و بە پێداویستیی و دارایی خۆیان دەزانن و و پاراستنی ئەوان بە ئەرکی خۆیا دەزانن، چونکە لە باری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، هەموو

ئەندامانی کۆمەڵ بەرانبەر ئایەندەی خۆیان و نەوەکانیان بەرپرس دەبن و بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتیی دەبێت بە بەشێک لە ئاوەز و ئەتواری کۆمەڵایەتیی.

**- خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی**

خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە ئەو میکانیزمە کارایانەی، کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ دەگۆڕێت بە پشتیوانی کەسەکانی دیکە و هارمۆنییەکی کۆمەڵایەتیی دەئافرێنێت، کەسەکان وەک سەردەمە کۆنەکان "**هەموو کەسێک لەپێناو هەمووان و هەمووان لەپێناو هەموو کەسێک**"، سەراپای کۆمەڵ دەبێت بە یەک خێزانی گەورە و پڕ لە خۆشەویستیی و سۆزداریی بۆ یەکدی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەبێتە بنەمای پێکەوەژیان و کۆمەڵایەتییبوون و کۆمەڵ.

خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی بەس لە بواری کاسە-هاوسایی و کۆمەکی دراویی و ..تد نامێنێتەوە، بەڵکو زۆربەی بوارە تازەکانی ژیان دەگرێتەوە و هەموو گرووپە خۆجێییەکانی [لۆکاڵییەکانی] وەک خۆکۆمەکیی نەخۆشان، ئالوودانی دەرمانە بەنگکەرەکان، پەککەوتووان، منداڵان، ژینگەپارێزیی و بەرخودان و..تد دەگرێتەوە و گرووپ و ئەنجوومەنە خۆجێیەکانی ئەو بوارانە وەک یەکێک لە پایەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی زۆر چارەنووسسازیان دەبێت.

**- هەرەوەزی ئابووریی**

هەرەوەزی ئابووریی یەکێکە لە پایە و میکانیزمە گرنگ و سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی ڕزگاربوونی خەڵک لە وابەسەیی بە سیستەمی ڕامیاریی و کۆمپانییە جیهانلووشەکان و هەر ئاوا ئامرازێک بۆ خۆ-بەسێی ئابووریی و خۆشگوزەرانی گشتیی خەڵک و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانەوە و پەرەسەندنی متمانەی کۆمەڵایەتیی، چونکە دابینکردنی گوزەران [ئابووری] بڕبڕەی هەموو پێکهاتەیەکە و بەبێ ئابووری [مەبەست ئابووری کۆمەڵایەتییە] نە خێزان و نە کۆمەڵ خۆیان ناگرن و نەدەگرت؛ لەبەر ئەوە (سەربەخۆیی ئابووریی) مەرجی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتیی کەسەکان و کۆمەڵ دەبێت.

بێجگە لەوەی کە هەرەوەزییە ئابوورییەکان پایە و میکانیزمی بنەڕەتیی و سەرەکیین بۆ سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، هەر ئاوا هەر ئێستا و لەنێو ئەم سیستەمە ڕامیاریی و گەندەڵە دەتوانرێت هەرەوەزییەکانی بەرهەمهێنان ئامرازێک بۆ ڕزگاربوونی خەڵک لە بیکاریی و کەم دەرامەتیی و لە بەدبەختیی و ناچاریی و ئاوارەبوون بن؛ بۆ نموونە هەر ڕۆژ گەنجەکان لەبەر بێکاریی و نائومێدیی بەرەو شارەکانی دیکە و وڵاتانی دیکە سەری خۆیان هەڵدەگرن و ڕێگەی ڕێکەوتە مەرگئاوەرەکان دەگرنەبەر و ئاوا دیتوومانە و دەبینین گەنجە نائومێدەکان خەون و خەیاڵە ڕەوا و شیرینەکانی خۆیان دەبەنە قووڵایی دەریاکان و بە هەمان ڕادەی خەون و خەیاڵە شیرینەکانی خۆیان، خەم و دەرد و ناسۆریی بۆ خۆیان و دەوروبەری خۆیان بەجێدەهێڵن. بەڵام ئەگەر هەر چەند کەسێک لە ئەو کەسانە کە

بەرەو ئۆروپا و وڵاتانی دیکە سەری خۆیان هەڵدەگرن و سەرەنجامیش هەرچەند بە بێوەی بگەنە شوێنی مەبەست، هەرگیز پێگەی کۆمەڵایەتیی و کاری ئارەزوومەند و شایستەی تواناییەکانی خۆیان بەدەستناهێنن و باشترین کارێک کە بەدەستیدێنن، شاگردیی و خزمەتکارییەکە، کە خەڵکی وڵاتانی پەنادەر بە ئاسانی خۆیان ئامادەی ئەنجامدانیان نین، ئیدی با ڕەتکردنەوەی داخوازی پەنابەریی و مۆڵەتی مانەوە و سووکایەتیی ڕەگەزپەرستانە و دەردیسەرییەکانی دیکەی لەو لاوە بوەستن. لە بەرانبەر ئەوە، ئەگەر هەر چەند کەسێک لەو کەسانە، ئەو بڕە پارەی کە بۆ گەیشتن بە ئۆروپای تەرخاندەکەن و لە دەمی دایک و باوک یان منداڵ و هاوسەری خۆیان دەگرنەوە و دەیکەنە باخەڵی قاچاخچییان، ئەگەر ئەو بڕە پارە بۆ پرۆژەیەکی هەرەوەزیی [وەک نانەواخانە، فیتەریی، سەرتاشخانە، دارتاشی و کشتوکاڵ و باخداریی و خانەی پیران و دایانگەی منداڵان و ..تد] تەرخانبکەن، هەم خۆیان لە بێکاریی ڕزگاردەبن و هەم لە ملکەچیی بۆ مووچەی دەوڵەت و داراکان ئازاددەبن و هەم زیادەی داهاتێک، کە لە لە باری کاری کرێگرتە لە ڕەنجی ئەوان دەچێتە باخەڵی خاوەنکار، بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە.

لە ئەو بارەوە لە سەراپای دونیا پرۆژەی هەرەوەزییە ئابوورییەکان نموونەیەکی سەرکەوتوو و درەوشاوەن و تاقە ئامرازێکی درووست و بەکەڵکن، کە ئەندامانی کۆمەڵ لە وابەستەیی و چاوەڕوانی و گیرۆدەیی و خۆشباوەڕیی بە فریادڕەسیی ڕامیاران و داراکان و پووچگەرایی پێویستیی سیستەمی ڕامیاریی دادەچڵەکێنن و هێز و خۆ-باوەڕیی و ئاوەز و

خۆموشیاریی بۆ کەسەکان دەگێڕنەوە و ئیدی بە ئاسانی کەسەکان ناگەڕێنەوە ژێر باری سەروەریی و دەسەڵاتداریی و ڕامکاریی ڕامیاران و سەرمایەداران و دەوڵەت. لەو بارەوە لە گەرمەی قەیرانی دەمەی ڕابوردووی بانکەکان و بازاری سەرمایەداریی، بەپێچەوانەی ئەوە، هەرەوەزییەکانی یۆنان و ئیسپانیا و شوێنەکانی دیکە نموونەی خۆشگوزەرانیی و سەرکەوتوویی و دەربازبوون لەو قەیرانە بوون و تاکو ئێستاش بەردەوام بەو ئاستە ماون و بەردەوام هەن.

**- هەرەوەزی جەماوەریی**

هەرەوەزی جەماوەریی نێوان ئەندامانی چینە ڕەنجدەرەکان هەمیشە هەبووە و ئێستاش بە جۆرێک ماوە و هێشتا پەنیڕەودەکرێت، ئەوەش نیشانەی هاودەردیی کەسە نەدار و بێدەسەڵاتەکراوکانە بۆ یەکدی و جۆرێک بەرخودان بەرانبەر ملهوڕیی دەسەڵاتداران و داراکان. ئەگەر ڕابوردووی هەر کۆمەڵێک سەرنجبدەین، ئەو ڕاستییە دەبینین، کە هەرەوەزی جەماوەریی چین و توێژ کۆمەڵایەتییە نەدار و بێدەسەڵاتەکراوەکان بزووتنەوەیەکی خۆکرد و خۆڕستی کۆمەڵایەتیی و دیاردەیەکی ئەرێنی کولتووریی بووە و هەیە.

هەرەوەزی جەماوەریی یەکێکە لە ئەو بنەما و میکانیزمانەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پتەوتر و متمانە و خۆشەویستیی و هاوپشتیی و هاوخەمیی و ئاشتەوایی نێوان کەسە هاودەرد و هاو-خەون و هاو-ئارەزووەکان درووستدەکات و هەر ئەوەش دەبێت بە بناخەی خۆ-هوشیاریی بە

پێویستیی خۆ-ڕێکخستنی ئازادانەی جەماوەریی و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیی و جەماوەریی بۆ بەدیهێنانی داخوازییە هاوبەشەکانی چین و توێژ کۆمەڵایەتییەکان. یەکێک لە نموونە درەوشاوەکانی هەرەوەزی جەماوەریی دەخیلەی هاوکاران، هاوسێیان، هاوپۆلان و..تد و زۆر جار لە ئەو دەخیلەیە یان بەجیا دەخیلە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی کۆمەڵایەتیی بۆ کەسانێک کە گرفتارن و توانای مسۆگەرکردنی گوزەران و دەرمان و پێویستییەکانی خۆیان نییە. لە ئەو بارەوە نموونەی زۆر ئەرێنیی هەن، ئەگەر بە ڕابوردووی خۆمان بگەڕێینەوە یان دەوروبەری خۆمان سەرنجبدەین، بە ئاشکرا دەبینین.

**خۆ-بیرکردنەوە و خۆ-هوشیاری کۆمەڵایەتیی**

خۆ-بیرکردنەوە و خۆ-هوشیاری کلیلی کردنەوەی هەموو دەرگە داخراوەکانی ئاوەزی کەسیی و هوشیاریی کۆمەڵایەتیی و ژیان و داهاتوون، هەر ئاوا کە خۆشباوەڕیی و ناهوشیاریی خەڵک زەمینەی درووستبوونی سەروەریی و مشەخۆریی ڕامیاران و داراکان و هەموو بەدبەختییەکانی کۆمەڵ دەبن و هەر لەبەر ئەوەشە، کە ڕامیاران و دەسەڵاتداران و داراکان بەوپەڕی توانای خۆیان بۆ خۆشباوەڕکردن و ناهوشیارکردن و ڕامکردنی خەڵک کۆششدەکەن و دەزگەی گەورە و پڕ خەرج بۆ ئەو مەبەستە تەرخاندەکەن و بووجەی زەبەندە بۆ هاندانی پارتییایەتی و ڕامیارییکردنی خەڵک و خۆشباوەڕکردنی خەڵک بە "**سەرۆکی باش** ، **پارتیی باش** ، **پارلەمانتاری باش** ، **فەرمانداریی باش** ، **دەوڵەتی باش**" تەرخاندەکرێت؛ هەر بۆ ئەو مەبەستە مانگانە سەدان و هەزاران ملیۆن لە داهاتی کۆمەڵەکانی جیهانی بۆ پارتییە ڕامیارییەکان [لە چەپڕەو بۆ ڕاستڕەو]

خەرجدەکرێت، بەڵام کاتێک کەسانی نەخۆش و پەککەوت و هەژار یان کرێکاران و مامۆستایان و بێکاران و خانەنشینان بەرانبەر گرانبوونی خۆراک و کاڵاکان و زیادبوونی کرێخانوو و گرانی دەرمان و پێویستییەکانی دیکە، زیادکردنی چەند دینار و دۆلارێک داخوازییدەکەن، نەک هەر دەسەڵاتداران ئامادەی ملدان بە داخوازییە ڕەواکانی ئەوان نین و نابن، بەڵکو هەموو هێزەکانی سوپا و پۆلیس و دەزگە سیخوڕییەکانی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی خەڵک نارازی دەهێننە مەیدان و بۆ بێدەنگکردنی خەڵک بە هێزە سەرکوتگەرەکان فەرماندەدرێت؛ گوللە بەرانبەر داخوازیی نان!

خۆ-بیرکردنەوە و خۆ-هوشیاریی خەڵک سەرەڕای ڕزگارکردنی خەڵک لە خۆشباوەڕیی و ناهوشیاریی و پاشڕەویی، تەنانەت ئەندامی هێزەکانی پۆلیس و سوپا دادەچڵەکێنێت و بۆ نێو بەرەی خەڵک دەگێڕێتەوە و ئەوان لە ئەوە هوشیاردەکاتەوە، کە ئیدی ئەوان [هێزە پارتیی و دەوڵەتییەکان] بۆ بەردەوامی پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی ڕامیاران و دەسەڵاتداران و داراکان ئامادە نەبن، کە لە دایک و باوک و خوشک و برا و هاوسێ و یار و هاوەڵی خۆیان تەقەبکەن و بۆ خۆڕزگارکردن، پێویستە بگەڕێنەوە و ببنەوە بە بەشێک لە هێزی خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و دادپەروەرییخواز.

**- خۆ-بەرپرسیارەتی و ویژدانی کۆمەڵایەتیی**

کاتێک کە ئەندامانی کۆمەڵ خۆ-هوشیار بن و بە ئاوەزی خۆیان بیربکەنەوە و لەتەک هاودەردەکانی خۆیان خۆکۆمەکیی بکەن و چالاکانە لەنێو گرووپە خۆجێی و ڕێکخراوە جەماوەرییە ئازادەکان و کۆبوونەوە گشتییەکان

بەشداریبکەن و ئایەندەی خۆیان لە ئەستۆ بگرن و هیچی دیکە ڕازینەبن، کە کەمینەیەکی ڕامیار و دەسەڵاتدار و دارا لەجیاتی و بۆ ئەوان بڕیاربدات، ئیدی بەرپرسیاریی کەسەکان  لە بواری ژیان و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ دەبێت بە دیاردە و تایبەتمەندیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ و بەرپرسیاری کۆمەڵایەتیی لەنێو ئاوەزی هەموو کەسێکی کۆمەڵ دroوستدەبێت و نادەربەسیی و خۆشباوەڕیی و ناموشیاریی دەبێت بە نەنگییەکی کۆمەڵایەتیی.

## ئایا لە ئێستا (سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی) بوونی هەیە؟

ئەرێ و نەخێر. بەداخەوە بەس لەنێو کۆمەڵەکانی ئامازۆن و چەند کۆمەڵێکی دیکە لە ئەفەریکا و خواردووی ئاسیا جۆرە سرووشتییەکەی هەیە، کە زادەی کۆمەڵە سرووشتییەکانە و وەک سەرچاوەی سیستەمی سرووشتیی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ماوە و بە بەرخودان بەرانبەر سیستەمی سەرمایەداری و نەزمی تازەی بازار [نیئۆلیبرالیزم] خۆی پاراستووە و لە هەموو گۆشەکانی جیهان تێکۆشان بۆ گێڕانەوە و نۆسازکردنەوەی هەیە و ئاوا مرۆڤناس و کۆمەڵناسەکان ئاماژەدەدەن و کەسانی لێکۆڵەر و گەشتیاران دەڵێن، هێشتا لە گۆشە و کەناری جیهان کۆمەڵە سەرەتاییەکان ماون، کە جۆرە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەیەتییان هەیە؛ تاکو ڕادەیەک بەشێوەی کۆمونەیی دەژین.

هەڵبەتە نەبوونی ئەوان لە ئەم ڕۆژگارەی ئێمە بەڵگەی ئەوە نییە، کە نەبوون و نابن. چونکە ئەگەر تەنانەت بەس خەیاڵێکی خۆشیش بێت، ئەگەری بەدیهاتنی هەیە، هەڵبەتە ئەگەر هوشیاری و ویستی ئەندامانی کۆمەڵ بۆ بەدیهێنانی بوونی هەبێت؛ چونکە هەموو گۆڕانەکان و هەموو سیستەمەکان و هەموو ئەوەی کە لە ئەم ڕۆژ هەیە و سەرهەڵدەدات، بەرەنجامی خەیاڵکردنی مرۆڤ بوون و پاش ئەوەی کە مرۆڤەکان بۆ ئەزموونکردنی خەیاڵەکانی خۆیان کۆششیانکردووە، خەیاڵە ئەستەمەکان گۆڕاون بە کەتواری ڕۆژ و پەرەیانسەندووە و جیهانگیر بوون؛ ڕۆژگارێک

سیستەمی (خێڵایەتی)ی و (دەرەبەگایەتی)ی و (بۆرجوازی)ی لەئارانەبوون و لەنێوچوونی دووانی یەکەم خەیاڵ بوو!

لە ئەو بارەوە لەوانەیە باشترین نموونە سیستەمی سەرمایەداریی و جیهانگیریی نەزمی تازەی بازار [نیئۆلیبرالیزم] بێت، کە ئەگەر سەد ساڵێک پێشتر کەسێک لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا لە بارەی سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداریی قسەیبکردایە و بیگوتایە "ڕۆژگارێک دەوڵەت سەراپای ژیان و بوونی و نەبوونی مرۆڤ و کۆمەڵ ژێردەستدەکات و بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەت هیچ کار و چالاکییێک و پرۆژەیەک بوارنادرێت"، یان ئەگەر پەنجا ساڵێک پێشتر لە هەر گۆشەیەکی جیهان کەسێکی بیگوتایە "ڕۆژگارێک نەزمی بازاری بەرەڵای نیئۆلیبرالیزم هەموو گۆشەکانی جیهانی داگیردەکات و وەک نیویۆرک و واشنتن و لەندەن و ..تد خواردنی مێکدۆناڵد و تۆڕی سێکسفرۆشیی دەگەنە هەرێمی کوردستان"، بەدڵنیاییەوە هەموو خەڵک دەیگوت "خەیاڵپڵاوییە"، هەر ئاوا کە ئێستا بە ئەم بیرۆکە پێشنیارکراوەی من و هەزاران خەیاڵی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریخوازیی بە ئەستەم دەزاندرێن و دەکرێن بە مایەی گاڵتەوگەپی کەسە ڕامیارکراوەکان و کەسە پاشڕەوەکانی ئەوان و ملکەچەکانی سیستەمی دەوڵەتیی.

لەبەر ئەوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە خەیاڵە ئەستەمەکانی دوێنێ کەتواری ئەم ڕۆژەن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانیواز و دادپەروەریواز پەیگیرانە بۆ بەدیهاتنی خەیاڵەکانی ئێستا کۆششبکات، بەدیهاتنی خەیاڵەکانی ئەم ڕۆژەی ئێمەش ئەستەم نین و نابن؛ هەموو

کەتوارێک بە ئاستی هوشیاریی مرۆڤەکان پەیوەستە، ئەگەر خەڵک خۆ-هوشیار بێت، بەدیهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ئاسانترە و ئەگەر خەڵک بە هەمیشەیی-بوونی سەروەریی چینایەتی خۆشباوەڕ بێت، بەردەوامی و تەشەنەکردن و گەشەکردنی سیستەمی ڕامیاریی [سیستەمی پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و مشەخۆریی و سەروەریی چینایەتی] مسۆگەرتر دەبێت.

## سیستەمێک کە لەنێو تیئۆری یان خەیاڵ سەریهەڵدابێت، چۆن کەتواریی و کردەیی دەکرێتەوە؟

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە و وەک تۆماری پێشینەیی نموونەی لەنێو گوند و شارە ئازادەکانی ڕابوردوو هەیە، کە بە دیمۆکراتی [سیستەمی دیمۆکراسی، نەک سیستەمی پارلەمانی] ناسراوە، لە ڕابوردووی زۆربەی گوندەکان ناوچەی خۆمان دەتوانین ڕابوردوو و دوایینەی سیستەمێکی ئاوا بدۆزینەوە و ببینین، کە تاکو ئێستاش ئەگەر دەوڵەت و فەرمانداریی و پارتییایەتی لە گوندەکانی لای خۆمان دەربکەین، خۆ بە خۆ لەتەک ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی خەڵک ڕووبەڕوو هەین، چونکە لەنێو کولتووری خەڵکی ناوچەکە، لەنێو ئاوەز و بیرکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە، لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ناوچەکە، لەنێو ڕێکخستنی سرووشتی خەڵکی ناوچەکە بنەمای سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی هەن و خۆشبەختانە هێشتا کۆمەڵەکانی ئێمە وەک کۆمەڵە نێوەندەکان [کۆمەڵەکانی باکوور] بەتەواویی لە پێشینەی خۆبەڕیوەبەری کۆمەڵایەتیی دانەبڕاون و سیستەمی دەوڵەت بە تەواویی نەبووە بە بەشێک لە ئاوەز و کولتووری خەڵک.

بێجگە لەوە، تیئۆری بەرەنجامی ئەزموونگەریی و ژیان و کارکردنی خەڵکییە، هیچ کەتوارێک بەبێ خەیاڵ و ئارەزووی مرۆڤ بەدینەهاتووە، ئیدی ئەو خەیاڵە ئارەزووکردن بۆ ئازادیی و ڕزگاریی و خۆشگوزەرانیی بووبێت، یان بۆ پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و مشەخۆریی و ملهوڕیی

چینایەتی. بەڵام لێرەدا لە بارەی تیئۆریەکی زادەی خەیاڵ و دوور لە کەتوار و ئەزموووننەکراو قسەناکەین، چونکە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕابوردووی خۆمان، گێڕانەوەی ڕابوردووە بۆ نێو ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمان، خۆڕزگارکردنی خۆمانە لە سیستەمە داگیرکەرەکان| ڕامیارەکان.

سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی هەم گەڕانەوەیە بۆ سەر سرووشتە کۆمەڵایەتییەکەی خۆمان و هەم هوشیارانە ئەزموونکردنەوەی ئەزموونی کۆمەڵە پێشینەکانە لە سەردەمێک، کە مرۆڤایەتی لەتەک فەوتان ڕووبەڕووە و خەریکە کۆمەڵایەتیی-بوونی مرۆڤ دەبێتە ئەفسانە و چەپاوڵگەری بازار و پاوانگەری دەسەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێت بە کولتوورێکی جیهانگر و مرۆڤەکانی بە ئەوپەڕی لە-خۆ-نامۆ-بوون و ڕۆبۆت-بوون گەیاندووون.

## ئایا ناكرێت (سیستەمی پارلەمانیی) و (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی كۆمەڵایەتی) تێكەڵبكرێن؟

[نا] و نەخێر و هەرگیز. چونكە دوو سیستەمی زۆر جیاوازن و تەنانەت دژی یەكدین؛ سیستەمی پارلەمانیی، سیستەمی میانجیگەرایی نێوان دەستەبژێرە دارا و ڕامیارەكانە و دەنگدان و هەڵبژاردنی پارلەمانیی بێجگە لەوەی كە ئامرازی سەرگەرمكردن و خەڵەتاندنی خەڵكییە بۆ خۆشباوەڕكردن سەریهەڵداوە، هاوكاتیش بەكاربردنی دەنگی خەڵكییە بۆ یەكلاییكردنەوەی كیشەی نێوان دەستەبژێرە دارا و دەسەڵاتخوازەكان و ڕەوایەتییدان بە مشەخۆریی و ملهوڕیی ئەوان. ئەوەش پێشینەیەكی درێژی هەیە؛ شان بە شانی بوونی كۆمەڵە ئازادەكان، كۆمەڵ خێڵەكییەكان هەبوون، كە چەكەرەی سیستەمی ڕامیاریی بوون و سیستەمی دەوڵەتیی لەنێو ئەوانەوە سەریهەڵداوە و بە ئەم ڕۆژگارە گەیشتووە. ڕابوردوو ئایینكاران و میرزاكان و دەربارانی دیواخان میانجكەری نێوان سەرۆكخێڵ و میرەكان بوون، ئێستا بەوپەڕی پەرسەندن و بە لووتكەگەیشتنەوە، ڕامیاران|پارلەمانتاران هەمان ڕۆڵدەگێڕن و وەک لۆبییەک هەمان پاداشتی دارا و دەسەڵاتداران وەردەگرن .

بە كورتیی و پوختیی، سیستەمی پارلەمانیی ڕەتكردنەوەی سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی كۆمەڵایەتی) دەبێت و لەسەر بنەمای لەنێوبردنی هەموو بنەما كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵ؛ لەنێوبردنی متمانەی كۆمەڵایەتیی و ئاوەز و هوشیاری كۆمەڵایەتیی و هەرەوەزی و خۆكۆمەكی كۆمەڵایەتیی

سەریهەڵداوە. سیستەمێکە بۆ مسۆگەرکردن و پاراستنی مشەخۆریی و سەروەریی کەمینەیەکی دارا و ڕامیار لە سەرووی هەموو کۆمەڵ و بۆ ئەو مەبەستەش، پارتییە ڕامیارییەکان کە گەمەکەری سەرەکیی سیناریۆکانی دەنگدان و هەڵبژاردنی پارلەمانیین، ئامرازی دووبەرەکی-کردنی نێوان خەڵک و خۆشباوەڕکردنی خەڵکیین بە هەمیشەیی-بوونی سەروەریی چینایەتی.

بەرانبەر بە ئەوەش، سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی واتا ڕەتکردنەوەی هەموو سیستەمە ڕامیارییەکان و لەنێو ئەوانەش گەشەکردووترینیان، کە سیستەمی پارلەمانییە. چونکە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئاشتەوایی و هەرەوەزی و خۆکۆمەکی و خۆهوشیاری کۆمەڵایەتیی دادەمەزرێت و خۆی ڕادەگرێت و دەتوانێت بەردەوام ببێت. میکانیزم و بنەما و ڕێکخستن و ئامانجەکانی ئەو لە میکانیزم و بنەما و ڕێکخستن و ئامانجەکانی سیستەمی ڕامیارییەکان جیاوازن و بە ڕەتکردنەوەی ئەوان دەتوانن کارا و ئەرێنیی بن.

هەرچەندە جیاوازی ئامانج جۆری ئامراز دەستنیشاندەکات، بەڵام جیاوازی نێوان سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و سیستەمی (پارلەمانی) بەس جیاوازی ئامانجی ئەوان نییە، بەڵکو جیاوازی ڕێکخستن و میکانیزم و شێوازی کارکردنی ئەوانە. لەبەر ئەوە هەرگیز ناتوانرێت سیستەمی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) و سیستەمی (پارلەمانی) تێکەڵبکرێن، چونکە لەنێوبەری یەکدی دەبن و مەرجی بوونی هەر یەک لەئەوان بە نەبوون و لەنێوچوونی ئەوی دیکەیان پەیوەستە، هەر وەک جەنگی و ئاشتی، کە

دەستپێکردنی یەکێک لە ئەوان، خۆبەخۆ کۆتاییهاتنی ئەوی دیکەیان دەبێت؛ یان ڕزگاری [خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی] یان کۆیلەتیی [سیستەمی دەوڵەتیی]، لەنێوان ئەوان ئاشتیی و ئەگەری ئامێتەبوون نییە!

سیستەمی ڕامیاریی بۆ مانەوەی خۆی، پێویستی بە ئاژاوە، بە دووبەرەکیی ئەندامانی کۆمەڵ، بە گەندەڵی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەیە. بەڵام سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهاتن و دامەزران و بەردەوامبوونی خۆی، پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، یەک دەست و یەک ڕێزبوونی ئەندامانی کۆمەڵ، متمانە و خۆشەویستی کۆمەڵایەتیی، بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بە کورتیی و پوختیی، پێویستی بە سەرهەڵدانی هارمۆنیی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەیە.

ئەوەش لە سایەی سیستەمی ڕامیاریی ئەستەمە، چونکە تاکو سیستەمی ڕامیاریی؛ ڕێکخستنی پارتییایەتی؛ پێکهاتنی پلەبەندیی و قووچکەیی و نێوەندگەرا بڕیاردەری سەرووی خەڵک بن و بمێنن، هەرگیز و هەرگیز سیستەمی کۆمەڵایەتیی و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی سەقامگیر نابن، بەڵکو بە بەردەوامیی و پەرەسەندنی سیستەمی ڕامیاریی شوێنەوارە پێشینەییەکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەنێودەبرێن و بۆ تێگەیشتن و وێناکردنی ئەو شتە،بەس سەرنجدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جارانی پێش ڕاگواستنی گوندەکان و ئێستا دەتوانێت باشترین بەڵگە بێت، کە بە چ ڕادەیەک مرۆڤایەتیی لەنێوچووە .

## بەبێ (دەوڵەت و فەرمانداریی و پارلەمان و پارتیی و لەشکر و پۆلیس و ڕۆڵی دەستەبژێرەکان)، چۆن (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) سەردەگرێت؟

بە دڵنیاییی، کاتێک ئێمە بە ئاوەزی ڕامکراو و بە هۆشی شۆردراوە و لە-خۆ-نامۆ-بوون و هەمیشەیی دیتنی سیستەمی ڕامیاریی و کەتواری کۆمەڵی ئەم ڕۆژگارە، لە کۆمەڵی سبەینێ بڕوانین، وێناکردنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ بەبێ دەوڵەت و فەرمانداریی و پارلەمان و دەسەڵاتداریی پارتییەکان و لەشکر و پۆلیس و زیندان و قەنارە، ئاسان نییە، بەڵکو ئەستەمیشە. چونکە لە ئەم ڕۆژگارە هەڵپەی دەسەڵات و زاڵبوون و دەوڵەتمەندبوون و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی و مشەخۆریی بووە بە کولتووری زۆربەی خەڵک و ئەو بنەما دڕندانەیە بووە بە فیلۆسۆفی ژیانی خەڵک "ئەگەر تۆ من نەکوژی، من تۆ دەکوژم، ئەگەر تۆ دەستی من نەبڕی، من دەستی تۆ دەبڕم، ئەگەر تۆ لەسەر من زاڵنەبی، من لەسەر تۆ زاڵدەبم، ئەگەر تۆ پارووی دەمی من نەڕفێنی، من شیری دەمی منداڵکەی تۆ دەڕفێنم" ....تد. لە بارێکی ئاوا ئەگەر خۆ-هوشیاریی بوونی نەبێت و بەردەوام لەنێو هەموو بوارەکانی ژیان بۆ کردەییکردنەوە و سەلماندنی پێویستیی و بوونی ڕابوردوویی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بانگەوازنەکەین و کۆششنەکەین و خۆمان ڕێکنەخەین و ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئاسۆیی و سەربەخۆکانی خۆمان پێکنەهێنین، وێناکردنی دونیایەکی خاڵی لە زۆرداریی و هەڵپە و چەپاوڵ و پاوانگەریی، زۆر ئاسان نییە و ئەستەمە.

بەڵام ئەوەش لەبیرنەکەین، کە ئەگەر سەد ساڵێک پێشتر لە بارەی هەر دوو سیستەمەکە (سیستەمی دەوڵەتیی ئێستا) و (سیستمی خۆبەڕێوەبەریی

کۆمەڵایەتی ئایەندە) بۆ خەڵکی لای خۆمان قسەبکرایە، بەدڵنیاییەوە زۆربەی خەڵکی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی باشتر و کەتواریتر دەبینی و وێنادەکرد و تێدەگەیشت، تاکو سیستەمی دەوڵەتیی، بەتایبەت دەوڵەتی هاوچەرخ و نەزمی بازاری بەرەڵڵا (نیئۆلیبراڵ). چونکە سەد ساڵێک پێشتر وەک ئێستا پارتییایەتی و ڕامیاریی و پارلەمان و دەوڵەت لەسەر ئاوەزی خەڵک زاڵ نەبووبوون و کاناڵەکانی میدیا لەجیاتی خەڵک بیریاننەدەکردەوە و خەڵک لە کەتواری ژیانی خۆیەوە شتەکانی تەماشادەکردن، نەک وێناکردنی ئایدیۆلۆجیایانەی شتەکان. خەڵک دارای ئاوەزی خۆی، بیرکردنەوە خۆی، ئەزموونی خۆی، ژیریی خۆی بوو و سەربەخۆیی کەسەکان، سەربەخۆیی ئاوەزی کۆمەڵایەتیی، خۆبیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی و ئەزموونگەری کۆمەڵایەتیی و هارمۆنی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیی بەرهەمدەهێنا و هێنابوو؛ کاتێک کەسێک کە بە ئامانجی خەڵەتاندنی خەڵک پڕۆپاگەندەی دەکرد، یەکسەرە لەتەک بەرخودانی خۆ-هوشیاریی خەڵک ڕووبەڕوودەبوو و خەڵک بە ئەو کەسەیان دەگوت ڕامیارە و ڕامیاریدەکات. لەوانەیە باشترین نموونە ئەوە بێت، کە پێرێ و دوێنێ و تەنانەت ئێستاش تاکو ڕادەیەک هێشتا خەڵکی لای خۆمان بە ڕامیاری و پارتییایەتی و پارلەمان و دەوڵەتگەرایی دەگوت و دەڵێن درۆ و دەسەلە و سیستەمی خەڵەتاندنی خەڵکی. ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە، چونکە ڕابوردووی خەڵکی زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی بووە، بەتایبەت لە ئەو گوندانە، کە دەسەڵاتداریی خان و سان و شێخ و بەگلەران نەبووە و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی و یاسا سرووشتییەکان بنەمای خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵەکان بوون.

## ئایا ئەگەرهەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) لە گشت لایەک بەدیبێت یان سەربگرێت؟

پێش هەموو شتێک، بەدیهاتنی هەر شتێک وابەستەی ئامادەیی هۆشیی و کردەیی و کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵ دەبێت. ڕوودانی ئەوەش پێویستی بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیە؛ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بە واتای گۆڕانی ئابووریی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای گۆڕانی هەمە لایەنەی ژیان و دونیابینیی و شێوازی بەرهەمهێنان و جۆری دارایی سامانەکانی کۆمەڵ، ڕوودانی ئەوەش خۆهوشیاری کۆمەڵایەتیی و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیی و بزاڤی کۆمەڵایەتیی و بەرخودانی کۆمەڵایەتیی پێویستە و گەرەکە.

بەدیهاتنی سیستەمێکی ئاوا کاری شەو و ڕۆژێک نییە. چونکە سیستەمی چینایەتیی بە یەک شەو و ڕۆژ دانەمەرزراوە، تاکو بتوانرێت بە یەک شەو و ڕۆژ لەنێوبرێت. سیستەمی چینایەتیی یانەیەکی سەربازیی، یان پۆلیسخانەیەک نییە، تاکو بە داگیرکردن و چەککردنی پاسەوانەکانی لەنێوببرێت و لەنێوبچێت؛ لە ئەم ڕۆژگارە سیستەمی چینایەتیی بە هۆکاری ملدانی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵەکانی جیهان بە ملکەچیی و دەقگرتن بە ژێردەستەیی سەروەریی کەسێک، یان پارتیی و فەرمانداریی و دەوڵەتێک، بووە بە بەشێک لە کولتووری خەڵک و گۆڕانی کولتووری خەڵکیش ڕوودانی شەو و ڕۆژێک نییە و نەبووە، ڕەوتێکی درێژخایەن و فرە ڕەهەند و فرە بارە و بەردەوام بووە و دەبێت. لە ئەم ڕۆژگارە سەروەریی چینایەتیی بەس بە زۆری

چەک و داگیرکاریی نەسەپێندراوە، بەڵکو بە کارابیدانانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و بوونی بە بەشێک لە ئاوەز و ژیانی نادەربەسانەی خەڵک جێگربووە و خۆی ڕاگرتووە و بەردەوام بووە و دەبێت.

لەسەر ئەو بنەمایە، پێش هەموو شتێک ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی پێویستە، ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی فرە لایەن و فرە مەیدانە؛ بە هۆنراوە، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆگەریی، موزیک، گۆرانی و سروود و ڕاگەیاندن و چالاکیی بەردەوام و خەباتی ڕاستەوخۆ..تد. بە کورتیی و پوختی گۆڕانی سەراپای بوونی هۆشیی و ماددیی مرۆڤەکانی ئەم ڕۆژگارە پێویستە. لە بەرانبەر کۆششی ئازادیخوازانە، دەوڵەتی هاوچەرخ هەیە، کە لە ئەم ڕۆژگارە لووتکەی گەشەکردنی سیستەمی ڕامیارییە [چینایەتییە] و هەزاران ساڵێک بە چەک و کۆمەڵکوژیی و داگیرکاریی و وێرانکردن پێگەیشتووە و بە ئەم ڕۆژە گەیشتووە؛ چەندین سەردەمی و قۆناخی [خێڵەکی، ئایینی، پاشایی، دەرەبەگی، تاکپارتیی، پارلەمانیی] بڕیون، تاکو بووە بە ئەو شتە، کە ژێردەستەکەی ئاوا بزانێت، کۆمەڵی مرۆڤایەتیی هەرگیز بەبێ دەوڵەت بوونی نەبووە و نابێت و دەوڵەت هەمیشەیی بووە و دەمێنێت.

لەبەر ئەوە پێگەیشتن و دامەزراندنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ڕەوتێک و پرۆسێسێکی درێژخایەنە و بەپێچەوانەی گۆڕینی سیستەمە ڕامیارییەکان، هەرگیز بە کودەتای سەربازیی و ڕاپەڕینی کاتیی خەڵک و یەک شەو و ڕۆژ و بەس بە ڕوخاندنی دەوڵەت بەدینایێت و هەر

ئاواش لە ڕێی هەڵبژاردن و دەنگدان پارلەمانیش بەدینایێت، هەر ئاوا پەرەسەندن و جیهانگیریی ئابووری سەرمایەداریی هەرگیز مرۆڤایەتی لە بەدیهێنانی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی نزیکناکاتەوە و بە پێچەوانەوە، بەو ڕادەی سیستەمی سەرمایەداریی گەشەبکات، بە هەمان ڕادە چین و توێژ و کەسە نەدار و بێدەسەڵاتکراوەکان لە سەربەخۆیی و خۆبوون و بڕوابەخۆبوون دووردەخاتەوە و سەرەتانی لەخۆنامۆبوون زیاتر مرۆڤایەتی لەنێودەبات و لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی نائومێددەکات، چونکە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیی تەواو پێچەوانەی بنەماکانی سیستەمی پارلەمانیی بۆرجوازییە و هەرگیز سیستەمی پارلەمانیی و دەوڵەت بە خۆشیی خۆیان بواری سەرهەڵدانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی نادەن. لە ئەو بارەوە سەرهەڵدان و پەرەسەندن و بەکولتووربوون و بوونی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بە بەشێک لە ڕۆشنبیریی خەڵک، خۆبەخۆ بە واتا ڕەتکردنەوەی سیستەمە ڕامیارییەکانە لە خیڵەکیی تاکو پارلەمانی.

هەر ئاوا بۆ بەدیهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، هاوکاتی ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتیی و کۆششی کولتووریی، کۆششی ئابوورییش پێویستە، کە بە چالاکیی کردەیی دەکرێت و گونجانی سیستەمەکە دەسەلمێنێت؛ هەرەوەزی ئابووریی، کۆمەڵایەتییکردنەوەی بەرهەمهێنان، کۆمەڵایەتیکردنەوەی دارایی و سامانەکانی کۆمەڵ، تاکو ئەو شوێنەی کە دەکرێت و دەگونجێت، گۆڕینی دارایی تایبەتیی بە دارایی کۆمەڵایەتیی، هەڵبەتە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە، نەک بە ئەو جۆرەی کە بۆلشەڤیکەکان لە ڕوسیا وەک

دیکتاتۆریی پارتیی و فەرمانداریی و لەسەر بنەمای دارایی دەوڵەتیی خەڵکیان بە ئابووریی دەوڵەتیی و (کێڵگە دەوڵەتییەکان ) ناچارکرد.

ئێستا ئیدی پرسی گۆڕان و لەنێوبردنی سیستەمی چینایەتیی، بەس پرسی لەنێوبردنی سەروەریی و ئازادبوون و یەکسانی هەموو خەڵک نییە، بەڵکو پرسی مەرگ و مانە. چونکە پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی سیستەمی چینایەتیی بە قۆناخی لەنێوبردنی هەموو شتێک گەیشتووە، کە لە چاوچنۆکیی و پەلکێشانی خۆی ڕێگرییبکات، سیستەمی چینایەتیی وێرانکردنی ژینگەیە، جەنگی میلیشیایی و ناوچەیی و جیهانییە، جەنگی ئابووریی و کولتوورییە، برسییەتی و ئاوارەیی و تیرۆریزم و ئاژاوەنانەوە و تایبەتکردنی سەرچاوەکانی ژیان ( خاک و ئاو و هەوا و وزە و ڕۆشنایی.. تد.) و پاوانکردن و چەپاوڵکردنی هەموو بوونێکی مادیی و هۆشییە!

## چەند نموونەیەک لە خۆ-ڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی و گرووپە خۆجێییەکانی شوێنی بەرهەمهێنان وژیان

### گرووپە خۆجێییەکان

- گرووپەکانی خۆخزمەتیی و خۆکۆمەکیی کۆڵان و گەڕەک و گوند و شاران.
- گرووپەکانی پێکەوە-ژیان| هاوسایی، هاوماڵیی ...تد
- گرووپەکانی شوێنی بەرهەمهێنان بۆ ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنگەریی و هاریکاریکردنی یەکدی.
- گرووپەکانی خۆکۆمەکیی منداڵان و خوێندکاران لەنێو فێرگەکان و شوێنی ژیانی خۆیان.
- گرووپەکانی خۆپارێزگاریی کۆڵان و گەڕەک و گوند و شاران.
- گرووپەکانی بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بەرانبەر منداڵان و ژنان.
- هەر گرووپێکی دیکەی شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن..تد

### گرووپە خۆکۆمەکییەکان

- گرووپەکانی خۆکۆمەکیی نەخۆشان،
- گرووپەکانی خۆکۆمەکیی ئالوودان بە کەرەسە بەنگکەرەکان و مەینۆشیی،
- گرووپەکانی کۆکردنەوەی کۆمەک لە کاتی نەهامەتییەکان،
- گرووپەکانی ژنان و پیاوانی تەنیا-سەرپەرشتیکەری خێزان،
- گرووپەکانی هەر بوارێکی دیکە کۆمەڵایەتیی ...تد

## گرووپە هونەری و کولتوورییەکان

- گرووپەکانی موزیک ژەنین و فێربوون و ئاهەنگگێڕان،
- گرووپەکانی نمایشدان (شانۆ)ی گەڕۆک و جێگیر،
- گرووپەکانی پەڕتووک-خوێندنەوە و پەرتووکخانەی گەڕۆک،
- گرووپەکانی فیستێڤاڵ بۆ پەیوەندانی کەلەپوور و فرە-کولتووری،
- گرووپەکانی چێشتخانە گشتیی و نێوان کولتوورییەکان،
- گرووپی دیکەی ئەو بوارانە ..تد

## ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

- ڕێکخراوەی کرێکاران
- ڕێکخراوەی جووتیاران
- ڕێکخراوەی باخەوانان
- ڕێکخراوەی پیشە دەسییەکان
- ڕێکخراوەی مامۆسایان
- ڕێکخراوەی خوێندکاران
- ڕێکخراوەی خزمەتکارانی بواری پەروەردە و نەخۆشخانە و پیرخانە
- ڕێکخراوەی بێکاران
- ڕێکخراوەی کەمئەندامان
- ڕێکخراوەی هەر بوارێکی دیکەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی ...تد

## ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان

- گرووپ و ڕێکخراوەی پاراستنی مافی منداڵان

- گرووپ و ڕێکخراوەی تێکۆشان بۆ هاومافیی ڕەگەزیی [ژن و پیاو]
-گرووپ و ڕێکخراوەی فریاگوزاری کۆمەڵایەتیی کاتی نەهامەتییە سرووشتییەکان و جەنگییەکان
- گرووپ و ڕێکخراوەی ژینگەپارێزی
- گرووپ و ڕێکخراوەی ئاژەڵپارێزیی و ئاژەڵدۆستی
- گرووپ و ڕێکخراوەی ... هەر بوارێکی دیکەی ژیان ...تد

ئاوا کە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر ئاماژەدراوە، تان و پۆی پێکهاتنی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) وەک دەزوو و خانەکانی جاڵجاڵۆکە پێکەوە هەڵدەپێکرێن و توندوتۆڵ دەبن، بە جۆرێک کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە؛ ئەگەر تاکەکەس وەک بچووکترین خانەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی وەربگرین، لەنێو خێزان یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نموونە: پیاو کرێکار و ژن فێرکار و منداڵانیش خوێندکار، وەرزشەوان، هونەرمەند، بە ئەو جۆرە هەر کەس بە جۆرێک لەتەک کەسەکانی دۆروبەی خۆی پەیوەستە و گرفتی هەموو بوارەکان یەخەگیری هەر کەسێک و هەر توێژێک دەبن؛ ئەندامانی خێزانێک هاوکات چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵ پێکەوە گرێدەدەنەوە و خوشک و برا و ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا و دایک و باوک و خێزانکەش بە هەمان جۆر خەڵکی کۆڵانێک و گەڕەکێک یان کرێکاران و جوتیاران و باخەوان و فێرکەران و ...تد پێکەوە لە ڕێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە پیشەییەکانی شوێنی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە هۆگرییە هونەریی و وەرزشییەکان و پەیوەندییە هاوسێیەتی و هاوگوندییەکان وەک تان و پۆی جاڵجاڵۆکە پێکەوە بەستراون

و ئیدی بە ئەو جۆرە سیستەمێکی تۆکمە و سرووشتیی و هەمیشەیی و ئازادانە و یەکسانانە و دادپەروەرانە دروستدەبێت و سیستەمەکە دەکات بە پایەی کولتووریی و بەشێک لە هوشیاری و ئاوەزی ئەندامانی کۆمەڵ؛ خۆشەویستی شوێنی ڕق و دووبەرەکیی پارتییایەتی و ئایدیۆلۆجیی دەگرێتەوە؛ کۆمەککردن شوێنی هەڵپە و چەپاوڵکردن و دەستبڕین دەگرێتەوە؛ مرۆڤایەتی شوێنی ڕەگەزپەرستیی و نەژادپەرستیی و "نەتەوە"چییەتی و ناوچەگەریی دەگرێتەوە؛ پێکەوە ژیان و سەربەخۆیی کەسەکان شوێنی ملکەچیی و ملهوڕیی و پاوانکردن و دەسەڵات دەگرێتەوە، هارمۆنی نێوان ڕەگەزەکان شوێنی پیاوسالاریی و ژنسالاریی دەگرێتەوە....تد. گرنگی ڕێکخراوە ئاسۆیی و سەربەخۆ جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانیش هەر ئەوەیە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵێک وەک ئەندامانی جەستەی مرۆڤ یەکگرتوودەکەن و هارمۆنییەکی سرووشتیی لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەئافرێنن.

## شێوازی تێکۆشانی گرووپە خۆجێییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پێش پێکهاتنی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی)

سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، لەسەر بنەمابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، خۆکۆمەکیی و هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان پێکدێت، بە واتایەکی دیکە لە بنی کۆمەڵەوە دەستپێدەکات و ڕێکخراوەکانی خوارەوەی کۆمەڵ تان و پۆی ئەو دەبن؛ سیستەمێکی نێوەندیی و قووچکەیی و پلەندییانە نییە. لەبەر ئەوە بۆ پێکهێنانی ئەو و گۆڕانی سیستەمی ئێستا بە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی، هیچ پێویستییەک بە هێز و بزووتنەوەی چەکداریی و کودەتای سەربازیی و توندوتیژی جەسەیی و جەنگ نییە و زیاتر لە ئەوەش، دەبێت و پێویستە کەسانێک کە چالاکانە بۆ پێکهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی کۆششدەکەن، بە هەموو جۆرێک دژی چەک و جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ و ...تد کۆششبکەن و لەتەک هەموو هەنگاوێک و هەر سات و هەر چالاکییەک، ئەوە ڕۆشنبکەنەوە و پڕۆپاگەندەبکەن، کە دژی چەک و جەنگ و توندوتیژین و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی و ڕامیاریی لەتەک سیستەمی ئێستا ڕەتکدەکەنەوە و لەجیاتی ئەوە بزووتنەوە و بانگەوازی ڕۆشنگەرانە و سەرپێچیکردنی سڤیلیست [مەدەنی] پەیڕەودەکەن و لەنێو شەونشینییەکان، شوێنەکانی بەرهەمهێنان، فێرگەکان، قاوەخانەکان، پەرستگەکان، پرسەخانەکان، لەسەر قەبران، لەنێو ئۆتومەبێل و گەشت

و گوزار، لە بازار، لە کاتی گەلکارییەکان، هەر ئاوا لە ڕێی نمایشنامەی مەیدانی [شانۆی گەڕۆک] و گۆرانی و هۆنراوە و هەڵبەست و نووسین و چیرۆک، بە کورتیی و پوختیی، هەر ڕێگەیەک کە بە هوشیاربوونەوە و هەڵکشانی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک خزمەتبکات و متمانە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی بەهێزدەکات، ئەوەش بەس چالاکی ڕۆشنبیریی و کۆششی ڕۆشنگەرانە دەبێت، نەک میلیشیا و جەنگ.

پێکهێنانی سیستەمێکی ئاوا نە بە کودەتای سەربازیی دەکرێت و نە بە بردنەوەی دەنگدانی پارلەمانیی و نە بە بەشداریکردنی فەرمانداریی و دەوڵەت و نە بە چەکهەڵگرتن و کوشتار و سەپاندن. نەخێر و نەخێر و نەخێر. چونکە چەک و جەنگ و بزووتنەوەی چەکداریی ئامرازێکن بۆ لەنێوبردنی پەیوەندیی و ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و بە درێژایی سەردەمی سەرهەڵدانی سیستەمی دەوڵەتیی [ لە سەرۆکخێڵ و ئیمپڕاتۆر تاکو دەوڵەتی پارلەمانیی] بە هەموو جۆرێک بۆ چەکداریکردن و ڕامیاریکردنی بزووتنەوەکانی خەڵک و گۆڕینی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بە داخوازی ڕامیاریی وەک "دەوڵەتی خۆمان"، "حکومەتی کرێکاریی" هەوڵدراوە، کە بێجگە لە پووچگەراییەکی ڕامیاریی هیچی دیکە نەبوون و نین و نابن، چونکە هیچ سەردەمێک سیستەمی ڕامیاریی [دەوڵەتیی] خزمەتکەری کۆمەڵ نەبووە و نابێت و لەوەش زیاتر، سیستەمی ڕامیاریی ئامرازی خۆسەپاندنی کەمینەیەکی دارا و ڕامیارە لەسەر کۆمەڵ بۆ بەهرەکەشیکردنی ڕەنجی کەس و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵ و بۆ تالانکردنی سامانی کۆمەڵ و پاسەوانیی دارایی تایبەتیی مشەخۆرەکان

سەریهەڵداوە. هەر لەبەر ئەوە هەموو ئاژاوەیەک، هەموو توندوتیژییەک، هەموو جەنگێک، هەموو بزووتنەوەیەکی چەکداریی و ڕامیاریی بە مانەوەی سیستەمە ڕامیارییەکان خزمەتدەکات و لە ڕێی گۆڕینی بزووتنەوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان بە بزووتنەوەی چەکداریی و توندوتیژ، دەوڵەت و دەزگەکانی بیانوو بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵک بەدەستدەهێنن و بێجگە لەوەش جەنگەکان هەم وێرانکردنی کۆمەڵگەکان [نشینگەکان] بەرەنجامیانە و هەم بازاری کۆمپانییە جیهانلووشەکان بەگەڕدەخەنەوە و هەم بازاری کۆمپانییەکانی چەکسازیی و بازاری دەڵاڵانی بازاری چەک گەرمدەکەن و هەم بۆ سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان زەمینە خۆشدەکەن و هەر ئاواش بیرکردنەوەی نەژادپەرستیی و شۆڤێنیستیی و فاشیستیی ناهوشیارانەی خەڵکی ناڕازی بەهێزدەکەن و پەرەپێدەدەن.

ئەگەر سەردەمی هەموو جەنگەکان سەرنجبدەین، ئەو ڕاستییە وەک بەرجەستەبوونێکی ڕابوردوو بۆ ئێمە دەسەلمێن: سەردەمی پێش جەنگەکان سەردەمی تەنگەژەی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی بوون، جەنگەکان نارەزایەتییە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێودەبەن، توندوتیژی سەردەمی جەنگ و پاشکارایی توندوتیژییەکان و ماڵویێرانیی و برسییەتی و ئاوارەیی و نائومێدیی خەڵک بەرەو نەژادپەرستیی و شۆڤێنیزم و فاشیزم ئاراستەدەکەن، کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان بە بەهێزکردنی سیستەمی دەوڵەتیی و سەرووەریی چینایەتی خزمەتدەکەنەوە و دیوی ڕاستینەی دەوڵەتن.

بەکورتی و پوختیی، شێوازی کۆششی کۆمەڵایەتیی بۆ پێکهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی هەمان شێوازی کۆششی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانە بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی چین و توێژە نەدار و بێدەسەڵاتکراوەکان. هەمان شێواز و بەرجەستەترینیان 'خەباتی ڕاستەوخۆ' و 'سەرپێچیکردنی سڤیلیستیی' و 'مانگرتنی گشتیی' و سەرتاسەریی کۆمەڵ دەبێت، دوور لە توندوتیژی و ڕامیارییبازیی پارتییەکان و ڕامیاران، چونکە گۆڕینی کۆششی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی بە توندوتیژیی و بزووتنەوەی چەکداریی، هەم جەماوەریی-بوون و کۆمەڵایەتیی-بوونی بەرخودان و بزووتنەوەکان لەنێودەبات، هەم بە سیستەمی سەروەریی و سەرمایەداران و ڕامیاران خزمەتدەکات و بەهێزتردەکاتەوە و مانەوەی مسۆگەردەکات.

**چەند نموونەیەک بۆ هۆکاری ڕەتکردنەوەی جەنگ و توندوتیژیی**

- درووستکردن و هەناردنی گرووپە ئیسلامییە ڕامیارییەکان پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ خەڵکی عیراق، بۆ دەرەوەی شارەکان [ناوچەی هۆرامان]، هەم هوشیاریی کۆمەڵایەتیی خەڵکیان لەنێوبرد و هەم بوونی ئەو گرووپانە بوو بە بیانوو بۆ خۆڵادانی دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئاوەدانکردنەوەی گوندە ڕاگوازراوەکانی ساڵی ١٩٧٨ و گوند وێرانبووەکانی جەنگی ئێراق-ئێران، کە بە ئەو بیانووە بووجەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان "دێزە بە دەرخوونە" کرا و تاکو ئێستاش ئەو ناوچانە هەر وەک وێرانەی ڕاگواستن و جەنگی ماوەنەتەوە و داخوازییەکانی پاش ڕاپەڕین تاکو لەنێوچوونی فەرمانداریی

بەعس، کە ئاوەدانکردنەوە و بۆژاندنەوەی وێرانەکانی ڕاگواستن و جەنگی عیراق-ئێران و قەرەبوونی زیانەکانی خەڵک بوو، لە هۆشبردران.

- جەنگی ئیراق-ئێران، بێجگە کوژرانی ملیۆنان کەس و پەککەوتەیی چەند ملیۆن کەسی دیکە، ئاوارەیی و وێرانیی و گرانیی و ...تد، توانی گەورەترین بزووتنەوەی نەژادپەرستیی و فاشیستیی دژی کرێکارە ئاوارە ئەفغانییەکان لە ئێران و میسرییەکان لە عیراق هەڵخرێنێت و هەر ئاوایش بازارێک بۆ سەرمایەگوزاریی کۆمپانییە جیهانلووشەکان گەرمبکات؛ چ بە فرۆشتنی چەک و چ بە فرۆشتنی کەرەستەکانی ڕۆنانەوە و چ بە زەمینەسایی بۆ سەرمایەگوزاریی ئەوان.

- ڕاپەڕینی خەڵکی سووریە ساڵی ٢٠١١، کە سەرەتا بزووتنەوەیەکی خۆخۆی خەڵکی ناڕازی بوو و ئازادکردنی شارەکان و پێکهێنانی هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان و خۆبەڕێوەبەریی خەڵک هەنگاوی یەکەمی بوون، بەڵام ئەوە مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر دەوڵەتی سووریە و هەم بۆ سەر هاوساکانی [دەوڵەتی تورکیە و دەوڵەتەکانی کەنداو] درووستدەکرد. لەبەر ئەوە بە نەخشەی کۆمپانییەکانی چەکسازیی و ماندانی سیخوڕەکانی دەوڵەتی تورکیە و سعودیە و ...تد بزووتنەوە ئاشتیوازەکە گۆڕدرا بە بزووتنەوەی چەکداریی و هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێوبردان و کۆشکارانی ئەوان نموونە (عومەر فارس) لەنێو زیندانی دەوڵەتی سووریە لەنێوبردران، هەر ئاوا (خۆبەڕێوەبەریی خەڵکی ڕۆژاڤا) کە بە کۆششی ئاشتییانە پێکهاتبوو، بە نەخشەی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی

ناوچەکە بە جەنگ گیرۆدەدەکرێت و هەرچی جەوانی ئازادیخواز و خۆهوشیاری ڕۆژاڤا هەبوون، بەکوشتدران و ئەوانەی کە ماوە، دەکرێن بە هاوپەیمان و هاوسەنگەری زلهێزەکان، کە نوێنەرایەتیی کۆمپانییەکانی چەکسازیی و سیستەمی ڕامیاریی جیهانیی دەکەن.

لەبەر ئەوە، هەر پەنابردنێک بۆ چەک و جەنگ و بزووتنەوەی چەکداریی، چ خەڵک بخوازێت یان نا، بە سیستەمە جیهانگیرەکە و کۆمپانییەکانی چەکسازی و دەزگە سیخوڕییەکان و دەڵاڵانی بازاری چەک و دەوڵەتەکانی ناوچەکە خزمەتدەکات و وەک سەراپای ڕابوردووی مرۆڤایەتی، سەرەنجامەکەی بەس لەنێوچوون و خۆکوژیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و بەس.

بە کورتیی و پوختیی، ئەگەر کەسێک بیەوێت بۆ بەدیهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی تێبکۆشێت، پێویستە پێش هەموو شتێک، دژی چەک و جەنگ و بزووتنەوەی چەکداریی بێت، دژی ڕێکخستنی پلەبەند و قووچکەیی و نێوەندگەرا بێت، دژی دەسەڵاتخوازیی و ناوبانگوازیی بێت، دژی ڕەگەزپەرستیی [سێکسیزم] و نەژادپەرستی [ڕەیسیزم] و شۆڤێنیزم و فاشیزم بێت، چونکە هەموو ئەو ئاراستانە بەس بە سیستەمی ڕامیاریی [دەوڵەت] خزمەتدەکەن و ئەوانە دەستی شاردراوە و تابووری پێنجەمی دەوڵەتە هاوچەرخەکان دەبن.

بەرانبەر ئەوە، بەس خۆموشیاریی ئەندامانی کۆمەڵ و چالاکیی ڕۆشنگەرانە و خۆڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی، ڕۆشنگەری کۆمەڵایەتیی،کە بەرەنجامی خودی تێکۆشانی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی دەبن، پەیڕەوکردنی ئەو ئامراز و شێوازە کۆمەڵایەتییانە ئەرکی هەر کۆششکارێکە لەپێناو پێکهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی.

ڕێگەی تێکۆشان بۆ سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی سەختە، دوور و درێژە، چونکە دژەباو و دژی سەراپای سیستەمێکی جیهانگیرە؛ سیستەمێک کە مرۆڤایەتی هەڵوەشاندووە و مرۆڤی کردووە بە ڕۆبۆت و هۆش و ئاوەزی ئەندامانی کۆمەڵی سڕیوەتەوە و لەنێوبردووە و ئامانجی ئەو بەس سەروەریی و قازانج و مشەخۆریی کەسە دارا و دەسەڵاتدار و ڕامیارەکانە و کەسە ڕامیارەکان ڕاستڕەو تاکو چەپڕەو، ئایینگەرا تاکو سێکیولارگەرا، دیکتاتۆریخواز تاکو پارلەمانخواز، هەموو دەسکەلای سیستەمی دەوڵەتیی [سەروەریی چینایەتیی] و سیستەمی دەوڵەتیی هەردەم کوتەکی دەستی کۆمپانییە جیهانلووشەکان بووە و دەبێت.

## "خەیاڵپڵاوی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی" و "کەتوارییبوونی سیستەمی ڕامیاریی"

ئەگەر کەسانێک سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی کە سیستەمی هەرە کۆن و هەردەمیی کۆمەڵە ئازادەکان بووە و هەیە، بە خەیاڵپڵاوی دەزانن، دەی "با ئازادیی خەیاڵکردن لە ئێمە زەوتنەکەن و نەستێنن" ؛ ئەگەر کەسێک بەدیهاتنی سیستەمێکی ئاوا دوور و تێکۆشانی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی ناتوندوتیژ [سەرپێچیی سڤیلیست]بە بێکەڵک دەزانێت، دەی خۆ خەیاڵکردن و تێکۆشانی ناتوندوتیژانەی خوازیارانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی خەڵک ناکوژێت و ئاوارە ناکات و نشینگەکان وێراننناکات و توندوتیژیی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتیی درووستناکات و بەڕادەی کەم ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی دەپارێزێت و خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی و هەرەوەزی ئابووریی و خۆ-بەسێی ئابووریی و ژیان و بنەما کۆمەڵایەتیی و کولتوورییە ئەرێنییەکانی کۆمەڵ دەپارێزێت و کەسەکان بۆ خۆ-بیرکردنەوە و خۆ-بەرپرسیاریی و خۆ-چالاکیی و خۆ-بوون هاندەدات، کە هەرگیز ئەو شتانە لە سایەی سیستەمە دەوڵەتیی و میلیشیاییەکان بەدینایێن. بەپێچەوانەی ئەوە، سیستەمە ڕامیارییەکان کە کەسانی ناموشیار و خۆشباوەڕ بە هەردەمیی و کەتواریی و پێویستیان دەزانن، هەمیشە و لە هەموو شوێنێکی جیهان، ئامانجی سەرەکی سیستەمە ڕامیارییەکان و پارتییە ڕامیارییەکان و کۆمپانییەکان و پارلەمانتارەکان و میلیشیاکان و ڕەوتە نەژادپەرست و ڕەگەزپەرست و شۆڤینیست و فاشیستەکان، بە پلەی یەکەم (لەنێوبردنی خۆ-بوون و کۆمەڵایەتیی-بوون و هەرەوەزیی-بوونی

مرۆڤەکان و کۆمەڵەکان) بووە و دەبێت و بە پلەی دووەم (پاراستنی دارایی تایبەتیی و کاری کرێگرتە و مشەخۆریی و سەروەریی کەمینەیەکی هەلپەرست و بێویژدان و چاوچنۆکە لەسەر کۆمەڵ).

جیاواز و بێجگە لە ئەوە، کە هەموو کەتوارێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و زانستیی و تێکنۆلۆجیی  و ڕامیاریی زادەی خەیاڵکردنی مرۆڤەکانە. ئەوەی، کە سیستەمی پاوانگەریی ڕامیاریی و چەپاوڵگەریی ئابووریی و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتیی و گەندەڵیی بەڕێوەبەریی ئێستا بوونێکی کەتوارییە، ئایا دەبێت ئێمە ناچارانە ئەوانە بە درووست بزانین بەرانبەر ئەوانە ملکەچ بمێنین و بەرەنگاریی ئەوانە نەکەین و بۆ بەدیهێنانی سیستەمێکی گونجاوتر و ژیاندۆسانەتر و ژینگەپارێزتر کۆششنەکەین؟

بەڵێ درووستە، سیستەمی ڕامیاریی [چینایەتی] ڕاستییەکی کەتواریی ئێستای زۆربەی کۆمەڵەکانە، بەڵام ئایا ڕەوا و کۆتایی مێژوو دەبێت و مرۆڤایەتی توانای تێپەڕاندنی ئەوی نابێت و کۆمەڵەکانی سەر گۆی زەمین بە ملکەچیی بۆ ئەو سزاوار دەبن؟ ئایا هەر شتێک بوونی هەبێت، ئیدی ڕەوا و درووست و هەمیشەییە؟

بێجگە لە ملکەچیی و خۆشباوەڕیی زۆرینەی خەڵک، چ شتێک سیستەمی سەرمایەداری دەکاتە سیستەمێکی هەمیشەیی و لە سیستەمە چینایەتییە ناهەمیشەییەکانی پێش خۆی [خێڵایەتی – کۆیلایەتی - دەرەبەگایەتی] جیادەکاتەوە و "نەمریی" بە ئەو دەبەخشێت؟

ئەگەر هوشیاریی و ویستی کۆمەڵایەتیی هەبێت، چ شتێک ئەگەر و نائەستەمیی کۆمەڵی ناچینایەتی ڕەتدەکاتەوە و لە کەتوارییبوونەوەی ئەو خەونە ڕێگرییدەکات؟ کامە ڕاستیی و کامە کەتوار؟

## هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێکخستن و
## پێکهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتیی

- پێکهێنانی گروپەکانی هاریکاریی و هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان دوور لە دەسەلاتی پارتییە ڕامیارییەکان و کارایی ئاراستە ئایدیۆلۆجییەکان و دەسەلاتی فەرمانداریەکان و کۆمپانییەکان و دەوڵەتەکان.

- پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پەیڕەوکردنی دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ.

- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکان لەسەر بنەمای ئامادەیی و خۆبەخشیی و شارەزایی و تواناداریی و دڵسۆزیی و ئەزموونداریی.

- پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەری گوند و شاران لەسەر بنەمای یەکگرتنەوەی فیدراڵیستییانەی خۆبەڕێوەبەری گروپە هاریکارەکان و هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان.

- ئەندامانی ئەنجوومەنەکان و ئەنجوومەنەکان ڕاسپێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵکیی دەبن، نەک نوێنەر و جێگری خەڵک. ئەوان ڕاسپێردراوی کاتیین، نەک هەمیشەیی و دەستنیشانکراوی پارتییەکان.

- ئەندامانی ئەنجوومەنەکان و ئەنجوومەنەکان، دەسەڵاتدار و بڕیاردەر نین و نابن، بەڵکو ئەنجامدەری داخوازی و بڕیارەکانی خەڵکی دەبن، کە لەنێو کۆبوونەوە گشتییەکانی شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان هەموو بەشداربووان دەربارەی ئەوان بڕیاردەدەن و بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان ئەندامانی سەرپەرشتیکردنی ئەنجوومەنەکان دەستنیشاندەکرێن.

- ئەندامانی ئەنجوومەنەکان ئازادن، ئەوان چ بیرکردنەوەیەکی ڕامیاریی یان ئایینیان هەبێت، بەڵام ئەو مافەیان نییە، کە بیرکردنەوە و ئاراستەی ڕامیاریی و ئایینیی خۆیان لەسەر خەڵکی بسەپێنن، یان لەتەک بەرهەمهێنان و چالاکییەکانی ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی تیکەڵبکەن.

- هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنەکان لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکی هەڵدەبژێردرێن و هەر کات هەر ئەندامێک لە ماوەی ئەندامەتیی سەرپەرشتیکردن و چالاکیکردن نادرووست بڕیاربدات، خەڵکەکە داخوازی کۆبوونەوەی نائاسایی دەکەن و ئەندامەتیی ئەو لەنێو ئەنجوومەن لادەدەن و ئەندامێکی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەو فرمان و چالاکییانە، کە بە ئەندامی پێشین سپێردرابوون، دەستنیشاندەکرێت.

- بۆ هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیکردن و خزمەتکردنی ئەنجوومەن و ئەندامەکانی ئەنجومەن، هەموو شەش مانگێک جارێک یان ساڵی یەک جار کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکی گوندەکان یان گەڕەکەکانی شار کە ئەنجوومەنەکەیان لەوێ هەڵبژاردووە، ئەنجامدەدرێت و لەنێو ئەو

کۆبوونەوە جەماوەرییە بڕیاری تازە دەدرێن و بە ئەنجوومەنی تازە دەسپێردرێن و بڕیارەکانی پێشتر هەڵدەسەنگێندرێن و ئەنجامگیرییدەکرێن و هەر ئاوا ئەرکی ئەندامانی ئەنجومەنی تازە یان ئەندامە تازەکان دەستنیشاندەکرێت.

- پاش هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەنجوومەنی گوندان و گەڕەکان شاران، ئەنجوومەنی ناوچەیی هەموو گوندەکان یان سەرتاسەریی شار هەڵدەبژێردرێن و هەر ئاوا ئەنجوومەنی سەرتاسەریی هەر هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر [خۆبەڕێوەبەری دێمۆکراتیی «ڕاستەوخۆ»، یان فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمێك] لە ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراوی نێو ئەنجوومەنە ناوچەییەکان دەستنیشاندەکرێت.

- بڕیاردان لەسەر دەستووری خۆبەڕێوەبەریی و دەستنیشانکردنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی وەک هەر بڕیارێکی دیکەی مافی هەموو خەڵکییە و لەنێو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان لە بارەی بڕیاردەدرێت؛ لە شوێنەکانی ژییان و بەرهەمهێنان تاکو ئاستی گوند و شار و ناوچە و هەرێم و کیشوەر.

- بڕیاردان لەسەر جۆری سیستەمی پەروەردە و خوێندن و ئامادەکاری و پیشەیی، بۆ هەموو خەڵکی و کۆبوونەوەی گشتیی ئەنجوومەنەکان و بە بەشداریکردنی شارەزایانی ئەو بوارانە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە خەڵک یان دایکان و باوکان لەتەک مامۆسایان ئازادن، کە جۆری خۆبەڕێوەبەریی فێرگەی منداڵکانی ئەوان و شێوازی وانەگوتنەوە و سیستەمی خوێندنی

ئەوان، یان شێوازی پەیوەندیی و پەروردەی باخچەی ساوایانی منداڵەکانی ئەوان چۆنە و پێویستە چۆن بێت، ئەوان بەخۆیان ئەو شتانە دەستنیشاندەکەن.

- سیستەمی دامەزراندنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و هەر ئاوا هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان و پێویستییە گشتییەکانی خەڵک بۆ ویست و ئارەزوومەندیی خەڵک دەگەڕێتەوە و ئەنجوومەنە خۆجێی و ناوچەیی و هەرێمییەکان بەس مافی ئەنجامدانی بڕیارەکانی خەڵکیان هەیە و ڕاسپێردراوان ناتوانن لە جیاتی ڕاسپێرەران بڕیاربدەن.

- بەهرەمەندیی خەڵک لە خزمەتگوزارییەکان بە بەشداریکردن و خۆکۆمەکیی کەسەکان پەیوەستە؛ بەو ڕادەی کە لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتی خزمەتگوزارییەکان بەشداریی و کۆمەکدەکەن، ئەوەندە بەهرەمەند دەبن. هەڵبەتە کەسانی پەککەوتە و کەمئەندام و نەخۆش و زگپڕ و منداڵان بەبێ هیچ مەرجێک مافی بەهرەمەندیان هەیە و دەبێت پێویستیی و ناچاریی کەسەکان لەبەرچاوبگیردرێت.

- پارتییایەتی و چالاکی ڕامیاریی و ئاییندارریی لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی جیادەبن و وەک حەز و ئارەزوومەندیی کەسەکان دەمێنێتەوە و بە هیچ جۆرێک نابێت لەتەک خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ تێکەڵبکرێن. هەر کەس ئازادە سەر بە چ پارتییەک، ئایینێک بێت و یان نەبێت، بەڵام هیچ کەس ئەو مافەی نابێت، کە حەزە تایبەتەکانی خۆی لەسەر کۆمەڵ بسەپێنێت، یان

کەسانی دیکە بە ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی حەزەکانی خۆی ناچاربکات. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش ڕۆشن بێت، کە ئازادیی بیر و باوەڕ بنەمای سەرەکیی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبێت.

- یەکگرتنی هەر هەرێمێک لەتەک هەرێمێک دیکە یان جیابوونەوەی هەر ناوچەیەک لە هەرێمێک بەس لەسەر بنمەمای دەنگدانی گشتیی خەڵکی ئەو هەرێمە یان ناوچەیە لەنێو کۆبوونەوەی ئاسایی یان نائاسایی ئەنجوومەنی خۆجێی و سەرتاسەرییەکان بڕیاردەدرێت، ئەگەر نا هەر کۆششێک بۆ بە زۆر جیاکردنەوەی ناوچەیەک یان لکاندنی هەرێمێک دەکەوێتە خانەی پیلانگێڕیی ڕامیاریی دژی ویست وخواستی خەڵک.

- سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ دادەمەزرێت، واتە تەواو پێچەوانەی سیستەمی پارلەمانی| دەوڵەتیی. ئەو لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئەنجوومەنە ئازادەکان، شوورا ئازادەکان، هەرەوەزییە ئازادەکان، گروپە ئازادەکانی شوێنی ژیان و بەرهەمهێنان دادەمەزرێت و بە کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک و بڕیاردانی ڕاستەوخۆی خەڵک پشتدەبەستێت و هەموو بڕیاردانێک یان ڕێکەوتنێک بە ڕەزامەندیی خەڵک لەسەر بنەمای ڕاپرسییە گشتییەکان دەدرێت و هەر بڕیاردانێک یان ڕێکەوتنێک لەسەر بنەمای پارتییایەتیی و فەرمانداریی و دەوڵەتیی ڕەوایەتی نییە و دژی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ و دژی مافی خەڵک و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەبێت.

- ئەو خاڵانە و هەر خاڵ و بنەمایەکی دیکە، کە لەتەک پێکهێنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ بگونجێت و بە بەئامانجگەیشتنی خەڵک خزمەتبکات ....تد.

هەر ئاوا کۆمەڵێک بنەما هەن، کە بەبێ ئەوانە هەرگیز سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بەدینایێت و ئەستەم دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە، کە سیستەمە ڕامیارییەکان بە هەموو جۆرێک بۆ لەنێوبردنی ئەو بنەمایانە هەوڵدەدەن و گشت ڕامیاران (دەسەڵاتخوازان چ ڕاستڕەو و چ میانڕەو و چ چەپڕەو، چ ئایینگەرا و چ سێکولار و چ کۆنەپارێز) بەردەوام و بە هەموو هێز و توانا و ئایدیۆلۆجییکارییەک بۆ لەنێوبردن و لەبیرکردنی ئەوان هەوڵدەدەن.

هەندێک لەو بنەمایانە، کە تێکۆشان و ڕاپەڕینەکانی پێشتر وەک ئەزموون و وانە بە ئێمە بەخشیون:

- ئازادیی تاکەکەس بنەمای ئازادیی کۆمەڵ و ئازادیی کۆمەڵ تەواوکەری ئازادیی ئەندامەکانی دەبێت.

- گۆڕانی کۆمەڵ بە گۆڕانی خۆیی و بابەتیی ئەندامانی کۆمەڵ ڕوودەدات.
- بەختەوەریی و ئاسایشی گشتیی مەرجی بەختەوەربوون و بوونی ئاسایشی تاکەکەس دەبێت.

- شۆڕش ڕوودانێکی بەردەوام و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنگەرییە، شۆڕشێک کە بتوانێت مرۆڤایەتی بە خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر ( کۆمەڵی ناچینایەتیی) بگەیێنێت، خۆبەخۆ شۆڕشێکی دژەچینایەتیی دەبێت و ڕێکخستن و ئامراز و شێواز و سەنگەرەکانی دژەچینایەتیی دەبن.

- بەبێ پاراستنی ژینگە و پەیڕەوکردنی ئابووریی ژینگەپارێز بەردەوامیی ژیان و بەدیهاتنی کۆمەڵی خۆبەسێ و خۆبەڕێوەبەر ئەستەمە.

- بەبێ پاراستنی ژیانی بوونەرانی دیکە مانەوە و هاوسەنگیی ژیانی مرۆڤ ئەستەم دەبێت.

- بەبێ لەنێوبردنی سەروەریی چینایەتیی و ڕەگەزیی و نەژادیی و کولتووریی و سڕینەوەی هەڵاواردن و بەرتەریی و ملهوڕیی، گەییشتن بە ئاستی کۆمەڵی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر ئەستەم دەبێت.

- ئازادی بەبێ یەکسانی بەهرەکێشییە و یەکسانی بەبێ ئازادی کۆیلەتییە و ئازادی و یەکسانی بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی وەک دوو خەونی ئەستەم و دوو درۆی ڕامیاریی دەمێنن.

- مرۆڤ بۆ بەختەوەریی و ئاسایشی ژیان پێویستی بە جەنگ و دارابوون و سەروەربوون نییە، بەڵکو پێویستیی بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری

کۆمەڵایەتیی هەیە و بەدیهاتنی ئەوانەش پێویستی بە لەنێوبردنی حەز و خواستە بۆرجوازییەکان هەیە.

- مرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ مانەوە و بەردەوامیی ژیان پێویستیان بە کێبڕکێ و پاوانگەریی و چەپاوڵگەریی نییە، بەڵکو هاوپشتیی و هاوخەمیی و هاودەردیی و تەبایی و پێکەوەژیان پێویستە.

- جەنگ و پەلاماردان و سەرکوت و داگیرکردن و خۆزاڵکردن پاشماوەی سەردەمە تاریکەکانی ژیانی مرۆڤایەتیین و بێجگە لە لەنێوبردن و وێرانکردن و کوژاندنەوەی دوا ترووسکەی ژیان لەسەر گۆی زەمین، هیچ سەرەنجامێکی دیکەیان نییە و نابێت، ئەگەر مرۆڤ سەربەخۆ و خاوەنی هۆش و ئاوەزی خۆی بێت، سەرنجدانێکی خێرای نەهامەتییە سرووشتیی و ئابووریی و سەربازییەکانی ئێستا بۆ دیتن و دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە بەسن.

# خشتەکی تان و پۆی پێکهاتەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی

| * چەند نموونەیەک لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان؛ هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی یەکەی پێکهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی شوێنەکان دەبێت | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی | ڕاسپێردراوانی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان | فێدراسیۆنی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان | کۆنفێدراسیۆنی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکان |
| هەرەوەزیی ئابووری | ڕاسپێردراوانی هەرەوەزییە ئابوورییەکان | فێدراسیۆنی هەرەوەزییە ئابوورییەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی هەرەوەزییە ئابوورییەکان | کۆنفێدراسیۆنی هەرەوەزییە ئابوورییەکان |
| کۆمەڵەی ژینگەپارێزی | ڕاسپێردراوانی کۆمەڵە ژینگەپارێزەکان | فێدراسیۆنی کۆمەڵە ژینگەپارێزەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی کۆمەڵە ژینگەپارێزەکان | کۆنفێدراسیۆنی کۆمەڵە ژینگەپارێزەکان |
| کۆمەڵەی ئاژەڵپارێزی | ڕاسپێردراوانی کۆمەڵە ئاژەڵپارێزەکان | فێدراسیۆنی کۆمەڵە ئاژەڵپارێزەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی کۆمەڵە ئاژەڵپارێزەکان | کۆنفێدراسیۆنی کۆمەڵە ئاژەڵپارێزەکان |
| کۆمەڵەی کەمئەندامان | ڕاسپێردراوانی کۆمەڵەکانی کەمئەندامان | فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کەمئەندامان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کەمئەندامان | کۆنفێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کەمئەندامان |
| یانەی وەرزشی | خۆبەڕێوەبەریی یانە وەرزشییەکان | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی یانە وەرزشییەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی یانە وەرزشییەکان | کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی یانە وەرزشییەکان |
| یانەی هونەری | خۆبەڕێوەبەریی یانە هونەرییەکان | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی یانە هونەرییەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی یانە هونەرییەکان | کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی یانە هونەرییەکان |
| کۆمەڵەی خانەنشینان | ڕاسپێردراوانی کۆمەڵەکانی خانەنشینان | فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی خانەنشینان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی خانەنشینان | کۆنفێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی خانەنشینان |
| خۆبەڕێوەبەریی کێڵگەکان | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی کێڵگەکان | فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کێڵگەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کێڵگەکان | کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کێڵگەکان |
| خۆبەڕێوەبەریی کارگەکان | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی کارگەکان | فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کارگەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کارگەکان | کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کارگەکان |
| کۆمەڵەی هاوتایی ڕەگەزی | ڕاسپێردراوانی کۆمەڵەکانی هاوتایی ڕەگەزی | فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی هاوتایی ڕەگەزی | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی هاوتایی ڕەگەزی | کۆنفێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی هاوتایی ڕەگەزی |
| کۆمەڵەی منداڵان و لاوان | ڕاسپێردراوانی کۆمەڵەکانی منداڵان و لاوان | فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی منداڵان و لاوان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی منداڵان و لاوان | کۆنفێدراسیۆنی کۆمەڵەکانی منداڵان و لاوان |
| خۆبەڕێوەبەریی فێرگەکان | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی فێرگەکان | فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی فێرگەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی فێرگەکان | کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی فێرگەکان |
| خۆبەڕێوەبەریی فەرمانگەکان | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی فەرمانگەکان | فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی فەرمانگەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی فەرمانگەکان | کۆنفێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی فەرمانگەکان |
| ئەنجوومەنی گەڕەکەکان | ڕاسپێردراوانی ئەنجوومەنی گەڕەکەکان | خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی گوندان –شاران | ڕاسپێردراوانی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی گوندان – شاران | فێدراسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی ناوچەکان |
| فێدراسیۆنی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ناوچەکان | ڕاسپێردراوانی فێدراسیۆنی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) ناوچەکان | (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) هەرێمەکان | ڕاسپێردراوانی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) هەرێمەکان | کۆنفێدراسیۆنی (خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی) هەرێمەکان |

## دوا قسه له بارەی پرۆژەی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی)

خوێنەری ئازیز ئەم پرۆژە کلێشەی ئایدیۆلۆجیی نەگۆڕ نییە. لەلایەن من وەک پێشنیارێک بۆ بەر چاوی ئێوەی ئازادیخواز و یەکسانیواز و دادپەریواز ئامادەکراوە، تاکو کۆششکردنی هەمووەمان پێکەوە لەسەر چۆن-بوونی ئایەندەی خۆمان و کۆمەڵی خۆمان تەبا و تەواوکەری یەکدی بێت و هەمووان پێکەوە بە سەرنج و ڕەخنە و پێشنیاری هەمەلایەنە بتوانین پرۆژەکە تەسەلتەر بکەین و ئەرکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و مرۆڤیی سەر شانی خۆمان ئەنجامبدەین.

لەبەر ئەوە و بۆ ئەوە، هیواخواز هەم، ئەگەر هەر کەس بڕوای بە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی هەیە و لەسەر بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و هەرەوەزی و خۆکۆمەکی و خۆبەخشی کۆمەڵایەتیی تێدەکۆشێت، لە شوێنی خۆی و بە ڕادەی کات و گونجان و بواری ژیان و ئەرکەکانی خۆی لەسەر ئەم بیرۆکەیە لێکۆڵینەوە بکات و پەرەیبدات و لەنێو مەیدانەکانی بەرهەمهێنان و ژیان خۆی ئەزموونیبکات و بەرەنجامی ئەزموونکردنە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی لە بەش و ناوچە جیاوازەکان بەراوردبکات و سەرەنجامی بەراودکراوەکان بخاتە سەر نێوەڕۆکی پرۆژەکە، تاکو کەسانی دیکە و ناوچەکانی دیکە و کۆمەڵانی دیکە لە ئەزموونەکانی پێشینان و ئێمە و دواتر کەڵکهەڵدەگرن.

نەگوتراو نەمێنێتەوە، من بەس نووسەرەوە یان ئامادەکەری ئەم پڕۆژەیە هەم و خاوەنداریی ئەم پڕۆژەیە بۆ هیچ کەس و گرووپ و پارتییەک یان ڕەوت و ئاراستەیەکی دەستنیشانکراو ناگەڕێتەوە و من بەس خاوەنداریی لە لایەنە لاواز و ناڕۆشن و هەڵەکانی ئەو دەکەم و بەرپرس هەم و دەبم، چونکە هوشیاریی و زانیاریی و کولتوور بەرهەمی بیرکردنەوەی هەزاران ساڵەی نەوەکانی مرۆڤایەتیین و دارایی هیچ کەسێک نین و خاوەنداریی ئەوان بۆ سەراپای مرۆڤایەتیی دەگەڕێتەوە و کەرەستەی بازرگانیکردن نین.

لەوانەیە گوتنی ئەوەش پێویست بێت، کە ئامادەکاریی ئێستای ئەم پرۆژە بەرەنجامی کۆششی هزریی و بەشداریی مەیدانیی من بووە و هەیە لەسەر بنەمای سەرنجدانی ڕەوت و بزووتنەوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی و تەنانەت ڕامیارییەکان، کە من تاکو ئێستا لەنێو ئەوان بەشداربووم [هەرچەندە پاش ساڵی ١٩٩٣ من هیچ چالاکییەکی ڕامیاریی ئەنجامنەداوە و لەنێو هیچ گرووپ و ڕێکخراوێکی ڕامیاریی بەشدارنەبووم]، بە پێکەوە گرێدانەوەی بزووتنەوەی هزریی و کۆمەڵایەتیی ڕەوت و کۆمەڵە سۆشیالستییەکانی چەرخی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی ئۆروپا و هەر ئاوا بزووتنەوە هەرەوەزییە ئابوورییەکانی کرێکارانی فەرەنسە و هەرەوەزیی و خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتیی هەزاران ساڵەی کۆمەڵەکانی ئەو کێشوەرانەش، کە دواتر داگیرکران و کۆمەڵە هەرەوەزەکانی ئەوان کۆکوژکران و پاش ئەوە بە "ئەمەریکا" و "ئوسترالیا" و "نیوزلەندە" و "کەنەدا" ناسێندران و لەنێو ئەوانیش کاراییدارتر و زیندووتر گرێدانەوەی و پێوەندکردنی بە هەرەوەزی و خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتیی ئازاد-گوندەکانی ناوچەکانی میزۆپۆترامیا، کە تاکو

سەردەمی منداڵی من ئەو بەها باڵایانە کۆڵەکەی کولتووریی ئەو ناوچانە بوون و بوون بە بەشێک لە کەسایەتیی و ئاوەز و بیرکردنەوەی من و هاوسەردەمییەکانی من.

هەر ئاوا، ئەم نووسینەی بەردەستی ئێوەی ئازیز، زۆر جار دووبارەبوونەوە و لەیەکترچوون لەنێو ئەو بەرچاودەکەوێت، ئەوەش بۆ تازەبوونی پێشنیارکردنی بیرۆکەکە و ناچاربوون بە ڕۆشنکردنەوە و شیکردنەوەی زیاتر دەگەڕێتەوە، کە ناچارییانە دەکرێت، بەتایبەت ناساندن و ڕۆشنکردنەوەی چەند بارەی کۆمەڵێک چەمک و دەسەواژە، کە بنەمای بیرۆکەی نێو ئەم پەڕتووکە پێکدەهێنن.

من هیواخواز هەم، تۆی ئازیز وەک خوێنەرێکی پەیگیر و دڵسۆز و ڕەخنەگر، هەڵەی تایپکردن و نارۆشنییەکان و هەر ئاوا سەرنج و ڕەخنە و بۆچوونی خۆت بۆ من بنووسیت، تاکو لە ئامادەکردن و چاپکردنی دواتر، لەبەرچاو بگیردرێن:


ئیمەیل ئەدرێس : ako@mail.com

تێلەگرام : https://t.m/aku.marani

فەیسبووک : https://facebook.com/ako.marani

تویتەر : @ako_marani

ئینستاگرام : maraniaku

یوتوب : Aku Marani

## پەراوێز:

---

* فیلۆسۆفی (ئۆبونتو)، کە کۆمەڵێکی ئەفریکاییە، ئەوەیە "یان هەموومان، یان هیچ کەسمان"، واتا ئەگەر هەژاری و بەدبەختیی بێت، پێویستە هەمووان وەک ڕووبەڕووی بینەوە و ئەگەر خۆشگوزەرانیی و بەختەوەریی بێت، پێویستە هەمووان پێکەوە بەهرەمەند بین.

ئەگەر یاداوەریی پێشینانی خۆمان سەرنجبدەین، زۆر بە ئاسانی هەمان فیلۆسۆفی (ئۆبونتو)ییەکان لەنێو ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی لای خۆمان هەیە و هەبووە. بۆ نموونە لە گوندی تەوێڵە "چایەکەی ماما خاخا" بەناوبانگە، کە گوتوویەتی "نیو چایی بۆ من تێبکە و نیوەکەی دیکەی بۆ هاوسێیەکی دیکە بەرە" و ...تد.

لە ئەو بارەوە نموونەی زۆر هەن، کە لە سیستەمە ڕامیارییەکان عیراق و ئێرانی پێشکەوتووتر و مرۆڤدۆسانەتر بوون و هەن و هەر گوندێکی ناوچەکە بڕۆین و سەرنجبدەین کۆمەڵێک بنەمای خۆکۆمەکیی و هەرەوەزیی و کۆمەڵایەتیی هەن، کە دەکرێت وەک هەنگاوی یەکەم و سەرەتایی خۆڕێکخستنی جەماوەریی بەشەکانی کۆمەڵ و پایەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوبگیردرێن.

## کلیلە-واژەکانی بیرۆکەی (سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی)

[١] **خۆبەڕێوەبەریی** : واتا خەڵک خۆی گوند یان کۆڵان و گەڕەک و کارگە و فێرگە و شار و ناوچە و هەرێمی خۆی، ڕێکخستنی خۆی و بەرهەمهێنان و ئەرکانی خۆی ڕێکدەخات و بەڕێوەدەبات (خۆ+بەڕێوەبەر).

[٢] **سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی** : سیستەمێکە کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان و هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان و هاوپشتیی و خۆکۆمەکییە کۆمەڵایەتییان دادەمەزرێت.

[٣] **یەککگرتن و ڕێکخستنی ئاسۆیی و نانێوەندیی** : جۆرە ڕێکخستنێکە، کە هەموو ئەندامەکانی ڕێکخستنەکە لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی لەسەر پرسەکان بڕیاردەدەن و ڕاسپێردراوانی خۆیان هەڵدەبژێرن و هەموو بەشێکی ڕێکخراوەکە [بۆ نموونە بەش و گرووپە خۆجێییەکانی ڕێکخراوەکە] سەربەخۆیی فێدراڵیستییانەی خۆیان هەیە و خۆیان دەتوانن لەسەر پرسەرکانی خۆیان بڕیارەبدەن و ڕاسپێردراوان هەڵبژێرن و لابەرن و چالاکییە کولتووریی و ڕۆشنبیریی و هونەریی و جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامبدەن یان نەدەن. ڕێکخستنی ئاسۆیی یان بازنەیی هیچ سەرۆک و هاوسەرۆکێکی نییە و بەس دەستەی سەرپەرشتیکردنی هەیە، ئەویش بە کۆمەڵ دەبێت، نەک کەسیی، هەر ئاوا هەمیشەییش نییە و هەموو خولێک لەنێو کۆبوونەوەی ئەندامان ڕاسپێردراوانی تازە

هەڵدەبژێردرێن و هەموو بڕیار و چالاکیی و هەنگاوێک بە ڕەزامەندیی هەموو ئەندامان دەدرێت و دەکرێت و دەنرێت. هەر ئاوا یەکگرتنی ئەندامان و بەشەکان و یەکگرتن لەتەک ڕێکخراوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە سەربەخۆ و ئاسۆییەکانی دیکەی کۆمەڵ بە شێوەی فێدراڵیستیی و نانێوەندیی و ناقووچکەیی دەبێت. بێجگە لەوەش، ڕێکخستنی ئاسۆیی و نانێوەندیی ڕۆڵی فێرگەی هەیە و پەروەردەکردنی مرۆڤی کۆمەڵی ناچینایەتیی ئەرکی بنەڕەتیی ئەو دەبێت.

**[٤] کۆبوونەوەی گشتیی**

کۆبوونەوەی گشتیی واتا پێکەوە دانیشتنی هەموو خەڵکی گوندێک، کرێکارانی کارگەیەک، خوێندکارانی فێرگەیەک یان مامۆسایانی فێرگایەک و هەموو دانیشتووانی شوێنێک. بەپێچەوانەی کۆبوونەوە پارتیی [حزبی] و دەزگەرییەکان، داخوازیکەری کۆبوونەوە، بڕیاردەری کۆبوونەوە، دەستنیشانکەری ڕاسپێردراوانی کۆبوونەوە، گفتوگۆکەری پرسەکانی کۆبوونەوە، دەستنیشانکەری ئەرکی ڕاسپێردراوان بەشداریکەرانی کۆبوونەوەکان دەبن، نەک پارتییە ڕامیارییەکان و ملیلیشیاکان و پارلەمان و فەرمانداریيەکان و دەوڵەتەکان.

کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتییە لەنێو کۆڵانەکان، گەڕەکەکان، گوندەکان، شوێنەکانی خوێندن و بەرهەمهێنان و خزمەتکردن، لەوێ ئەندامانی کۆمەڵ لەجیاتی هەڵبژاردنی نوێنەر و جێگرە ڕامیارییەکان، ڕاسپێردراوە خۆبەخشەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و هەر

خۆشیان ئەرکەکانی ئەوان دەستنیشاندەکەن و هەر کات ئەوان بە درووستی ئەرکەکانی خۆیان ئەنجامنەدەن، هەر خودی بەشداریکەرانی کۆبوونەوە گشتییەکان ئەو ڕاسپێردراوانە لادەبەن و کەسانی دڵسۆزتر و بەتواناتر و شایستەتر بۆ جێگەی ئەوان هەڵدەبژێرنەوە و هیچ دەسەڵاتێک یان ڕابەرێک و لایەنێکی بڕیاردەر لە سەرووی کۆبوونەوەی گشتیی و خەڵک بوونی نییە و هیچ کەس ناتوانێت لەجیاتی خەڵک بڕیاربدات و بڕیاردەر بەشدارانی کۆبوونەوە گشتییەکان دەبن و ڕاسپێردراوانی هەڵبژێردراو بەس ئەنجامدەری بڕیارەکانی خەڵک دەبن.

### [٥] میکانیزمەکانی کۆبوونەوەی گشتیی

* بەشداریکردنی هەموو خەڵکی شوێنێک؛ گەورە و بچووک، ژن و پیاو، نیشتەجێ (بومیی) و میوان و پەنابەر و کۆچەر ...تد

* دەنگدان ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بە بەرزکردنەوەی دەست یان بە نهێنی و لەسەر کاخەز، هەڵبەتە باری * جێگەکان و ئامادەیی و خوازیاریی خەڵکەکە جۆرەکەی دەستنیشاندەکات.

* هەڵبژاردنی کەسەکان لەسەر بنەمای خۆبەخشیی و دڵسۆزیی و توانادارێی کەسەکان دەبێت، نەک لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیی و پارتییایەتی و ڕامیاریی و دەسەگەریی و پەیوەندییە پەنانەکییەکانی کەسەکان .

* دەستنیشانکردنی ئەرکی ڕاسپێردراوان بە ئاشکرا و بە بەشداریکردنی هەموو خەڵکی شوێنەکە دەبێت.

* هەڵبژاردن و لابردن و هەڵبژاردنەوەی ڕاسپێردراوان بە هەمان شێوە.

* ڕێگەنەدان بە پارتییایەتی و دەسەگەریی و ئایدۆلۆجیگەریی و پاشڕەویی ڕامیاریی، تاکو هیچ هێز و ئاراستە و ڕەوتێک زاڵنەبێت و نەبێتە سەروەر.

[٦] **ئەرکەکانی کۆبوونەوەی گشتیی** : گفتوگۆکردن و لێدوان لە بارەی پرسەکانی کۆمەڵ یان پرسەکانی شوێنی بەرهەمهێنان و خوێندن و خزمەتکردن و دەستنیشانکردنی ئەرکەکان و بڕیاردان لەسەر پرۆژە پێویستەکان و بیرکردنەوە لە ئایەندەی کۆمەڵ و ڕێکخستنی کۆمەڵ و پاراستنی کۆمەڵ و یاساییکردنی مافە سرووشتیی و گەردوونی و سەرەتاییەکانی و ...تد.

[٧] **ئامانجەکانی کۆبوونەوەی گشتیی** : ئامانجەکانی کۆبوونەوەی گشتیی وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی کۆمەڵ دەبێت، خودی خەڵک لەسەر کۆبوونەوەی گشتیی بڕیاردەدات، لە باری نائاساییش، هەر پێویستیی خەڵکییە، کە کۆبوونەوەی خەڵک پێشنیاردەکات.

[٨] **دەنگدان و هەڵبژاردن و ئەرکی ڕاسپێردراوان** : لەنێو سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی دەنگدان و هەڵبژاردن ئەرکی هەموو کەسێک و ئەندامانی هەموو توێژێکی کۆمەڵایەتیی و ...تد دەبێت ... دەنگدان بە ئەو واتا نییە، کە من بە تۆ دەنگدەدەم و تۆ دەکەم بە جێگر و نوێنەر و سەرووەری خۆم و ئیدی تۆ بە ئارەزوو خۆت بڕیاربدەیت، یان من لە نێوان چەند کەسێک کە دەوڵەت یان پارتییەک ئەوانی بۆ من دەستنیشانکردوون و

ئامانجی ئەوان خزمەتکردن بە پارتییەکەی خۆیان و بەدیهێنانی مووچە و خانەنشینی پاشایانەیە بۆ خۆیان، کەسێک دەستنیشانبکەم. هەر ئاوا ڕاسپێردراویی [نوێنەرایەتی و جێگریی] دەنگدەران و هەڵبژێرەران نییە و بە پێچەوانەی سیستەمی پارتیی و پارلەمانیی، ئەوە کەسە دەنگدەر و هەڵبژێرەکان دەبن، کە ئەرکی ڕاسپێردراوان دەستنیشاندەکەن و ڕاسپێردراو بێجگە لە ئەنجامدانی بڕیارەکانی خەڵک کە لەنێو کۆبوونەوەی هەموو خەڵکی دەدرێن، ناتوانێت هیچ ئەرک و بڕیارێکی دیکە بدات و هەر ئاوا پاداشتی ئەرکێک کە ئەوان بۆ کۆمەڵی ئەنجامدەدەن، گوزەرانی ئاسایی و پێویستییە سەرەتاییەکانی بەگوێرەی پێوانەی ستانداردی ژیان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵ دەستنیشاندەکرێت و هیچ بەرتەرییێکی تایبەتیی نییە و ئەوانیش هەر هێندەی کرێکاران و جووتیاران و باخەوانان و پزیشکان و ئەندازیاران و خزمەتکاران و پارێزەرانی کۆمەڵ مافی بەهرەمەندبوونیان لە سامان و داهاتی کۆمەڵ هەیە، نەک زیاتر.

[٩] **خۆڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی:** خۆڕێکخستنی چین و توێژکانی کۆمەڵ دەبێت بە بڕیاری خۆیان و وەک سەرەنجامی بەردەوامیی کۆششی خۆیان و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان و هەر ئاوا بەشداریکردن لەنێو خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵ. واتا خۆڕێکخستنی هەر توێژێکی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای ئامانجەکان و داخوازییە هاوبەشەکانی ئەندامانی خۆی، دوور لە فەرمان و سەپاندنی هێز و لایەنە ڕامیارییەکان و بەبێ پاشڕەویی کەس و لایەنی دەرەوەی خۆیان.

[١٠] **ڕێکخستنی ئاسۆیی و زنجیرەیی** : شێوازی ڕێکخستنی ئاسۆیی و زنجیرەیی هەمان خۆڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە، ئەو شێوازە وەک میکانیزمێک نامێڵێت پێکهاتەی نێوەندیی و قووچکەیی درووستببێت و نامێڵێت بیرۆکراسی و ئۆرۆستۆکراسی سەرهەڵبدات.

[١١] **ئابووریی ژینگەپارێز** : ئابووری ژینگەپارێز جۆرێکە لە بەرهەمهێنان، کە ژینگەپارێزیی بناخەی ئەو دەبێت و بە هەمان ڕادەی گرنگیدان بە بەرهەمهێنان بۆ کۆمەڵ، بە پاراستنی ژینگەی گرنگیدەدات و لە بارەی ئایەندەی نەوەکانی دواتری مرۆڤایەتی و پاراستنی سەرچاوەکانی ژیان بیردەکاتەوە؛ پاراستنی ژیانی ئێستا و ئایەندە ئامانجی دەبێت.

[١٢] **ئابووری هەرەوەزیی** : ئابووری هەرەوەزیی جۆرێکە لە بەرهەمهێنانی گەلکاریانە کە کۆمەڵێک کەس پێکەوە بە هاوبەشی ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، پێکەوە لەنێو کێڵگە و کارگە یان شوێنەکانی بەرهەمدەهێنن و ئامادەدەکەن و پێدەگەیێن و بێجگە لە پێویستیی ژیانی خۆیان، لە مسۆگەرکردنی داهاتی کۆمەڵ بەشداریدەکەن و لەتەک بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ هاوپشتیی ئەنجامدەدەن.

[١٣] **دارایی کۆمەڵایەتیی** : دارایی کۆمەڵایەتیی واتا هەموو سامانی کۆمەڵ، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوە سرووشتییەکان دارایی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەبن و هەموو داهاتی بەرهەمهێنانی ئەندامانی کۆمەڵیش بۆ هەموو کۆمەڵ دەگەڕێتەوە. دارایی کۆمەڵایەتیی ڕەتکردنەوە و

هەڵوەشاندنەوەی دارایی دەوڵەتیی| فەرمانداریی، دارایی تایبەت، بەدەستنیشانکراوی لەسەر ئاو و زەمین و کێو و تەپۆڵکە و دۆڵ و دەشت و بەشە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و سامانە سرووشتییەکان، کە بە هیچ جۆرێک ناکرێت (دارایی تایبەتیی کەسەکان) و (دارایی دەوڵەتیی) بن، بەڵکو دارایی هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەبن، واتا دارایی کۆمەڵایەتیی (کۆمەڵایەتیکردنەوە| سۆشیالیزەکردن).

[١٤] **بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی** : بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی یان کۆمەڵایەتیی-کردنەوەی بەرهەمهێنان، واتا هیچ کەس کرێگرتەی کەسێکی دیکە نییە و هەموو کەسەکان بە هاوبەشیی دارای ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵ دەبن و هیچ کەس خاوەن-کار و هیچ کەسێکی دیکە کرێگرتە نابێت و بەرهەم و داهات بۆ هەمووان دەبێت.

[١٥] **خۆبەخشی کۆمەڵایەتیی** : خۆبەخشی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە کۆنترین دیاردە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان، بەتایبەت لەنێو کۆمەڵە هەرەوەزەکان و پێش ئەوەی کە دەوڵەت و پارتییایەتی و ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیی ئاوەز و هۆشی ئەندامانی کۆمەڵ لەنێوبەرن و ئەوان لە ویست و توانا و بڕوا-بە-خۆ-بوون خاڵیبکەن، هەبووە. پێشتر بە پێچەوانەی ئێستا کەسەکان پێویستییان بە نەقیزەی دەوڵەت و فەرمانداریی و پارتیی و سەرۆک نەبووە و هەموو کەس وەک ئەرکێکی ڕەوشتیی و ویژدانیی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی خۆی، خۆی بەرانبەر پاراستنی ژینگەی کۆمەڵ و یارمەتیدان و هەرەوەزیی و گەلکاریی بەرپرس زانیوە و خۆبەخۆ هەموو

کەس ڕێبەری خۆی، هەموو کەس سەروەری خۆی، هەموو کەس بڕیاردەری خۆی، هەموو کەس خۆی بە پارێزەری کۆمەڵ و سامان و دارایی و داهاتەکانی کۆمەڵ زانیوە و پاراستوون.

[١٦] **خۆکۆمەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی** : خۆکۆمەکیی واتا خەڵکی گوندێک، شارێک، کرێکارانی کارگەیەک، خوێندکارانی فێرگایەک، پزیشکان و پەرستاران و خزمەتکارانی خەسەخانەیەک، لەنێوان خۆیان سندووقێک یان دەخیلەیەک دروستدەکەن، یان کەسانی ئالوودەبوو بە نەخۆشیی و کەرەستەی بەنگەکەران و مەینووشیی و قومارکردن و هەراسانکردن و ئەتککەریی سێکسیی و ...تد گرووپی تایبەت بە گرفتارییەکانی خۆیان دروستدەکەن و لەسەر بنەمای ئەزموونکردنی چارەسەرەکان و هەر ئاوا شێوازەکانی بەرەنگاریکردنی ئەو دەردە، بە خۆیان و بە یەکدی کۆمەکدەکەن، واتا کۆمەک لە خۆ و هاودەردان و هاوکاران و دانیشتووانەوە بۆ خۆ و بۆ دۆرەوبەر و بە یەکدی.

[١٧] **یەکسانی ڕەگەزیی** : یەکسانی ژن و پیاو و کەسانێک کە ڕەگەزی دوو لایەنە یان چەند لایەنەیان هەیە، بەهرەمەندیی یەکسان لە هەموو ماف و ئەرک و بڕیارێک و خۆبەڕێوەبەریی. بە واتایەکی دیکە، لەنێوبردنی ڕەگەز-سەروەری [پیاو-سەروەری، ژن-سەروەریی]، لەنێوبردنی تایبەتمەنیی ڕەگەزیی بەرهەمهێنان و ئەرک و ماف، لەنێوبردنی بەرتەریی و هەر نەریت و بڕیار و یاسایەک، کە لەنێوان ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتیی جیاوازیدەکات.

[١٨] **هاو-مافيی** : یەكسانيی ماف بۆ هەموو كەسەكانی كۆمەڵ بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز و ئێتنيی و زمان و ڕەنگ و شوێنی لەدايكبوون و ئارەزوو و حەز و تايبەتمەنديیە كەسييەكانی ئەوان، یەكسانيی مافەكانی ئەوان؛ ئازاديی خوێندنی زمانی دايک و زمانی **خۆخواستە**، ئازاديی بۆچوون-دەربڕين، بەهرەمەنديی هاوبەشانە لە سامان و دارايی و داهاتەكانی كۆمەڵ، یەكسانيی هەلی بەرهەمهێنان و خوێندن و بيمەی دەرمانيی و كۆمەڵايەتيی و مافی نيشتەجێبوون، ....تد بە واتايەكی ديكە، هەموو مرۆڤەكان وەک یەكدی لە مافە سرووشتيی و گەردوونيی و سەرەتايی و كولتووريیەكان یەكسان و بەهرەمەند دەبن .

[١٩] **ماف و ياسا سرووشتييەكان** : ماف و ياسا سرووشتييەكان ئەو ماف و ياسايانەن، كە مرۆڤايەتيی-بوونی مرۆڤ ئافراندووني و لەتەک پەيدابوونی مرۆڤ و پرۆسێسی كۆمەڵايەتييبوون و سڤيل-بوون و گەشەی كولتووريی و كۆمەڵايەتيی، ئەوان پەرەيانسەندووە و گەردوون-گير بوون؛ مافی بەكاربردنی زمانی دايک، مافی نيشتەجێبوون و مافی ژيان بە جۆرێک كە خۆپەسەندە و مافی كۆچكردن و مافی هاوسەرييكردن و پەيوەندی خۆشەويستی-كردن و مافی ..تد ئەو مافانەی كە بوون بە ڕێكەوتنی كۆمەڵايەتيی و وەک ياسايەک لە درێژەی گەشەكردن و پەرەسەندنی كۆمەڵايەتيی مرۆڤ سەريانهەڵداوە. هەڵبەتە ياسا سرووشتييەكان، ياسا فيزيايی و كيميايی و بايۆلۆجييەكانيش دەگرێتەوە. بەڵام لێرەدا بەس مەبەس لە باری كۆمەڵايەتييە. لە باری ئاسايی و ئازاديی مرۆڤ بە پێنج "دەبێت" سزاوارە [هەناسەدان، خواردنەوە، خواردن، خەوتن،

پیساییکردن]، واته ئەو شتانەی کە ئەنجامنەدانی ئەوان ئەستەمە. لە دەرەوەی ئەو پێنج ناچارییانە هەموو شتێك پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لە ئەنجامدان و نەدانی ئازادە و پابەندبوون بە شتەکانی دیکە پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە ئەنجامدانی بەرەنجامی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی بێت.

[٢٠] **خوێندن بە زمانی دایک و ئازادی کولتووریی** : قسەکردن و خوێندن بە زمانی دایک وەک ئازادی خەیاڵکردن و بیرکردنەوە یەکێکە لە مافە سرووشتیی و بنەڕەتیی و گەردوونییەکانی هەر کەس و کۆمەڵێک، کە هیچ کەس و هێزێک ڕەوایی مافی سەپاندن یان ڕێگریکردنی زمانی نییە و سەپاندن زمانێک لەسەر کەس و کۆمەڵێک یان قەدەخەکردنی زمانی کەسێک و ناوچەیەکی دیکە دەکەوێتە خانەی ملهوڕیی و بەڵگەی ئەوپەڕی دیکتاتۆربوونی سیستەمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵ دەبێت.

[٢١] **ئازادیی بیرکردنەوە** : ئازادیی بیرکردنەوە یەکێکە لە مافە سرووشتییەکان کە سرووشت بە مرۆڤی بەخشیوە و پەیوەندی بە توانایی و ڕادەی بەکاربردنی مێشك و ئاوەزی کەسەکان هەیە و مرۆڤ لەتەک پەیدابوونی دارای ئەو مافە بووە و هەیە.

[٢٢] **سەربەخۆیی** : سەربەخۆیی بۆ تاک و کۆمەڵ بە واتای ڕزگاربوونە لە هەژموونی پاوانگەرانە و چەپاوڵگەرانەی ئابووریی و میلیشیایی و ڕامیاریی و کولتووریی کەسانی دیکە.

[٢٣] **فێدراسیۆن و فێدراڵیزم، کۆنفیدراسیۆن و کۆنفیدراڵیزم** : سیستەمی یەکگرتنی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان و خۆبەڕێوەبەریی گوندان و شاران و ناوچان و هەرێمان و کێشوەران [قاڕان] دەبێت؛ سیستەمێکە تەواو پێچەوانەی سیستەمی نێوەندییانە و قووچکەییانەی دەوڵەتیی پێکدێت و کاردەکات. بەداخەوە چەمک و بیرۆکەی فێدرالیزم وەک چەمک و بیرۆکەی کۆمەڵە سڤیلییەکان لەلایەن سیستەمی ڕامیاریی لە بنەما ڕاستینەکەی خۆیان خاڵیکراون و وەک دێوجامەیەک بۆ ڕازاندنەوە و شاردنەوەی دیوە ڕاستینەکانی سیستەمی ڕامیاریی [دەوڵەتیی] بەکاربراون. فێدراڵیزم لە بنەڕەتدا بەشێکە لە هزری ئازادیخوازانە و یەکێکە لە میکانیزمەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی و وەک پێویستیی پێکەوە-گرێدانەوەی ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان سەریهەڵداوە. فێدراسیۆن ڕێکخراوێکە لەسەر بنەمای فێدراڵیستییانە و یەکەی بەشیی و ناوچەیی ڕێکخستنی فێدراڵیستییانەیە، کۆنفیدراسیۆن یەکگرتن یان پلەی سەرتاسەرییتری چەند یان کۆمەڵێک فێدراسیۆنێکە (چ فێدراسیۆنی پیشەیی و چ فێدراسیۆنی ناوچەیی). کۆنفیدراڵیزم یەکێتی و یەکبوون و یەکگرتنی چەند پێکهاتەیەک یان چەند خۆبەڕێوەبەرییەکی فێدراڵیستییە بە شێوەیەکی ئازادیخوازانە و ناودەوڵەتیی و پابەند بە ویست و خواستی خەڵکی شوێنەکان.

[٢٤] **یەکگرتن و هاوپشتیی و فریاگوزاریی و هاودەردیی** : چوار بنەمای زۆر کۆنی سەراپای ڕابوردووی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتیین و لەسەر بنەمای

ئازادیی بڕیاردان و یەکسانیی ماف و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی سەریانهەڵداوە و بەدیهاتوون و بەردەوام بوون.

[٢٥] **نێوەندیی** : نێوەنگەرا، مەرکەزیی، سێنترالیست، جۆرە ڕێکخستن و سیستەمێک، کە هەموو بڕیاردانەکان بۆ کەسەکانی سەرووی ڕێکخراوەکان، یان سەرووی سیستەمەکان دەگەڕێنەوە و بڕیارەکان سەرتاسەرییین و هەر کەس لەنێو هەر گوند و شار و ناوچە و هەرێمێکی نێو جوگرافیای ڕامیاریی [وڵات] بێت، دەبێت ملکەچی بڕیارەکانی ئەو پێکهاتە و دەسەڵاتە نێوەندییە بێت؛ سیستەمی ئاوا کە دیارترین و پەرەسەندووترینی سیستەمی پارتیی [حزبی] و دەوڵەتییە، هەردەم بۆ سەرهەڵدان و دەسەڵاتگرتنی کەسە دیکتاتۆرەکان و ڕەوتە نەژادپەرست و ڕەگەزپەرست و شۆڤینیست و فاشیستەکان زەمینەسازییدەکات و زیاتربوونی ڕادەی نێوەندییبوون، زیاتربوونی ڕادەی دیکتاتۆرییبوون و فاشیستربوون دەئافرێنێت .

[٢٦] **هیرارشی** : قووچکەیی، هەرەمیی، پلەبەندیی و پێگەی سەر و خوار، ناهاوئاستیی کەسەکان، بڕیاردەربوونی کەسانێک لەسەر کەسانی دیکە و ملکەچبوونی کەسانێک بۆ ئەوان. هەموو سیستەمێکی ڕامیاریی، هەموو سیستەم و ڕێکخراوێک کە سەر و خواری هەبێت؛ هەموو ڕیکخستن و پێکهاتەیەک کە سەرکردە و بنکردەی هەبێت، لەوانە خێزانی ڕەگەزساڵارانە، پێکهاتەی خێڵەکیی، پاشایی، میلیشیایی، تاکپارتیی، پارلەمانیی؛ پێکهاتەی دەوڵەتیی، هەموویان تەواوکەری یەکدین.

هەرچەند لە ئێستا ئیدئۆلۆگەکانی سەرمایەداریی خەریکی باوکردنی جۆرە ڕێکخستنێک دەبن، بەناوی (هیرارشیی ئاسۆیی تەخت)، بەوەی کە هەموو کارکەرانی شوێنێک بە شێوەیەک لە بڕیاردان بەشداردەبن، بەڵام ئەو پڕۆپاگەندەیە، هەر هێندەی ڕزگارکەربوونی پارتیی [حیزب] و دەوڵەت ئاوەزگێردەبێت، چونکە ئەوە پێگە و دەسەڵاتی ئابووریی و دارایی تایبەتیی کەسەکانە کە بڕیاردەدات، نە ڕواڵەت و پڕۆپاگەندەکان.

[٢٧] **سەرپێچیکردنی سڤیلیانە** [نافەرمانی مەدەنیی] : جۆرە کۆششێکی ناتوندوتیژانەیە، ناتوندوتیژ بە واتای "ئاشتیخوازیی" لەتەک دەسەڵاتداران نا. چونکە (ئاشتیخوازی) بە (سازشکردن) لەتەک سەروەر و بەهرەکێشان یەکسانکراوە و لە واتا بنەڕەتییەکەی خاڵیکراوە. لەبەر ئەوە خەباتی سەرپێچییکەرانەی سڤیلی [خەباتی ناتوندوتیژ] پێشنیاردەکرێت. جۆرەکانی سەرپێچیی سڤیلیانە: بەشدارینەکردنی جەنگ، بایکۆتکردنی دەنگدان و هەڵبژاردن، داگیرکردنی مەیدانی شارەکان وەک نارەزایەتی، ڕێگری لە بەرهەمهێنان و نمایشکردن و فرۆشتن و چەک و تەقەمەنی بۆ بەرەکانی جەنگ، نەچوون بۆ سەربازیی، دانیشتن لە شوێنی کار، داخستنی دوکان و بازار و هاتووچۆنەکردن ، کۆمەک بە کەسانی پەنابەر و کۆچەری نایاسایی، بەرەنگاریکردنی لەقەنارەدان و زیندان و تیرۆر، بەرنگاریکردن و لەنێوبردنی ئەو بەرهەم و کاڵایانە، کە بۆ ژینگە و ژیان زیانبەخشن، پاراستنی جەنگەڵەکان و سەرچاوەکانی ئاو، بەرگرتن لە پیشەسازییەک کە بۆ ژینگە و ژیان زیانبەخش بێت، بەرخودان بەرانبەر سەپاندنی تۆو و نەمامە

جێنێتیک دەسکاریکراوەکان، ڕێگرییکردن کۆمەڵایەتیی لە بڵاوبوونی دەرمانە کیمیایی و کەرەسە بەنگکەرە زیانبەخشەکان، ڕێگرییکردن لە بڕینی درەختان و لەنێوبردن جەنگەڵەکان، بایکۆتکردنی بەکاربردن و کڕینی بەرهەمی ئەو کۆمپانی و وڵاتانە، کە بۆ سەر کۆمەڵێکی دیکە هێرشدەکەن، یان بەشێک لە کۆمەڵەکەی خۆیان لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەشدەکەن، نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی ئێران و تورکیە و سوریە و عیراق، کە زمانی هۆرامی و کرمانجی و زازایی و سۆرانی و مافی خوێندن و بەکاربردنی ئەوان لە بواری پەروەردە و خوێندن و بەڕێوەبەریی قەدەخەکردووە. هەڵگرتنی تەختەڕەشەکان بە کۆڵ و کۆڵان بە کۆڵان فێرکردنی زمانی دایکی جۆرێکە لە کۆشش و سەرپێچیی سڤیلیانە.

[٢٨] **خۆبەسێی ئابووری** [خودکەفایی ئیقتیسادی، ئیکتیفای ئیقتیسادی] : خۆ ڕزگارکردن لە وابەستەیی ئابووریی، گەشەدان بە بەرهەمهێنان بە ڕادەی مسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ، بەڵام هەڵبەتە بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ئابووریی ژینگەپارێز.

# فەرهەنگۆکە

| | |
|---|---|
| ئاسایش | ئەمنیەت |
| ئامیان | شتێک کە دەبێتە هۆی چێکردنی ماست و پەنیر لە شیر |
| ئاوەز | عەقڵ |
| ئەتک | پەلاماردانی سێکسی، تەجاوز |
| ئەزموون | تاقیکردنەوە، تەجروبە |
| ئەڵتەرناتیڤ | پێشنیار بۆ جێگریی، بەدیل |
| ئەنجوومەن | شوورا، سۆڤیەت |
| بزووتنەوە | بزاڤ، حەرکەت |
| بنەماڵە | بنەچەی خێزان |
| بەدەستهێنانەوە | جارێکی دیکە بەدیهێنانەوەی شتێک |
| بەرایی | پێشەکی ، دەستپێک، موقەدیمە |
| بەڕێوەبەری | بەڕێوەبردن، ئیدارە |
| بیر | هزر، فکر |

| | |
|---|---|
| بیرۆکە | فکرە |
| پارتیی | حیزب |
| پرۆسێس | ڕەوتی ڕوودانی شتێک |
| پۆزەتیڤ | ئەرێنی، باش ، درووست |
| پۆلیسخانە | ژاندارمیری |
| پەڕتووکۆکە | پەڕتووکی بچووک، نامیلکە |
| پەیگیر | سووربوون، موسیڕ |
| پێشنیار | پێشنیاز، ئیقتیراح، طرح |
| پێشەنگ | [دەستپێشخەر نەک ڕابەر]، کەسێک کە پێش کەسەکانی دەوروبەری خۆی خۆبەخشانە وەک ئەرکێک چالاکییەکان ئەنجامدەدات |
| پێشەنگیی | [ پێشەنگیی نەک ڕابەریی ] دەستپێشخەریی |
| تایفە | واژەیەکی عەرەبییە |
| توێژ | توێژی کۆمەڵایەتیی، قشر ئیجتماعی |
| خان | خانزاد، ئۆرۆستۆکرات، بە واتای پلەداریی چینایەتییە، فرەتر لە باکووری ئێران و |

| | |
|---|---|
| | پاکستان و هیندوستان و ئەفغانستان بەکاردەبرێت |
| خانەوادە | خێزان |
| خۆبەڕێوەبەری | خۆگەردان، سیستەمێک کە خەڵک خۆی بەڕێوەبەری کۆمەڵی خۆی بێت |
| خۆجێی | مەحەلی، لۆکاڵی |
| خۆرهەڵاتی ناوین | خاوەرمیانە، شەرق ئەلئەوسەت |
| دەرەکی | خارجی |
| دەستەبژێر | نوخبە، ئیلیت |
| ڕابوردوو | مێژوو، تأریخ |
| ڕابەر | ڕێبەر، چاوساخ |
| ڕاپەڕین | ڕابوون، قیام، ئینتیفازە |
| ڕاسپێردراو | مفەوەز |
| ڕۆشنگەری | ڕۆشنایی خستنەسەر پرسەکان |
| ڕەگەز | جێندەر، جنس |

| | |
|---|---|
| ڕەگەز-پێچەوانە | کەسێک کە پێچەوانەی دەرکەوتنی جەسەیی خۆی، بوونی ئارەزووی ڕەگەزە پێچەوانەکەی هەبێت |
| ڕەوت | جەرەیان، تەیار |
| ڕەوڕەوە | چەرخ، تایە، عەجەلە، |
| ژینگە | شوێنی ژیان ، موحیت زیست |
| ژینگەپارێزی | پاراستنی شوێنی ژیان، حیفازەت موحیت زیست |
| سان | کورتکراوەی واژەی (سوڵتان)ی عەرەبیی\| فارسیی |
| سۆشیالیزەیشن | کۆمەڵایەتیی-بوون، کۆمەڵایەتیی-کردن |
| سۆشیالیستی | کۆمەڵگەرایی، کۆمەڵایەتی |
| سەروەر | سالار |
| سەنتێز | دژە-تێز، ئەنتی-تێز |
| فرە-ڕەگەز | کەسێک هاوکات ئارەزووی ڕەگەزیی نێر و مێ هەبێت |

| | |
|---|---|
| فەرمان | حوکم |
| فەرماندار | حاکم |
| فەرمانداریی | حکومەت |
| کاریی | هەژموون، تەئسیر |
| کڵێشە | نموونە، چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیی و پێشداوەریی |
| کۆڕەک | ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان |
| کۆمونە | واژەیەکی فەرەنسییەنە و بە واتای پێکەوەژیان شارەوانی، یەکەی ڕێکخستنی شار |
| گرێدانەوە | جارێکی دیکە گرێدانی شتێک، پێکەوەگرێدانەوە |
| گەرەک | ویست، ئیرادە |
| لەشکرگە | سەربازگە، مەعەسکەر |
| ملهوڕیی | زۆرداریی و ستەمگەریی |
| مین | ئەڵغام |
| ناچینایەتی | کۆمەڵی یەکسان و خاڵی لە چینبەندیی |

| | |
|---|---|
| نوێنەر | مەندوب |
| نێگەتیڤ | نەرێنی، خراپ، نادرووست |
| نێوخۆیی | نێوان خۆیی ، داخلی |
| وێناکردن | هێنانەپێشچاو، تەسەور |
| هارمۆنی | گونجان و تەبایی و هەماهەنگیی |
| هاوکار | هاوپیشە ، زمیل |
| هۆز | بە زمانی هۆرامی (هۆز) بە واتای (بنەماڵە) و (تایفە) دێت؛ بنەچەی خێزان، بەڵام بە زمانی سۆرانی واتە پێکهاتەی گەورەتر لە خێڵ؛ ئیناخی خێڵێکە لە هۆزی جاف |
| هۆش | بیر، میمۆری |
| هەراسان | نائاسوودە، نارەحەت |
| هەرەوەزی | هاوبەشیی بەرهەمهێنان، تەعاونی |

- سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتیی، سیستەمێکی میلیشیایی، پارتیی، پارلەمانیی و دەوڵەتیی نییە، پارتیی و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان پایەی پێکهاتەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی نین و نابن.

- گشت بڕیارەکان لە بارەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن، هەناردن و هێنان، گۆڕینەوەی کاڵاکان، یەکگرتن لەتەک ڕێکخراوەکانی دیکە، یان خۆبەڕێوەبەریی گوندان و ناوچەکان و هەرێمەکانی دیکە، داڕشتنی بەرنامە ئابوورییەکان و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامە پەروەردەییەکان و بەرنامە فێرکارییەکانی لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکی گەڕەکەکان و گوند، کرێکاران، خوێندکاران، خزمەتکاران و لەلایەن بەشداربووان دەدرێن، بۆ ئەنجامدانی ئەوان کەسانێک، کە ئامادەن خۆبەخشانە بۆ کۆمەڵ یان ڕێکخراوەکە کاربکەن، وەک ڕاسپێردراو بۆ ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک دەستنیشاندەکرێن.

- ئەرکی ڕاسپێردراوان بڕیاردان نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەرکێکە کە لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک یان کرێکاران و خوێندکاران و مامۆستایان و  خزمەتکاران دەستنیشانکراوە، واتا ڕاسپێردراوان "ئەبدولمەئموورن"، نەک نوێنەر و جێگیر  و لۆبی و بڕیاردەر  و سەروەر.

- سەرپەرشتیکردن و چالاکیکردنی خۆبەخشانە وەک ڕاسپێردراوی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک، هیچ بەرتەرییەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نییە و مووچە یان بەشی ڕاسپێردراو، وەک مووچەی یان بەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە خەزینە و داهات و سامانی کۆمەڵ دەدرێت و لە ئەوە زیاتر نابێت ببێت.

- ماوەی ڕاسپێردراوبوون ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەیە، ئەوە خەڵك یان کرێکاران و ..تد ئەو جێگەیەن، کە ماوەکە دەستنیشاندەکەن؛ شەش مانگ یان ساڵێک یان چەند ساڵێک. هەر کات ڕاسپێردراوێک یان چەند ڕاسپێردراوێک ئەرکی سەر شانی خۆیان، کە خۆبەخشانە لەنێو کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک پەسەندیانکردووە و لە ئەستۆیانگرتووە، بە درووستیی و پاکیی، بە ئەو جۆرە کە دەنگدەران یان هەڵبژێران خواستوویانە و دەستنیشانیانکردووە، ئەنجامنەدەن، کۆبوونەوەی گشتیی نائاسایی (کتوپڕ) بەرپابکرێت و ڕاسپێردراو یان چەند ڕاسپێردراوێکی دیکە، لە جێگەی ڕاسپێردراوی پێشین یان ڕاسپێردراوانی پێشین دادەنرێنەوە.

- ڕاسپێردراو دەسەڵاتدار نییە و مافی هیچ فەرماندانێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی نییە.

- داهاتی کۆمەڵ وەک هەموو بوارەکانی دیکە لەلایەن ئەنجوومەنێک یان کۆمیتەیەکی هەڵبژێردراو سەرپەرشتیدەکرێت و هیچ کەس بە تەنیا مافی بڕیاردان و بەکاربردن و تەخشان و بەخشانکردنی نییە.

- زەمین و ئاو و کانەکان و سامان و سەرچاوە سرووشتییەکان دارایی کۆمەڵایەتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەبن و هیچ کەس مافی دارایيکردنی تایبەتیی ئەو شتانەی نابێت و هەموو کەسێک لەنێو کۆمەڵ مافی هاوبەشی لەسەر ئەو شتانە هەیە و دەبێت بۆ خزمەتی هەموو خەڵکی و هاوبەشانە بن و دارایی کۆمەڵایەتیی بن.

- سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتیی مافی یەکسان بۆ هەموو ئەندامان و بەشەکانی کۆمەڵ چ ڕەگەزی (ژن و پیا)، چ کولتووریی (خوێندنی زمانی دایک) دابیندەکات و هیچ کەس بە هیچ بیانوو و پاساوێک مافی بەرتەری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی نییە و مرۆڤایەتیی و پابەندیی و پاراستنی بنەماکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵایەتیی، تاقە مەرج و بنەمای بەهرەمەندبوون لە مافە سرووشتیی و گەردوونیی و مرۆییەکان دەبن.